# کوردستان

## دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی خەرمانانی ١٣٨٣ — ٥ی سێپتامبری ٢٠٠٤ — ژمارە ٣٩٦ — ١٥٠ تمەن

## هەڵبژێرانی سیاسەتمەدارێکی کورد بە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراق

ڕۆژی چوارشەمە ١ی سێپتامبر ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراق لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، دوکتور فوئاد مەعسوومی بە سەرۆکی خۆی هەڵبژارد. دوکتور فوئاد مەعسووم کوردەو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە.

دوکتور فوئاد مەعسووم بەدوای هەڵبژێرانی بەسەرۆکی ئەم ئەنجومەنە ڕایگەیاند: "بەڵێنتان پێدەدەم کە لەگەڵ هەرکام لە ئێوە (ئەندامانی ئەنجومەن) هاوکاری بکەمو ئەم مەجلیسە شوێنی دەربڕینی بیروڕای خەڵکی عێراق بێ."

ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتیی عێراق لە ٦٤ عەرەب، ٢٤ کورد، ٦ تورکمانو ٥ مەسیحی پێك هاتوە. چواریەکی نوێنەرانی ئەو مەجلیسە ژنن. شیعەکان ٤٥ کورسی واتە نەفەرێك زیاتر لە سوننییەکانیان لەم مەجلیسەدا هەیە.

بەدمەستی بەشوێن فڕکردنی تاڵاوی شکست دا ٢

ئێران یەك لەدوای یەك کارتەکانی خۆی لە عێراق دا دەدەوڕێنێ ٣

بوارەکانی فیدرالیزم لە ئێران دا ٤

هەواڵەکان ٥

لە ٢٥ ساڵەی گیرانەوەی شاری مەهابادا ٨

پەیام بۆ کۆنگرەی ١٣ ٩

## دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکرات لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان



سەعاتی ١٠ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٣٨٣/٦/١٤، لەسەر بانگهێشتنی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بریتی لە هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێیانی بەڕێز، کاك حەسەن ڕەستگار، کاك حەسەن شەرەفی، کاك عەلی مێهرپەروەر، کاك مستەفا مەولوودیو کاك محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کاك تەیموور مستەفاییو کاك ڕۆستەم جەهانگیریو کاك محەمەدساڵح قادری، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو کاك محەممەد حەسەنپوور، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی، بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتنە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانی لە قەڵاچوالان، کە لەلایەن بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیو بەڕێزان دوکتور کەماڵ فواد، دوکتور ئەرسەلان بایز، کاك مەلا بەختیار، کاك عیماد ئەحمەد، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کاك ئازاد جوندیانی بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندنو کاك ساعید، بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. سەرەتا کاك مستەفا هیجری وێڕای سوپاس بۆ بانگهێشتنەکەی بەڕێز مام جەلالو پێشوازییە گەرمەکەیان، لەو دیدارەدا باسێکی وردی لەسەر پێکهاتنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەمانو ئاڵوگۆڕەکانی، هەروەها وەزعییەتی گشتیی کوردستانو ئێرانو مەسایلی پەیوەندیدار بە کێشەی کوردو گەلانی ئێران کردو تیشکی خستە سەر پێوەندی دۆستانەی نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی دێموکراتو پێویستیی پتەوترکردنی ئەو پەیوەندییە دۆستانەو مێژووییە. لە وەڵامدا بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لەو دیدارە، باسێکی هەمەلایەنەی لەسەر وەزعییەتی عێراق بە گشتیو کوردستانی عێراق بەتایبەتیو دەسکەوتەکانی گەلانی عێراقو گەلی کورد بە تایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کرد. بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەدا تیشکی خستە سەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئەو فاکتۆرانە کە لەو گۆڕانکارییانەدا خۆ دەنوێننو لە دوای ئەو بەشە لە باسەکان، وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو دوایین بەشی باسەکانی ئەم دانیشتنە تایبەت بوو بە چۆنیەتیی بەهێزکردنی پێوەندیی برایانەی نێوان ئەو دوو حیزبە.

ئەو دانیشتنەدا لە کەشوهەوایەکی برایانەدا، سەعات ٥ی دوانیوەڕۆ کۆتایی هاتو هەیئەتی میوان لە لایەن بەڕێز مام جەلالو باقیی ئەندامانی سەرکردایەتیی

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە مەکتەبی سەرۆکایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان



لەسەر بانگهێشتنی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان، سەعاتی ١٢/٥ی ڕۆژی ٨٣/٦/١٥، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیو هاوڕێیانی بەڕێز حەسەن ڕەستگار، حەسەن شەرەفی، عەلی مێهرپەروەر، مستەفا مەولوودیو محەممەدنەزیف قادری، ئەندامانی دەفتەری سیاسیو ئیسماعیل بازیار، سەیدبرایم هاشمی، عومەر باڵەکیو کەماڵ کەریمی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، سەردانی مەکتەبی سەرۆکایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لە لایەن بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستانو کاك فازڵ میرانیو کاك زەعیم عەلی، ئەندامانی دفتەری سیاسی پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا سەرەتا کاك مستەفا هیجری سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٣و بڕیارەکانیو هەروەها وەزعی سیاسیی ئێرانو کوردستان قسەی کردو جەختی لەسەر بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانەی پارتی دێموکراتو حیزبی دێموکرات کردەوەو هیوای خواست گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستاندا بە ئامانجو ئاواتەکانی خۆی بگاو هەروەها ڕایگەیاند کە ئەو دەسکەوتانەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لەو ماوەیەدا بە دەستی هێناوە، دەسکەوتی گەلی کورد بە گشتییەو پێویستە هەموو لایەك بۆ سەقامگیریی زیاتری دەسکەوتەکانی کوردستانی عێراق هەوڵی جیدی بدەین.

بەڕێز کاك مەسعوود بارزانییش پاش پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٣، ئاواتی جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ١٣ی خواستو ڕایگەیاند بۆ پتەوترکردنی پێوەندیی دۆستانەی حیزبی دێموکراتو پارتی تێدەکۆشێ. هەروەها لەسەر وەزعییەتی سیاسیی عێراقو کوردستان باسێکی وردی پێشکەش کردو وەڵامی پرسیاری هاوڕێیانی لەو

## کۆتایی هاتنی خوێناویی بە بارمتە گرتنی منداڵان لە ڕووسیە



بە بارمتە گرتنی ٢٤٠ منداڵ و دایك و باب و مامۆستاکانیان لە شاری "بێسلان"ی کۆماری خودموختاری ئوستیای شیمالی کە لە ڕۆژی سێ شەمە ٣١ی ئووتەوە خەڵکە نوقمی ترس و نیگەرانی کردبوو، سەرئەنجام بە تێراژیدییەکی خوێناوی کۆتایی پێ هات.

هێزەکانی ڕووسیە سەرئەنجام ڕۆژی هەینی ٣ی سێپتامبر هێرشیان بردە سەر قوتابخانەیەك کە سەدان کەس لەوێ دا بە بارمتە گیرابوون. بە گوتەی سەرکۆماری ئەو کۆمارە خودموختارە، بارمتەگرەکان لە جیاییخوازە چێچێنییەکان بوون و سەربە خۆیی تەواوی چێچێنیان وەك مەرجی ئازاد کردنی بارمتەکان ڕاگەیاندبوو. ئەوان ڕۆژی پێنج شەمە ٢ی سێپتامبر ٣٢ کەس لە بارمتەکانیان کە زۆربەیان پیرە ژن و منداڵی ساوا بوون ئازاد کردبوو.

کاربە دەستیکی ئەمنییەتیی ڕووسیە کە فەرماندیی هێرش بو سەر بارمتەگرەکانی لە ئەستۆ بووە، ڕای گەیاند زۆربەی بارمتە گرەکان لەو تێکهەلچوونەدا کوژراون.

بە گوێرەی دوا هەواڵەکان لانی کەم ٣٢٠ کەس لەو تێکهەڵچوونانە دا کوژراون و ٧٠٠ کەسیش بریندارن.

پوتین سەرکۆماری ڕووسیە بە دوای ڕووداوە خوێناوییەکە دا ڕای گەیاند : کاربەدەستانی دەوڵەتی نەیان دەویست بۆ ڕزگار کردنی گیانی بارمتەکان پەنا ببەنە بەر هێرش. بەڵام تەقەی بارمتەگرەکان لە کەسانێك کە خەریکی ڕاکردن بوون، بوو بە هۆی تەقەی هێزە ئەمنییەتییەکان.

ئەم بارمتەگرتنە و کۆتاییە خوێناوییەکەی، بێزاری و تووڕەیی جیهانییەکان لە بارمتەگرتن و تێروریزم و، مەینەت و پەژارەی قوولی ئەوان بە هۆی ئەم کارەساتە خوێناوییەی بە دواوە بوو.

## جیا بوونەوە لە حیزبی کومونیستی کرێکاریی ئێران دا

لە بەیاننامەیەك دا کە ٢٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و بەرپرسانی حیزبی کومونیستی کرێکاری ئیمزایان کردوەو تاریخی ٢٤ی ئووتی ٢٠٠٤ی لە سەرە، پاش ئاماژە بە ناکۆکی لە نێو ڕێبەرانی ئەو حیزبە لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کە لەم دوو مانگەی دوایی دا ڕێبەریی حیزبەکەی پەك خستبوو، باسی ئەو هەوڵە بێئاکامانە کراوە کە بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییانە دراون. بانگ کردنی پلینومی کومیتەی ناوەندی لە سەر ڕەزامەندیی دەفتەری سیاسی و لیدێری حیزب بۆ کۆتایی سیپتامبر کە سەرەنجام حەمیدی تەقوایی لە سمینارێکی ئینترنیتی دا ئەم پلینۆمەی بە ڕەسمی نەناسیوە، یەکیك لەو هەواڵانە بووە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتوە: "پێویست نەبوو ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حیزبی کومونیستی کرێکاری بگاتە ئێرە.. بەڵام بە داخەوە هاوڕێ تەقوایی و هاوبۆچوونەکانی بەو هۆیەوە کە لە کومیتەی ناوەندیدا لە کەمایەتی دان ڕێگای هەڵوەشانەوەی حیزب و پێشێل کردنی ڕێو شوین و بنەما و دامەزراوەکانی حیزبیان گرتەبەر... ئەم ڕەفتارە ئێمەی ناچار بە هەڵبژاردنێك کرد"

ئیمزاکەرانی بەیاننامە "جوێکردنەوەی ڕێگای خۆیان لە حیزبی کومونیستی کرێکاری وەدەرکەوتن لەو حیزبە و دەست هەڵگرتن لە هەر ئیددیعایەك لە بارەی ناو و ئەموالی ئەو حیزبەوە و درێژەدان بە ڕەوتی کومونیستی کرێکاری لە حیزبێکی دیکەدا کە درێژەی ڕێگاو نەریتی مەنسووری حیکمەت بێ" یان وەك ڕێگای خۆیان هەلبژاردوە و ڕایان گەیاندوە لەمەو دوا لە ژێر ناوی حیزبی کومونیستی کرێکاریی ئێران - حیکمەتیست دا درێژە بە تێکوشان

## مەترسیی دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی:

**کالین پاوڵ (وەزیری دەرەوەی ئەمریکا):** ئێمە نامانەوێ ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. [ڕێژیمی] ئێران دەڵێ بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ نادا، بەڵام بەڵگەو نیشانەکان پێچەوانەی ئەمە نیشان دەدەن. ئەمریکا بۆ پێشگیری لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی، ڕوسیە، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو دۆستانی واشنگتۆن لە یەکیەتیی ئورووپایدا خستۆتە ژێر فشار. (ایسنا)

**ژاك شیراك (سەرکۆماری فەرانسە):** ئێران دەبێ بزانێ کە ناچارە متمانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ڕابکێشێ، بەتایبەتی لەبارەی چڕکردنەوەی ئورانیۆم. ئێران بەرنامەی ئاشتیخوازانەی ئەتۆمیی کردوە بە چارشێوێك بۆ ئەوەی پرۆژەی چەکە ئەتۆمییەکانی خۆی لەژێریدا بشارێتەوە. (تکتاز)

## دیالۆگ لەگەڵ ئێران ئاکامێکی گاڵتەجاڕانەی هەبوو!

پییەر پیتگرۆ وەزیری دەرەوەی کانادا گوتی کە وڵاتەکەی ئیمکانی بەکارهێنانی تەحریم دژی ئێران سەبارەت بە ڕووداوی مەرگی زارا کازمی ڕەت ناکاتەوە. ناوبراو کە لە حاڵی سەردانی بنکەی ناوەندیی یەکیەتیی ئورووپا لە برۆکسێل دا بوو گوتی: وەزعی مافی مرۆڤ لە ئێران دا هیچ بەرەو باشی نەچووە. گوتیشی کانادا وڵاتانی دۆستو هاوپەیمانی خۆی هان دەدا تا بەکۆمەڵ [ڕێژیمی] ئێران بخەنە ژێر فشار. ئەو وەزیرە دەزگای قەزایی ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە ڕاستیی ڕووداوی مەرگی زارا کازمی دەشارێتەوە. لەو بارەوە گوتی: "ئێمە هەوڵمان دا لەم بوارەدا لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دیالۆگمان هەبێ، بەڵام ئاکامێکی گاڵتەجاڕانەی هەبوو." ماڵپەڕی B.B.C

## تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە کوردستانی تورکیە

لە تێکهەڵچوونی نێوان هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی تورکیەو خەباتگێڕانی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا، ١١ خەباتگێڕی کوردو دوو سەربازی تورك کوژران. سەرچاوە ئەمنییەتییەکانی تورکیە ڕایان گەیاند ئەم تێکهەڵچوونە ڕۆژی ١٠ی خەرمانان لەئوستانی هەکاری، نزیك سنووری ئێران ڕووی داوە. هێزەکانی تورکیە لەڕۆژێك پێشترەوە، ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاویان لەدژی دەستەیەك لەخەباتگێڕانی کورد دەست پێکردبوو. ماڵپەڕی یارسان

## تێکۆشەرێکی سیاسی لە کوردستان،بە ئێعدام مەحکووم کرا

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەك دا ڕایگەیاند کە یەکێك لە لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوەیە بە ناوی سمایلی محەممەدی خەڵکی بۆکان ٣٨ ساڵە، کە ژنێكو پێنج منداڵی هەیە، بەتاوانی لایەنگری لە کۆمەڵە بە ئێعدام مەحکووم کراوەو حوکمی ئێعدامەکەی لەلایەن "دیوانی بەرزی وڵات"ەوە تەئیید کراوە. ئاغای عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ناوبراو لە وتووێژێك لەگەڵ "ڕادیو فەردا"دا گوتی من داوا لە هەموو لایەك دەکەم بێدەنگی لەبارەی سەرکوتو ئێعدامە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بشکێننو بۆ وەستاندنی ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان تێبکۆشن.

ماڵپەڕی "اخبار روز"

# بەدمەستی بەشوێن فڕكردنی تاڵاوی شكستدا!

قادر وریا

لـه ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧دا، هەواڵدەرییەكان هەواڵی قبووڵكردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانیان لە لایەن سەركۆماری ئەوكات و ڕێبەری ئێستای ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، خامەنەیی‌یەوە ڕاگەیاند. دوو ڕۆژ دواتر، خومەینی وەقسە هات و، بەم وشانە دانی بە قبووڵكردنی شكست و ڕاگرتنی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا نا:

" . . . بەڵام لە بارەی قبووڵكردنی بڕیارنامەوە كە بۆ هەمووان و تایبەتی بۆ من مەسەلەیەكی زۆر تاڵ و نەخوازراو بوو . . [شتەكە] ئەوەیە كە . . . بە هۆی ئەو ڕووداو و هۆكارانە كە جارێ لە ناوبردنیان خۆدەبوێرم . . . لەگەڵ قبووڵكردنی بڕیارنامەی ئاگربەس ڕەزامەندیم دەربڕی . . . هەی بەد بە حاڵی من كە هێشتا زیندووم و جامی ژاراویی قبووڵكردنی بڕیارنامەم فڕكرد."[1]

## مەترسیی تازە لە سەر ڕێی كۆماری ئیسلامی

خومەینی و ڕێبەرانی دیكەی كۆماری ئیسلامی، ٨ ساڵ بوو تەندووری شەڕ لەگەڵ عێراقیان گەرم ڕاگرتبوو و هەموو هەوڵ و دەرفەتێكیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ، ڕەت كردبۆوە. ئەوان، مانەوەی ڕێژیمەكەیان و، دەرباز كردنی لە قەیرانە جۆراوجۆرەكانی سەر ڕێگایان لە درێژەپێدانی شەڕ و گەیشتن بە قودس لە ڕێگای كەربەلاوە دەدی. بەڵام كاتێك دیتیان لە بەرەكانی شەڕدا، شكست بە دوای شكست بە نسیبی هێزەكانیان دەبێ و، هەلومەرجی ناوچەیی و نێونەتەوەییش لە خزمەت سیاسەتی شەڕخوازانەیاندا نیە و وەزعی نێوخۆیی ئێران بە تەواوی شپرزەیە، ملیان بۆ ڕاگرتنی شەڕ دا. ئەگەر درێژە پێدانی شەڕ، مەترسی‌یەكی جیددی بوو لە سەر مانەوەی ڕێژیم، شەڕ ڕاگرتنیش، كۆماری ئیسلامیی لەگەڵ مەترسی‌یەكی گەورەتر بەرەو ڕوو كردبوو: ئەگەری هەڵگەڕانەوەی سەدان هەزار ئەرتەشی و پاسدار و بەسیجی كە ٨ ساڵ بوو ئایەی شەڕیان لەبن گوێ خوێندرابوو، پێیان گوترابوو هەر چەشنە باس و زەمزەمەی شەڕڕاگرتن و ئاشتی، خەیانەت بە ئیسلامە“ بەڵام ئێستا بێ‌ئەوەی هیچ سەركەوتنێك لەگۆڕێدا بێ، ڕێبەران و دەمڕاستەكانیان لەگەڵ نوێنەرانی حكوومەتی عێراق لە سەر یەك مێز بۆ وتووێژ كۆدەبوونەوە. دیارە ئەمە هەموو مەترسی‌یەكە نەبوو. خەڵكێكیش كە هەشت ساڵ بوو بە بیانووی لەگۆڕێدا بوونی شەڕ لەگەڵ عێراق، لە هەموو ماف و ئازادی‌یەك و، تەنانەت لە دەسڕاگەیشتن بە پێداویستی‌یەكانی ژیانی ڕۆژانەشیان بێ‌بەش بوون و، ڕۆژ نەبوو گیانی ئازیزانیان و ماڵ و سامانیان لە سۆنگەی ئەم شەڕەوە تێدا نەچێ، ئێستا ژیانێكی نوێ و وەدیهاتنی مافە زەوتكراوەكانیان دەویست. ڕێژیم بە هەموو حیسابێك خۆی لەگەڵ مەترسیی تەقینەوەی ناڕەزایەتی‌یەكان دا، بەرەوروو دەدەی. بۆیە لە هەر بیانوویەك دەگەڕا بۆ زەبرو زەنگ نواندن و چاوترساندنی خەڵك بەگشتی و حیزب و ڕێكخراوە سیاسی‌یە بەرهەڵستكارەكان بە تایبەتی.

## بیانوو دەست كەوتن بۆ جێبەجێكردنی نیازێكی چەپەڵ

هێرشی "ئەرتەشی ڕزگاریدەری نەتەوەیی"ی ڕێكخراوی موجاهیدینی گەلی ئێران لە سنووری ڕۆژئاوای كوردستانی ئێرانەوە، لە سەرەتاكانی مانگی گەلاوێژی ٦٧و لە ژێر ناوی "فروغ جاویدان"دا ـ كە لە سەرەتادا پێشڕەوی‌یەكی بەرچاوی بە خۆوە بینی ـ بوو بەو بیانوویە كە ڕێبەرانی كۆماری ئیسلامی بۆ یەكلاكردنەوەی حیسێبی ڕێژیمەكەیان لەگەڵ تێكۆشەرانی بەندكراو، لێی دەگەڕان. ئەوان لەگەڵ ڕێكخستنی دژە هێرشێكی بەربلاو بۆ سەر موجاهیدین و تێك شكاندنی هێرشەكەیان و، هاوكات لەگەڵ ئێعدامی دیلەكانی ئەو شەڕە لەبەر چاوی خەڵك، بەڕێوەبردنی پیلانی كوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەكانیشیان دەست پێ‌كرد. ئەو پیلانە، ئەگەر لە نێوەڕۆك و ئاكام و ئەنجامە خوێناوی‌یەكانی‌دا، گەورەو بەربڵاو و بێ‌وێنە بووو لە ماوەی چەند مانگدا، ئەركی خۆی كە لە نێوبردنی چەند هەزار زیندانیی سیاسی بوو، "بەسەركەوتنەوە" بەجێ گەیاند! لە ڕوانگەی ئیداری، "قانوونی"و "قەزایی"و تێكنیكی جێبەجێكردنەوە، سادەو هاسان و بێ‌دەردەسەر بوو. پیلان بە دوای دیاریكردنی هەیئەتێك پێكهاتوو لە ١ـ نەییێری (قازیی شەرعی دادگا فەرمایشی‌یەكان) ٢ـ ئیشراقی (دادستان) ٣ـ ڕەئیسی (جێگری دادستان)و ٤ـ پوورمحەممەدی (نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات)، بە ڕاگرتنی مولاقاتی زیندانی‌یەكان، دەستی پێ‌كرد. ئەركی "هەیئەت" پاككردنەوەی زیندانی‌یەكانی ئێران لە بەندی‌یە سیاسی‌یە خۆڕاگرو بەچۆك دانەهاتووەكان بوو. خومەینی فەرمانی بەو هەیئەتە دابوو هەر زیندانی‌یەك كە بە ڕێكخراوەكەی و ئامانجەكانی وەفادارەو، لە بەرامبەر ئەشكەنجەو ئازاردا، ئامادە نەبووە پشت لە ئامانجە پیرۆزەكانی بكا، ڕەوانەی ئەو دنیا بكا.

## ئەو پرسیارو وەڵامانانەی زیندانی‌یەكانیان

### بەرەو مردن دەبرد

هەیئەتی مەئمووری قەڵاچۆی زیندانی‌یە سیاسی‌یەكان، لە هەر بەندیخانەیەك لە ماوەیەكی كورتی چەند سەعاتی‌دا، چارەنووسی سەدان زیندانیی سیاسیی بە چەند پرسیاری سادەو بە پێی ئەو وەڵامانەی دەیاندایەوە، ڕوون دەكردەوە. پرسیارەكان (وەك نموونە) ئەمانەبوون: موسوڵمانی یا كومونیست؟ نوێژ دەكەی یان نا؟ بە ڕێكخراوەكەت وەفاداری یان نا؟ ئامادەی لە وتووێژێك‌دا، ڕێكخراوەكەت مەحكووم بكەی؟ حازری بچی‌یە بەرەكانی شەڕ لەگەڵ عێراق‌و بچی‌یە سەر مەیدانی مین؟ ئامادەی هاوكاریمان بكەی؟ زیندانی‌یەكان كە ئاگاشیان لەوە نەبوو ئەو وەڵامانەی دەیاندەنەوە چ كاریگەری‌یەكی لەسەر چارەنووسیان دەبێ، هەر كە وەڵامێكی نەخوازراویان بە هەیئەت دەدایەوە، لەوانی دیكە هەڵ دەهاوێردران و بۆ سبەینێ تەرمی بە گوللە دابێژراو یا بە پەت خنكاویان بە كانتینێرەكانی ڕاگوێزتنی گۆشت، ڕەوانەی دەرەوەی شارەكان دەكرا، تا لە شوێنێكی نەدیتوو دوور لە چاوی خەڵك ژێر خاك بكرێن. هەموو موحاكەمەی زیندانی‌یەكان، ئەو چەند پرسیارە بوو كە لە دەفتەری زیندان لێیان دەكرا. بڕیار لە سەر چارەنووسی ئەوانیش لە دەست زۆرایەتیی ئەو چوار ئەندامەی هەیئەت دابوو.

بەمجۆرە لە چەند مانگی هاوین‌و پاییزی ١٣٦٧دا، كە خەرمانان گەرمەی تاوان‌و جینایەتەكە بوو، هەزاران زیندانیی سیاسی، هەزاران ئینسانی شەریف‌و ئازادیخواز كە "تاوان"یان تێكۆشان لە پێناوی ئازادی‌و بەختیاریی هاونیشتمانانیان دابوو، گیانیان لێ‌ئەستێندرا. هەزاران ژن‌و پیاوی دڵ پڕ لە ئەوین بە گەل‌و زەحمەتكێشان، هەزاران ڕۆڵەی خەباتگێڕ، بە میللییەت‌و بیروباوەڕی سیاسی‌و بەستراوەیی ڕێكخراوەیی جیاوازەوە، بە فەرمانی خومەینی‌و هاودەستەكانی ـ كە تا ئەمڕۆش جڵەوی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەیان بە دەستەوەیە ـ مەزلوومانە شەهید كران. لە هەمووی تاڵتر ئەوەیە بەشێك لەو زیندانییانە دوامانگ‌و ڕۆژەكانی مەحكوومییەتی خۆیان تێپەڕ دەكرد، هێندێك لەوانیش بەشێك لە تەمەنی خۆیان لە زیندانەكانی ڕێژیمی شادا بردبووە سەر.

## بۆ لەبیرنەچوونەوەی تاوانێكی سامناك

لەو كاتەوە تا ئێستا زۆر لەو كەسانەی لە نزیكەوە ئاگایان لە ڕەوت‌و ڕەهەندو لایەنە جۆراوجۆرەكانی ئەو كوشتارە بە كۆمەڵە بووە، هەر لە پاشماوەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەكانەوە تا دەگاتە كەسوكاری قوربانی‌یەكان، هەوڵیان داوە بەگێڕانەوەی بیرەوەری‌یەكانیان‌و بڵاوكردنەوەی زانیاری‌یە بەنرخەكانیان، ئەو تاوانە گەورەیەی كۆماری ئیسلامی، هەرچی پتر لەقاوبدەن. لەونێوەدا نابێ كاری پڕبایەخی ئەو ناوەند، كۆمەڵە، ڕێكخراو، گۆڤارو ماڵپەڕە سیاسی، فەرهەنگی‌و مرۆڤدۆستانەش لەبیر بكەین كە كۆكردنەوەی وێنەو بەسەرهات‌و ناوی قوربانی‌یەكان‌و، بیرەوەریی شاهیدان‌و، بەڵگەنامەكانی پێوەندیدار بەو كوشتارە بە كۆمەڵەیان كردوە بە ئەركی خۆیان‌و لەم ڕێگایەوە هەوڵیان داوە بیروڕای گشتی لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات لەم تاوانە سامناكەی كۆماری ئیسلامی لە نێو بەندیخانەكانی‌دا، ئاكادار بكەنەوە.




كۆماری ئیسلامیی لە هاوین‌و پاییزی ١٣٦٧دا، هەزاران زیندانیی سیاسیی خۆڕاگرو بەچۆك‌دانەهاتووی بەم شێوەیە لەنێو برد تا بە خەیاڵی خۆی ئۆپۆزیسیۆن‌و خەڵكی ناڕازیی ئێران چاوترسێن بكاو بیری وەڕێخستنی جموجۆڵی شۆڕشگێرانەو بەرهەڵستی‌و ڕاپەڕین لە دژی ئەو ڕێژیمە لە مێشكی خۆیان دەربكەن. بەڵام ئەو تاوانە گەورەو كەم وێنەیەش نەیتوانی كۆمەڵگەی ئێران بكا بەو گۆمە بێدەنگەی كە خومەینی، خامەنەیی، ڕەفسەنجانی‌و بەڕێوەبەرانی دیكەی ڕێژیم دەیانەویست. بۆیە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی‌دا خەبات‌و بەربەرەكانیی كاریگەر بە دژی كۆماری ئیسلامی هەر لە بازنەی تێكۆشانی ڕێكخراوەكانی ئۆپۆزیسیۆندا نەمایەوەو، چووە نێو قووڵایی كۆمەڵ‌و توێژە جۆراوجۆرەكانی خەڵك. حەرەكەتە ڕۆشنگەرانەو ئازایانەكانی توێژە ڕووناكبیرەكان‌و، ناڕەزایەتی دەربڕین‌و خۆپیشاندانە جەماوەری‌یەكان لە شارە جیاوازەكانی ئێران، ئەویش لە سەردەمێك‌دا كە ئێعدامی تاق تاق‌و پۆل پۆلی خەباتگێڕان‌و تیرۆرو ڕەشەكوژیی ئازادیخوازان لە پەرەگرتن دابوو، نیشانی دا كە جینایەت، سەركوت‌و زەبروزەنگ چارەساز نین. چونكە لە جیاتی ترساندنی خەڵك‌و دەستەمۆكردنی ئەوان بۆ دەسەڵاتدارەتیی ئاخوندەكان، ڕق‌و نەفرەتێكی بێ‌سنوور لەو دەسەڵاتدارەتی‌یە خوێنڕێژو ئازادیكوژەی لە دڵی داكۆكردوونەوەو لە دەرفەتێك دەگەڕێن تا ئەم ڕق‌و نەفرەتە بەگژ دەسەڵاتداراندا بكەنەوە.

## زیندانەكان هەروا جەمیان دێ، بەڵام. . .

ڕووداوەكانی ئەم ساڵانەی دوایی جارێكی دیكە دەریان خست كە نە كۆماری ئیسلامی بێ زیندان‌و ئەشكەنجەو كوشتن دەتوانێ حكوومەت بكا، نە خەڵكی خەباتگێڕی ئێران‌و ئازادیخوازانی وڵاتەكەمان ئامادەن سەبارەت بە سەركوت‌و كوشتارو چوونە زیندان‌و قوربانیدان لە پێناوی ستاندنی هەق‌و ئازادی‌دا، گۆشەی عافییەت هەڵبژێرن‌و تەسلیمی ئەو ڕێژیمە بن. هەر ئێستاش زیندانەكانی كۆماری ئیسلامی لە خوێندكارانی ئاگاو ئازا، لە ڕۆژنامەنووسانی بوێرو ڕاستوێژ، لە وەكیلان‌و حوقووقزانە نەترس‌و هەقپارێزەكان، لە لاوانی داواكاری ئازادی‌و دیموكراسی‌و لە ئەندامان‌و لایەنگرانی ڕێكخراوە خەباتگێڕەكان، جەمیان دێ. هەر ئێستاش بێدادگاكانی ئەو ڕێژیمە لە ژووری دەرگا داخراودا، لە دەركردنی توندترین‌و دژی ئینسانی‌ترین سزاكان بە تایبەتی سزای ئێعدام لە دژی خەباتكارانی گەلی كورد، غافڵ نین. بەڵام هەروا كە یادو ناوی هەزاران شەهیدی هاوین‌و پاییزی ١٣٦٧، هاوبیروباوەڕانی‌ئەوان‌و ئازادیخوازانی ئێرانی لە سەر خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، شێلگیرتر كرد، ئەمڕۆش هەر تاوان‌و جینایەت‌و ڕەفتارێكی وەحشیانەی دەسەڵاتداران لە زیندان‌و دەرەوەی زینداندا بە دژی ئازادیخوازان‌و خەباتكارانی كۆڵنەدەر، گیانی بەربەرەكانی لەگەڵ ستەم‌و دیكتاتوری لە نێوخەڵك‌دا بەهێز دەكا.

ئەمڕۆ "خاوەران"و ئەو گۆڕستانانەی بەڕێوەبران‌و كابەدەستانی كۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ژێرخاك كرانی ئازادیخوازان لەواندا ناوی "لەعنەت‌ئاباد"یان لەسەر داناون، بوون بە زیارەتگەی كۆمەڵانی میلیونیی خەڵكی ئێران. ئەمڕۆ، كوشتاری بەكۆمەڵی هەزاران تێكۆشەری بەندكراو، بووە بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگری تاوانی ئەم ڕێژیمە لە دژی مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ، خەڵكی ئێران جگە لە ڕووخان‌و لەنێوچوون هیچ چارەنووسێكی دیكە بە ڕێژیمێكەوە ڕەوا نابینین كە بەم چەشنە ئازیزان‌و جگەرگۆشەكانی قەڵاچۆكردوون.




(١) گۆڤاری "آرش" چاپی پاریس، ژماره ٥٧، گەلاوێژ، خەرمانانی ١٣٧٥

❊❊❊

بڕووخێ ڕێژیمی كۆنەپەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

# ئێران، یەك لەدوای یەك كارتەكانی خۆی لە عێراقدا دەدۆڕێنێ

عیرفان ڕەهنموون



شاری نەجەف لە كاتی شەڕدا

كۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرەتای پاوانكردنی جڵەوی دەسەڵاتەوە، بە سەرمەشق وەرگرتن لە بنەما ئیدئۆلۆژیكە كۆنەپەرستانەكانی، هیچ ڕێزێكی بۆ یاساو ڕێسا جیهانپەسەندو نێونەتەوەیی‌یەكان دانناوەو، سیاسەتی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا، لەسەر بنەمای دەستێوەردان لە كاروباری نێوخۆیی وڵاتان بەگشتی‌و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ دامەزراوە.

یەكێك لەو وڵاتانەی كە هەر لە سەرەتای هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بۆتە گۆڕەپانی ڕمبازێن‌و سیاسەتە نائوسوولی‌و گێرەشێوێنەكانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە، وڵاتی عێراقە. ئەگەرچی یەكێك لە هۆكارەكانی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران ـ عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداریّتی حكوومەتی ئیدئۆلۆژیك ـ توتالیتاریستی بەعس بە ڕێبەرایەتیی سەددام حوسێن، بەڵام هۆی سەرەكیی ئەو شەڕە كاولكەرو بێ‌ئەنجامەش، دەبێ لە بنەما فیكری‌و ئیدئۆلۆژیكەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا ببینرێتەوە كە بەپێی ئەو ئیدئۆلۆژی‌یە، یەكێك لە ئەركە هەرە گرینگەكانی حكوومەتی ئیسلامی، ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی‌یە بۆ دەرەوەی سنووره جوغرافیایی‌یەكانی ئێران. هەر بۆیە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیەوە، دەستی كرد بە دامەزراندن‌و پەروەردەكردن‌و ڕێكخستنی چەندین ڕەوتی توندڕەوی ئیسلامی لە هەموو ناوچەكانی عێراقدا، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ نفووزی سیاسی‌و نیزامیی خۆی لەو وڵاتەدا بەرین بكاتەوەو لە ئاكامدا ڕێژیمێكی هاوچەشنی خۆی لەو وڵاتەدا دامەزرێنێ. بەڵام بە خۆشی‌یەوە بەهۆی وشیاریی كۆمەڵانی خەڵكی عێراق‌و هێزە دێموكرات‌و پێشكەوتوەكانی ئەو وڵاتە، سیاسەتە چەپەڵەكانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە یەك لەدوای یەك پووچەڵ بوونەتەوەو خەونی ئاخوندە هەلپەرستەكانی تاران لەو پێوەندی‌یەدا تا ئێستا نەهاتۆتە دی، هەرچەند بە پێی ماهییەتی ئەو ڕێژیمە، هەوڵەكانی لەو بوارەدا هەر درێژەیان دەبێت.

ڕوودانی كارەساتی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو ڕاگەیاندنی جەنگی دژە تیرۆر لەلایەن سەرەك كۆماری ئەمریكاوە، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی زیاتر لە جاران بەرەو گرژی‌و ئاڵۆزی بردو هاوكێشە سیاسی‌یەكان وەرچەرخانێكی مەزنیان بە خۆوە دی‌و، یەكێ لە وڵاتانی تەوەرەی شەڕو ئاژاوەگێڕی كەوتە بەر هێرشی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی‌و لە ئاكامدا، گەلانی وەزاڵەهاتووی عێراق مۆتەكەیەكی ترسناك‌و توقێنەریان لەسەر هەڵگیراو هێزە نیشتمانی‌و دێموكراتیكەكانی عێراق، دەستیان كرد بە بونیاتنانی عێراقێكی نوێی دێموكراتیكی فیدراڵی. بەڵام كۆماری ئیسلامیی ئێران كە خۆیشی لەلایەن ئەمریكاوە كەوتبوە نێو تەوەرەی شەڕو ئاژاوەگێڕی‌یەوەو بە درێژایی ٢٥ ساڵ دەستێوەردان لە كاروباری عێراق ئاكامێكی دڵخوازی سیاسی بەدەست نەهێنابوو، ئێستا دەبینێ گەلانی عێراق لە دراوسێیەتی ئەودا بە ئیرادەیەكی پتەوەوە بەرەو بونیاتنانی وڵاتێك هەنگاو دەنێن ـ ئەگەر ڕووداوێكی چاوەڕواننەكراو نەیەتە پێش ـ ئەو وڵاتە دەبێتە سەرمەشقێ بۆ گەلانی ستەملێكراوی ناوچەكەو ئەوان هان دەدا كە بۆ دامەزراندنی سیستمێكی نوێی دێموكراتیك لە وڵاتەكانیاندا، تێكۆشانی خۆیان چڕبكەنەوە.

بەو هۆیەوە كۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای ئاشكرابوونی بڕیاری وڵاتە یەكگرتووەكان‌و هاوپەیمانەكانی بۆ هەرەسهێنان بە ڕێژیمی عێراق، دەستی دایە بەڕێوەبردنی سیاسەتە دەستێوەردانەكانی لە عێراقدا كە لە سەرەتادا بریتی‌بوو لە: ژەهرڕێژیی تەبلیغاتی‌و پڕوپاگەندەی ناڕاست‌و چەواشەو گەورەكردنەوەی قەیرانەكانی عێراق‌و چاندنی تۆوی دووبەرەكی‌و چەند بەرەكی لەنێوان پێكهاتە جۆراوجۆره نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەكانی عێراق لە ڕێگای كاناڵە ڕاگەیاندنە چەواشەكارەكانی‌یەوە. ئامانجی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەڕێوەبردنی سیاسەتێكی لەو بابەتە، ئەوە بوو كە لە كەشوهەوایەكی پڕ لە دڕدۆنگی‌و متمانەبەیەكنەكردن لەنێو گەلانی عێراقدا پێك بێنێ، تا هێزو لایەنە سیاسی‌یە ڕیشەدارەكانی عێراق نەتوانن لە دەوری یەكدی كۆببنەوەو ڕێگاچارەیەكی سیاسی‌و ئاشتیخوازانە بە هاوكاریی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ چارەسەركردنی كێشە بنەڕەتی‌یەكانی ئەو وڵاتە ببیننەوە. بەڵام وشیاری‌و هەست بە بەرپرسایەتی‌كردنی هێزو لایەنە دێموكراتیكەكانی عێراق، ئەو سیاسەتە چەپەڵەی كۆماری ئیسلامیی ئێرانی تاڕادەیەكی باش بە نەزۆكی هێشتەوەو بە دامەزرانی ئەنجومەنی حوكم‌و دواتر پێكهاتنی حكوومەتی كاتیی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، سیاسەتی دووبەرەكی‌نانەوەی كۆماری ئیسلامی یەك لەدوای یەك بوونە بڵقی سەر ئاو،و بەو چەشنە كۆماری ئیسلامی لە فازی یەكەمی سیاسەتەكانی لە پێوەندی لەگەڵ عێراقدا شكستێكی ئاشكراو بێ‌ئەملاوئەولای هێنا.

دوای نائومێدبوون‌و هیوابڕاویی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە فازی یەكەمی سیاسەتەكانی‌دا، ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە كەوتە بەڕێوەبردنی فازی دووهەمی دەستێوەردان لە كاروباری عێراق، كە بریتی‌بوو لە بەڕێكردن‌و ڕێكخستن‌و یارمەتیدانی ماددی‌و مەعنەوی بە ڕێكخراوە تیرۆریستەكان تا بە تەقاندنەوەی لوولە نەوتی‌یەكان‌و بە بارمتەگرتنی كرێكاران‌و كارفەرمایان‌و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی كە ڕۆڵی بەرچاویان لە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری‌و سەقامگیركردنی ئاسایش‌و هێمنی لەو وڵاتەدا هەیە، لەلایەكەوە وڵاتی عێراق بەرەو هەژاری‌و بێكاری بەرێ‌و نەهێڵێ كە ئابووریی ئەو وڵاتە گەشە بكاو، لەلایەكی دیكەوە هاوپەیمانان ناچار بكەن كە هێزە سەربازی‌یەكانیان لە عێراقدا بكێشنەوە تا كۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوكاریی گرووپە تیرۆریستی‌یەكان بتوانێ لەو وڵاتەدا ڕێژیمی هاوچەشنی خۆی دامەزرێنێ‌و لە سنوورەكانی ڕۆژئاواو باشووری ئێراندا پشتێنەیەكی ئەمنییەتی بۆ ڕێژیمە سەرەڕۆكەی پێك بێنێ‌و ئەو دەلاقەیەش ببەستێ كە لەوێوە شنەبای دێموكراسی‌و حكوومەتی یاسا بەرەو قووڵایی‌یەكانی ئێران هەڵ دەكات.

هەر لەو پێوەندی‌یەدا، كۆماری ئیسلامی بە ئاشكراو لە هەندێ ناوچەی كوردستانی ئێراندا، پاشماوەی تاقمی سەرلێشێواوی "ئەنسارولئیسلام"ی لەنێو چەند كەمپێكدا پەنا داوەو دەگوترێ كە "موسعەب ئەلزەرقاوی"یش ماوەیەك لە نێو ئەو كەمپانەدا ماوەتەوەو بەیارمەتی دەزگا ئەمنییەتی‌یەكانی ئێران بۆ سەرپەرشتیكردنی كاری تیرۆریستی‌و تێكدەرانە ڕەوانەی عێراق كراوە. شایانی باسە لەو كەمپانەدا تیرۆریستەكان ڕاهێنانی پێویست بۆ كردەوەی تیرۆریستی دەبینن‌و بەشێوەی تاكەكەسی‌و گرووپی ڕەوانەی عێراق دەكرێن.

زێدەباری هەموو ئەمانەش، ڕێژیمی ئێران، هەر لە سەرەتای هەرەسهێنانی ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە، بە كەڵكوەرگرتنی ئامرازی‌و ناڕەوا لە هەستی مەزهەبیی هاونیشتمانانی شیعەی عێراق، كەوتۆتە دنەدان‌و شێواندنی ڕاستی‌یەكان لە نێو كۆمەڵانی شیعەی عێراقدا. ڕێژیمی ئێران لەو پێوەندی‌یەدا پڕوپاگەندەكانی لەسەر ئەوە چڕ كردۆتەوە كە گوایە ئەمریكاو هێزە سیكۆلارو دێموكراتیكەكانی عێراق بەناوی دێموكراسی‌و فیدرالیزمەوە، سیاسەتێك پەیڕەو دەكەن كە شیعەكان لە داهاتووی عێراقدا ڕۆڵێكی ئەوتۆیان نەدرێتێ‌و میكانیزمێك بەكار دێنن كە لە سیستمی دەسەڵاتداریّتی عێراقدا شیعەكان پەراوێز دەكرێن. بەڵام هێزە سەرەكی‌یەكانی شیعەی عێراق واتە "بزووتنەوەی ئەمەلی ئیسلامیی عێراق"و "مەجلیسی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق" لە كردەوەدا دەستی ڕەتیان بە سنگی ئاخوندە هەلپەرست‌و دەسەڵاتدارەكانی ئێرانەوە ناوەو چ لە ئەنجومەنی حوكم‌داو چ لە حكوومەتی كاتیی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو هەروەها لە كۆنگرەی نیشتمانیی عێراقدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووەو هەیەو لە كردەوەدا بۆ سەقامگیركردنی ئاشتی‌و تەناهی‌و دامەزرانی حكوومەتی یاسا لە عێراقدا هاوكاریی هێزە نیشتمانی‌و دێموكراتیكەكانی عێراق‌و هاوپەیمانانیان كردوە. هەر بەو هۆیە، كۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پێوەندی‌یەشدا شكستێكی ئاشكرای هێناوە.

كاتێ كۆماری ئیسلامیی ئێران لە حیزبە سەرەكی‌یەكانی شیعەی عێراق تا ئەندازەیەك نائومێد بوو، پەنای بردە بەر ئاخوندێكی بێ‌ناوو نیشان، لاوو توندڕەوی وەك "موقتەدا سەدر" تا بە كەڵكوەرگرتن لەو مرۆڤە توندڕەوە بتوانێ كۆمەڵانی شیعەی عێراق بەگژ حكوومەتی یاسادا بكاتەوەو لە ئاكامدا ئەو وڵاتە نائەمن بكاو پێش بە سەقامیگیریی سیاسی لەو وڵاتەدا بگرێ. پێویستە بگوترێ كە "موقتەدا سەدر" تا ئێستا چەند جارێك سەفەری ئێرانی كردوەو لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی ئێرانی‌دا كۆبۆتەوە، بەتایبەت لەگەڵ "ئایەتوڵڵا كازم حائێری" ـ ڕابیتی عەلیی خامنەیی‌و سوپای "ئەلمەهدی"ی "موقتەدا سەدر" ـداو بۆ شێواندنی بارودۆخی عێراق‌و كاری تێكدەرانە ڕێنوێنی تەواوی لە كاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێران وەرگرتوە.

موقتەدا سەدر، بە پێی ڕێنوێنی‌یەكانی ئاخوندەكانی ئێران ـ بۆ ماوەی سێ هەفتە ـ یاخیبوونێكی چەكداری لە نێو مەزارو دەوروبەری مەزاری ئیمام عەلی لە شاری "نەجەف" وەڕێخست، تا لەو ڕێگایەوە وڵاتی عێراق بەرەو شەڕێكی خوێنینی مەزهەبیی بەرین ببات‌و لەو ڕێگایەوە شكست بە پرۆژەی دێموكراتیزاسیۆن لە عێراقی نوێ‌دا بێنێ. بەڵام شێلگیری "ئەیاد عەلاوی" سەرەك وەزیری عێراق‌و هاوكاریی چروپڕی پۆلیسی عێراق‌و هێزی هاوپەیمانان، ڕێگای نەدا كە ئەم یاخیبوونە چەكداری‌یە ناوچەكانی دیكەی شیعەنشین ـ جگە لە كووفەو چەند كۆڵانێكی گەڕەكی "سەدر"ی بەغدای پایتەخت ـ بگرێتەوەو بە دەستپێشخەریی ئایەتوڵڵا سیستانی، كۆتایی بە قەیرانی مەزاری ئیمام عەلی هات‌و بە پێی گەڵاڵەی ئەو كەسایەتی‌یە ئایینی‌یە، چەكدارەكانی سوپای "ئەلمەهدی" مەزای ئیمام عەلی‌و گەڕەكەكانی دەوروبەری مەزاریان بەجێ هێشت. چەند سەرچاوەیەكی ئاگادار لە زمانی هێزەكانی هاوپەیمانان‌و پۆلیسی عێراقەوە ڕایانگەیاند كە لەو ڕووبەڕووبوونەوە سێ هەفتەیی‌یەدا، دەست بەسەر چەندین جۆر چەك‌و تەقەمەنی‌دا گیراوە كە ماركی ئێرانیان پێوە بووە.

هەر لە درێژەی ئەو شەڕو پێكدادانانەدا، كاربەدەستان‌و كاناڵەكانی ڕاگەیاندنی كۆماری ئیسلامی بە ئاشكرا باسیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی "كوفرو ئیسلام"و "جەنگی دووهەمی سەلیبی" لە عێراقدا دەكرد. هەروەها، هاشمیی ڕەفسەنجانی ـ سەرۆكی كۆڕی دیاریكردنی بەرژەوەندی‌یەكانی نیزام ـ لە وتاری نوێژی هەینی لە ڕێكەوتی ٧ی خەرماناندا، بە ئاشكرا پشتیوانی لە یاخیبوونە چەكداری‌یەكانی شاری نەجەف كردو بە "بەرخۆدانی جەماوەری" ناوی هێنا. هەر لەو پێوەندی‌یەدا "حسین شەریعەتمەداری" ـ ڕاوێژكارو نوێنەری وەلیی فەقیه لە ڕۆژنامەی كەیهان ـ لە یەكێ لە ژمارەكانی ئەم دواییانەی ڕۆژنامەی "كەیهان"دا نووسیبووی "ئەمریكا بارمتەی ئێمەیە لە عێراقداو ... ئێمە لە عێراقدا كاری خۆمان لەگەڵ ئەمریكادا یەكسەرە دەكەینەوە."

ڕۆژنامەی "ئەلحەیات" نووسیوویەتی كە "نوێنەرانی كۆماری ئیسلامیی ئێران لە لەندەن چاویان بە ئایەتوڵڵا سیستانی ـ پێش گەڕانەوەی بۆ شاری نەجەف ـ كەوتوەو داوایان لەناوبراو كردوە كە ڕێگا بدات، ئێران ڕۆڵی نێوبژیوان لە نێوان سوپای "ئەلمەهدی"و پۆلیسی عێراق‌و هاوپەیمانان‌دا بگێڕێ، بەڵام ئایەتوڵڵا عەلیی سیستانی ڕاشكاوانە ئەو داوایەی نوێنەرانی ویلایەتی فەقیهی ڕەت كردۆتەوەو داوای لە ئێران كردوە كە دەست لە كاروباری نێوخۆیی عێراق وەرنەدات".

ئەو داواكاری‌یەی ڕێژیمی ئێران لە ئایەتوڵڵا سیستانی، دەی‌سەلمێنێ كە كۆماری ئیسلامیی ئێران لە كێشەی "نەجەف"دا شكستی هێناوەو زەبوونانە ویستوویەتی بە بینینی ڕۆڵی ناوبژیوانی لەو كێشەیەدا، ئابڕووی تكاوی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ كارە گێرەشێوێنی‌یەكانی لە عێراقدا قەرەبوو بكاتەوە.

بەم چەشنە، كۆماری ئیسلامیی ئێران، كارتەكانی خۆی بۆ تێكدانی وڵاتی عێراق‌و ڕێگەگرتن لە سەقامگیریی سیستمی دێموكراتیك ـ فیدراڵ لەو وڵاتەدا، یەك لەدوای یەك دەدۆڕێنێ‌و هەموو پێكهاتە جیاجیاكانی عێراق ئەوەیان بۆ ڕوون بۆتەوە كە كۆماری ئیسلامی سەرەكی‌ترین فاكتۆری نائارامی‌و ئاڵۆزی لە عێراق دایەو تاكە ڕێگای دروستكردنی لەمپەر لە بەرامبەر سیاسەتە چەوت‌و دوژمنكارانەكانی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێراندا، تەبایی‌و هاوكاریی زێدەتری هەموو هێزو لایەن‌و پێكهاتەكانی ئەو وڵاتە فرە نەتەوەیی‌یەو سەقامگیربوونی حكوومەتی یاسا لەو وڵاتەدا، دەتوانێ كۆماری ئیسلامی بكاتەوە بە قاپوڕی خۆی‌داو لە ئاكامدا سیستمی دێموكراتیك ـ فیدراڵی عێراق ببێتە سەرمەشقێكی ئۆبژكتیڤ‌و دەرهەست بۆ هاووڵاتیانی وڵاتە دیكتاتۆرو توتالیتاری‌یەكانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و گەلانی بندەستی ناوچەكەش بە ئیلهام‌وەرگرتن لەو شێوە بەڕێوەبردنە، هەنگاوی پێویست بۆ دێموكراتیزەكردنی وڵاتانی ناوچە هەڵ‌هێننەوە.

❊ ❊ ❊





# بوارەکانی فیدرالیزم لە ئێراندا

بەشی دووهەمو کۆتایی

رامبۆد لوتفیپوور

**ئێران لەسەر بناغەی حکوومەتی قاجاری دامەزراو ڕەزاشا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی ئەم نێوەی لەسەر ئەو وڵاتە داناو هەوڵیدا بە تواندنەوەی نەتەوەکانی چواچێوەی دەسەڵاتی قاجاری لە نەتەوەی سەردەستی فارسو سانترالیزەکردنی دەسەڵات لەم وڵاتەدا، ناسنامەیەکی نوێو نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە ژێر ناوی ئێرانی دا پێك بێنێو لە هەموو شێوازێکی توندوتیژو دڕندانەش بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرت**

پاش ئەوەی کە نەتەوە وەك چەمکێکی مۆدێرن بە جێگای فاکتەرە کولتوورییەکانی وەك نەریت، ڕەگەزو ئایین بوو بە بنچینەی دامەزرانی دەوڵەتو دەوڵەتی نەتەوەیی پێك هات، زۆربەی نەتەوەکانی جیهان دەوڵەتی خۆیان پێك هێناو بوون بە خاوەنی دەوڵەتێك کە لە سەر بناغەی نەتەوەیەکی تایبەت پێك هاتبوو، ئەم ڕەوتە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە خەڵکی وڵاتەکەیان لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر پێك هاتبوو تووشی کێشەو قەیران کردو وڵاتەکەیان خستە بەردەم مەترسیی لێکهەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوونەوە، بەشێك لەم وڵاتانە یا لە ئاکامی جەنگێکی خوێناوی وتووێژانەدا یا بەشێوەیەکی دێموکراتیكو ئاشتیخوازانە ملیان بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەتەوەکان ڕاکێشا. بەشێکی دیکەش یا دەستیان دایە تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە بۆتەی نەتەوەیەکی تایبەتو سەردەستو پێکهێنانی نەتەوەیەکی یەکگرتوو بەو واتایەك بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئێلیناسیۆنیان، یا ئەوەی کە نەتەوەکانیان بە پاراستنی تایبەتمەندیو جیاوازییەکانیانەوە لە قەوارەیەکی فیدرالدا کۆکردەوەو دەسەڵاتیان بەسەریاندا دابەش کرد، ئەڵبەت شیاوی باسەکە هێندێ جاریش چەند نەتەوەی تایبەت لەبەر هۆکارێ یا هۆکار گەلێکی تایبەت یەکیان گرتووە دەوڵەتێکی فیدراڵی لەم چەشنەیان پێك هێناوە. (لەبەشی یەکەمدا باس کرا).

بەشێك لەو وڵاتانەی کە سیاسەتی ئێلیناسیۆنو تواندنەوەی نەتەوەکانیان گرتەبەر لەبەر هۆکاری جۆراوجۆری وەك: هەڵکەوتی ژێئوپۆلیتیکی، وشیاری ناسنامەی نەتەوەکان، گۆڕانی پەیتا پەیتای دەسەڵاتدارانو سیستەمە حکوومەتییەکانیان، دەستێوەردانی دەرەکیو... ئەم سیاسەتەیان بۆ نەچووە سەرو لە بەئاکام گەیاندنیدا سەرکەوتوو نەبوونو هەتا ئێستاش وڵاتەکانیان تووشی قەیرانو نائارامییە، یەکێ لەو وڵاتە فرەنەتەوانە ئێرانە.

## ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە

ئێران یەکێ لەو وڵاتانەیە کە لە سەر بنچینەی نەتەوەیەکی تایبەت دانەمەزراوە، بەڵکوو لە چەند نەتەوەی جۆراوجۆر پێك هاتوە کە هەرکام خاوەنی کولتوورو تایبەتمەندی خۆیانن.

ئێران لەسەر بناغەی حکوومەتی قاجاری دامەزراو ڕەزاشا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی ئەم نێوەی لەسەر ئەو وڵاتە داناو هەوڵیدا بە تواندنەوەی نەتەوەکانی چواچێوەی دەسەڵاتی قاجاری لە نەتەوەی سەردەستی فارسو سانترالیزەکردنی دەسەڵات لەم وڵاتەدا، ناسنامەیەکی نوێو نەتەوەیەکی یەکگرتوو لە ژێر ناوی ئێرانی دا پێك بێنێو لە هەموو شێوازێکی توندوتیژو دڕندانەش بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی وەرگرت، بەڵام لەبەر هەلومەرجی ژێئوپۆلتیکی، دزەکردنی بیری نەتەوەیی ڕۆژئاوایی بۆ ڕۆژهەڵاتو هوشیاری نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران نەیتوانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە بە ئاکام گەیاندنی ئەم سیاسەتەدا بەدەست بێنێ. (دیارە جیاوازیی دووئایینزای سوننیو شیعەش ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەرنەکەوتنی ئەم پرۆژەیەدا هەبوو) ئەو وڵاتەی کە ئێستا بە ئێران ناوزەد کراوە لە چەند نەتەوەی جیاوازی، کورد، تورك، فارس، بەلووچو عەرەبو چەندین کەمایەتی نەتەوەو ئایینی دیکە پێك هاتوە کە هەرکام خاوەنی کولتوورو ناسنامەی تایبەتیی خۆیانن، تێگەیشتنو هوشیاریی ئەم نەتەوانە لە ناسنامەو مافەکانیان، دەوڵەتەکانی ئێرانی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئێلیناسیۆنو تواندنەوەو پێکهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتووی ئێرانی بە نێوەرۆکی کولتووری نەتەوەی سەردەست واتە فارسەوە تووشی کێشە کردوە، ئەم کێشەیە لەبەر سیاسەتی چەوتی ئەم دەوڵەتانەو خۆدزینەوەیان لە ڕاستییەکانو تێنەگەیشتنیان لە بارودۆخو هەلومەرجی سەردەم، هەتا دێ قووڵتر دەبێو کەلێنی نێوان نەتەوەکانو نەتەوەکانو دەوڵەت گەورەتر دەبێتەوەو کێشەی نەتەوایەتی لەئێراندا ئاڵۆزتر دەکا. بۆیە ئێستا وڵاتی ئێران لەبەردەم دووڕیانێکی چارەنووسساز دایە. یا ئەوەی کە جیاوازی کولتووریو ناسنامەیی ئەم نەتەوانە بە فەرمی دەناسرێنو بە شێوەیەکی بەرابەرو ئارەزوومەندانە یەك دەگرنو لە سیستمێکی فیدراڵیدا دەسەڵاتیان بەسەردا دابەش دەکرێ. یا ئەوەی کە نەتەوەکان شێوەیەکی ڕادیکاڵتری دیاریکردنی چارەنووس هەڵدەبژێرن. بە واتایەك فیدرالیزم گونجاوترین ڕێگای پێکەوە ژیانو یەکگرتوویی ئەم نەتەوانەیە کە بە وشیاریی نەتەوەیی گەیشتوونو ئامادەی توانەوە لە نەتەوەیەکی دیکەدا نین. ڤیلیام لیڤینگستۆن تێوریسیەنی بواری کۆمەڵایەتیی فیدرالیسم لە سەر ئەو بڕوایەیە کە، سیستمی فیدراڵی ئامرازێکە سروشتی کۆمەڵ دەپارێزێو فیدرالیزم دەربڕینی سیاسیی ناوەوەی نێوەرۆکی کۆمەڵگایە، بە بۆچوونی ئەو ناکرێ هەموو کۆمەڵگایەك بە فیدراڵ لەقەڵەم بدرێ تەنیا ئەو کۆمەڵگایانە نەبێ کە خاوەنی جیاوازیی کولتووری، ئایینی، ئابووریو ئیتنیکیو هیترن. گرنگترین پێوەری جیاکەرەوەی کۆمەڵگای فیدراڵی لە کۆمەڵگاکانی دیکە ئەوەیە کە دانیشتوانی ڕووبەرێکی جوگرافیایی دیاریکراو بەرژەوەندییەکانیان بناسنو لە ڕێگای ڕێکخراوە سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیانەوە داوای مافەکانیان بکەن. بۆیە ساوکە (سەقامگیر بوون)ی فیدرالیزمو دابەشکردنی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگای ئێران کە خاوەنی جیاوازیی کولتووری، ئایینی، ئابووریو ئیتنیکییە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرو سروشتییە.

**له ڕامانی ئەوڕۆدا مرۆڤ بنەمایەو پیرۆزی هەموو شتێ، تەنانەت خاكو سنووریش بە پیرۆزی مرۆڤو ویستەکانیەوە بەستراوەتەوە. نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا پاراستنی سنوورو یەکپارچەیی وڵات ڕێگر بێ لەبەردەم گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیاندا**

## پێویستی ساوکەبوونی سیستمی فیدراڵی بۆ دەستەبەری دێموکراسی لەئێراندا

هەبوونی دیموکراسیو مافی هاووڵاتیبوون لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەك ئێراندا کە لەگەڵ کێشەی ئیتنیکیو جیاوازی نەتەوایەتی بەرەوروویە ناتوانێ بە تەنیایی بەرهەمهێنەری یەکسانیی نەتەوەکانی بێو مافەکانیان دابینو دەستەبەر بکا. دیموکراسی سیستمی حکوومەتی زۆرینەیە، کەوابوو نەتەوەیەکی وەك کورد کە یەکێ لە نەتەوەکانی ئێرانە. بەبێ جێگیربوونی فیدرالیزم لەم وڵاتەدا، دەستی بە ناوەندی بڕیاردان ڕاناگاو دیسان بەڕێوەچوونی کاروباری ژیانو چارەنوویی دەکەوێتە دەست زۆرینەو نەتەوەی سەر دەستەوە.

بۆیە بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێك لە ڕووناکبیرانو ڕامیارانی ئێرانی کە فیدرالیزم بە کۆسپو مەترسییەك بۆ دیموکراتیزە کردنەوەی ئێران دەزانن، فیدرالیزمو دابەشکردنی دەسەڵات بوار بۆ ساوکەو بەردەوامبوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە لە ئێراندا دەرەخسێنێ.

## باندۆری دیاردەی بەجیهانیبوون

لەلایەك دیاردەی بەجیهانی بوون بەتایبەت لە بواری ئابووریو بەرزبوونەوەی ئاستی بڕیاردان لەسەر کێشەکانی وڵات لە دەوڵەتەوە بۆ ئاستی جیهانی، بۆتە هۆی کەمبوونو بەرتەسك بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکانو لە لایەکی دیکەش بە هۆی جیهانیبوونەوەی پێوەندییە گشتییەکان، بۆتە هۆی دەست ڕاگەیشتنی ئاسانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە ئامرازی کولتوورسازیو ناسنامەسازی کە پێشتر لە پاوانی دەوڵەتەکاندا بوو، ئەم کێشەیە بواری گەشەی هوشیاری نەتەوایەتیو بەرزبوونەوەی ئاستی هەستی نەتەوایەتیو ویستی نەتەوە ژێردەستەکانی ڕەخساندوە. بۆیە ئەو نەتەوانە بە تێگەیشتن لە ناسنامەو ناسینی مافەکانیان نە لە نەتەوەی سەردەستدا دەتوێنەوەو نە ئامادەی لە پەراوێزدا مانەوە کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بنو بڕیاریان لەسەر بدرێو وەك فەرمانبەر سەیریان بکرێ، کەوابوو ئەگەر نەتوانن لە سیستمێکی فیدراڵدا لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە شێوەیەکی یەکسان لە دەسەڵاتدا بەشداربن، بێگومان هەوڵی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەدەن. (ڕەنگە هێندێ نەتەوە بە پێی مافی دیاریکردنی چارەنووس، ڕاستوخۆ داوای سەربەخۆیی بکاو هیچ باسێکیش لە پێکەوە ژیانو فیدرالیزم نەکا).

ئێستا نەتەوەکانی ئێران (بەتایبەت کورد کە پتر لە نیوسەدەیە خەباتی ڕزگاریخوازانە دەکا) تا ڕادەیەکی زۆر بە خۆناسینێکی نەتەوەیی گەیشتوونو بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازەکانی جیهانی پێوەندییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ کولتوورو دابونەریتی خۆیان گەشە پێدەوە ئەمەش بۆتەهۆی زەقتربوونەوەی سنووری جیاوازیی نەتەوایەتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێرانو بەرزبوونەوەی هەستی خۆبەڕێوەبردن لە نێوانیاندا، بۆیە دەیانهەوێ بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا بەشدار بنو بە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان بچنە نێو پێوەندییە جیهانییەکانو لە پرۆسەی بە جیهانیبووندا بەشداری بکەن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە گونجاوترین ڕێگای پێکەوەژیانی ئەم نەتەوانە، ساوکەی سیستمێکی دیموکراتیکی فیدراڵی پلورالیستییە لە ئێراندا. دەنا بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە، ئەو نەتەوانەی کە تا ئێستا نە تواونەتەوەو خۆیان گەیاندۆتە سەردەمی بەجیهانیبوون چیدیکە ئەگەری تواندنەوەیان نەماوەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی گەیشتن بە مافەکانیان دەدەن، قووڵتر بوونەوەی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێرانو ڕادیکالیزەتر بوونی هەڵوێستی نەتەوەکان کێشەیەکی چاوەڕوان کراوە.

## هەڵوێستی ڕووناکبیرانو ڕامیارانی نەتەوەی سەردەست (فارس) سەبارەت بە فیدرالیزم

ئەوەندەی لە بۆچوونو هەڵوێستی زۆربەی ڕووناکبیرانو ڕامیارانی فارسدا دەرکەوتوە یا بە هیچ شێوەیەك خۆیان لەم باسە نادەنو بەرهەڵستیی هاتنەگۆڕی ئەم باسە لە کۆمەڵگای ئێراندا دەکەن. ئەگەر تاقمێکی زۆر کەمیشیان باسی بکەن تەنیا دەیبەستنەوە بە دابەشکردنی بەشێکی زۆر کەمی دەسەڵات لە نێو پارێزگاکاندا، ئەویش ئەو پارێزگایانەی کە بۆ پێك هاتنیان بە هیچ شێوەیەك فاکتەری نەتەوەیی لەبەرچاو نەگیراوە، بە واتایەك تەنیا سپاردنی هێندێك لە کاروبارەکانی بەڕێوەبردنە نە دابینکردنی مافی نەتەوەکانو بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتدا.

بەگشتی کەسایەتییەکانی نەتەوەی سەردەست چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدانو چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات دان، تەنانەت ئەو بەشەش کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەسەڵاتە دەزانن، خۆیان لە باسی فیدرالیزم دەپارێزن، چونکە:

### ١ـ کولتووری دێموکراتیكو ژیانی پلورالیستی لە ئێراندا یەکجار لاوازە

ئێران وەك وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی خاوەن مێژوویەکی دەسەڵاتداریی ئیستیبدادییە. جگە لە یەك دوو قۆناغی کورت خایەن ئەویش بە شێوەیەکی نیوەو ناچڵو تێگەیشتنێکی لاوەکی، قەتی ئەزموونی دێموکراسی نەبووەو هیچ ڕاهێنانێکی لەو بارەوە نەکردوە. نەتەوەی سەردەست بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیە نەتەوەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا بەشدار بکاو دەست لە سەروەریو پاوانخوازی خۆی هەڵبگرێ، ئەمەش تەنیا بۆ بیرو هەڵوێستی سەرکردایەتی حکوومەتەکان ناگەڕێتەوە بەڵکوو کولتوورێکی هۆزایەتیو ئیستیبدادی لەپشتە کە ڕیشەی لە مێژووی ئەندێشەی دەسەڵاتداریی ئێران دا هەیە.

### ٢ـ لە کەمبوونەوەی بەرژەوەندی ئابوورییان بە هۆی دابەشکردنی یەکسانی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا دەترسن

لەمێژە لەئێراندا داهاتو سەرچاوەی ئابووری بە شێوەیەکی نابەرابەر دابەش دەکرێنو لە پاوانی نەتەوەی سەردەست دان، بۆیە نەتەنیا دەبێ ئەم سیستمی دابەش کردنە نابەرابەرە بگۆڕدرێ بەڵکوو ڕەنگە بۆ ماوەیەکیش دەسەڵاتی فیدراڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی چەوساوەییو دواکەوتوویی نەتەوە ژێردەستەکان ناچار لە پێڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی پێچەوانە بێ: ئەمەش ڕەنگە لە کورت خایەندا بە قازانجی بەرژەوەندیو دەسەڵاتی ئابووری بێسنووری نەتەوەی سەردەست (فارس) نەبێ.

### ٣ـ یەکیەتیو یەکپارچەیی خاکی ئێران لە مەترسیدا دەبینن

فارسەکان فیدرالیزم، دابەشکردنی دەسەڵاتو لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی بە ڕێگاخۆشکەری لێکهەڵوەشانەوەو پارچە پارچە بوونەوەی ئێران دەزانن. ئەوان بەلەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی نەتەوەیی ئێرانو ئەو ڕاستییەی کە کەمە نەتەوەکانی ئێران لە سەر سنوورەکان دەژینو بەشێکیان لە وڵاتانی دراوسێو لەپاڵیاندا دەژین، دیسانترالیزە بوونی دەسەڵات لە ئێرانو هەڵکشانی دەسەڵاتی هەرێمەکان، وەك فاکتەرێکی بەهێزی دووربوونەوەی هەرێمەکان لە ناوەندو نزیك بوونەوەیان لە هاوزمانەکانیان لەوبەری سنوورەوە لەبەرچاو دەگرن.

**فیدراڵیزم لە ئێراندا نەك هەر ئاسایش، گەشەی ئابووری، دێموکراسیو یەکپارچەیی ئێران ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە گونجاوترین ڕێگای گەیشتن بە ئاسایش، گەشەی ئابووری، ساوکەی دیموکراسیو پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە**

ئەمە لە کاتێك دایە کە بە پێی ئەو شتانەی باسمان کرد گونجاوترین ڕێگای پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی ئێران لەم سەردەمەدا ساوکەی سیستمێکی فیدراڵی ئارەزوومەندانەیە، دەنا سیاسەتی زۆرەملیو ئێلیناسیۆن تەنیا دوورکەوتنەوەی زۆرتری ئەم نەتەوانەو لێکدابڕانی زیاتریانی لێدەکەوێتەوە.

نەتەوەی سەردەست پیرۆزیی سنوورەکانی ئێرانو پێویستی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتەی کە لە بنەمادا لە خاکی ئەو نەتەوانە پێك هاتووەی کردۆتە پاساوێك بۆ لەبەرچاونەگرتنی مافەکانی ئەو نەتەوانەو پشتگوێ خستنی خواستەکانیانو بە گشتی درێژەدان بە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی لە ئێراندا. لە کاتێکدا کە لە ڕامانی ئەوڕۆدا مرۆڤ بنەمایەو پیرۆزی هەموو شتێ، تەنانەت خاكو سنووریش بە پیرۆزی مرۆڤو ویستەکانیەوە بەستراوەتەوە. نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا پاراستنی سنوورو یەکپارچەیی وڵات ڕێگر بێ لەبەردەم گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسیاندا.

ئەوەی لەئاکامی ئەم باسەدا شایانی ئاماژەیە ئەوەیە کە فیدراڵیزم لە ئێراندا نەك هەر ئاسایش، گەشەی ئابووری، دێموکراسیو یەکپارچەیی ئێران ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە گونجاوترین ڕێگای گەیشتن بە ئاسایش، گەشەی ئابووری، ساوکەی دیموکراسیو پاراستنی یەکپارچەیی ئێرانە.

بەپێی هوشیاری نەتەوایەتی کە لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا پێك هاتوە، بەبێ فەرمی ناسینی ئەم نەتەوانەو دابەشکردنیان لە دەسەڵاتدا، قەت ئاسایشو ئارامییەکی ڕاستەقینە لە ئێراندا پێك نایەو هەروەك مێژوو سەلماندوویەتی، ئێران بەردەوام ئاوسی کێشەو قەیران دەمێنێتەوە.

ڕەنگە لە کورتخایەندا دابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووریو سەرچاوەکانی لەبەرژەوەندی نەتەوەی سەردەستدا نەبێ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی هەڵاواردنی پێچەوانەو خێرایی بەخشین بەڕەوتی گەشەی ئابووریی نەتەوە ژێردەستەکان، هەم دواکەوتوویی نەتەوە ستەم لێکراوەکان قەربوو دەکرێتەوە، هەم لەدرێژخایەندا دەبێتە هۆی گەشەیەکی ئابووریی بەرابەرو هاوئاهەنگ لە ئێراندا.

هەروەها، هەروەك پێشتریش باس کرا، فیدرالیزم نەتەنیا پێش بە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن ناگرێو یەکپارچەیی خاکی ئێران ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە گونجاوترین ڕێگای بەدیهاتنو دەستەبەرکردنی ئەم بابەتانەیە. ئەوە نەتەوەی سەردەستە کە بۆ پاراستنی ڕەوتی دیموکراسیو یەکپارچەیی خاکی ئێران، دەبێ بە گیانێکی دێموکراتیكو تێلۆرانسەوە لەگەڵ کێشەی نەتەوەکانی ئێران بەرەوروو ببێ، نەك ئەوەی کە ئەم نەتەوانە دەست هەڵگری مافو ویستەکانیان بن لەبەرپاراستنی دیموکراسییەك کە قەت بەو شێوە پێك نەهاتووە پێکیش نایەو یەکپارچەیی وڵاتێ کە دەبێ لە چوارچێوەیدا ناسنامەی خۆیان بسڕدرێنەوەو بەردەوام ژێردەستو چەوساوە بمێننەوە.

***

## پێشوازیی سکرتێری گشتیو دەفتەری سیاسی له دوو هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان ـ ئێران

❖ سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممه ١ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز دوکتور کەمال فواد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پێکهاتوو لە ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی، بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ئەو هەیئەتە لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیو بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە، بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب بەگەرمی پێشوازیی لێکرا.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی ١ سەعاتیدا مەسەلە گرنگەکانی پێوەندیدار بە وەزعی عێراقو کوردستانی عێراقیان خستە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کردن. هەروەها دوو هەیئەت پێیان لەسەر پێوەندیی دۆستانەو برایانەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داگرتەوە.

❖ سەعات ٤ی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممه ١ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاك حوسێن یەزدانپەناو پێکهاتوو لە ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو یەکیەتییە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیو بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازیی لێکرا.

پاش بەخێرهێنانی هەیئەتی میوان لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبەوە، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان بەناوی هەیئەتی هاوڕێیەوە، پیرۆزبایی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی لە هەیئەتی خانەخوێ کرد. پاشان کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستان هاتنە بەرباسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

❊❊❊

## دیدارێکی دۆستانە لەگەڵ بەڕێز عوسمان ئۆجەلاندا

کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوشەممە ١٣٨٣/٦/٩ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٠٠٤/٨/٣٠ی زایینی، هەیئەتێکی ڕێکخراوی تازەدامەزراوی "پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات" بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عوسمان ئوجەلان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرۆکایەتی هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێکرا.

هەیئەتی میوان سەرەتا پیرۆزبایی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەمانی کردو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ بەرنامەکانی ئەو کۆنگرەیە خواست. پاشان بە درێژی باسی هۆکاری جیابوونەوەی خۆیان لە کۆنگرەی گەل، (P.K.K)ی پێشووی کرد. لەو پێوەندییەدا بە وردی ئاماژەی بە قەیرانی سیاسیی نێوریزەکانی کۆنگرەی گەل، بەتایبەت پاش گیرانی بەڕێز عەبدوڵڵا ئوجەلان، کە ئەو قەیرانە قووڵتر بۆوەو لە ڕەوتی ئەو قەیرانەدا، بەشێکی زۆر لە ئەندامانو کادرەکانی کۆنگرەی گەل ڕەخنەیان لە ڕێبازی سیاسیی P.K.Kی پێشوو گرت. ئەوان پێیان لەسەر ڕێزگرتنی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزبو دەرەوەی حیزبدا دادەگرت، خوازیاری کۆتاییهێنان بە دروستکردنی حیزبو ڕێکخراو بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بوونو بڕوایان وابوو کە هەرکام لەو بەشانە دەبێ حیزبی سەربەخۆو ڕێبەریی سەربەخۆیان هەبێ. دەبێ سنووری تێکۆشانی کۆنگرەی گەل، کوردستانی باکوور بێ. دەبێ بۆ بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕێز دابنرێو ببێ بە کۆڵەکەی ئەسڵیی سیاسەتیان. ئەو واقعییەتە کە ئێستا لە کوردستانی باشوور هاتوەتە کایەوەو فیدرالیزم لە قۆناخی جێبەجێبوون دایە، دەبێ پشتیوانیی لێبکرێو هەوڵی سەقامگیربوونی بدرێ.

هەروەها ڕەخنەیان لە سیاسەتی کۆنگرەی گەل لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەت ئاڵوگۆڕەکانی عێراق هەبوو. جگە لەوانە بەڕێز کاك عوسمان ئوجەلان، گرینگیو بایەخی بۆ دۆستایەتیی هێزە نیشتمانپەروەرو دێموکراتەکانی کوردستان دادەناو پێی وابوو لەو قۆناخەدا، وڵاتپارێزیو دێموکراسیخوازی پێویستە بەهێز بکرێو گەلی کورد زیاتر لە هەر مەسەلەیەك پێویستی پێیەتی.

پاشان هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سوپاسی پیرۆزبایییەکەی لێکردو گرتنەپێشی ئەو ڕێبازانەی لە لایەن پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات، وەك بایەخدانی زیاتر بە دێموکراسی نێوخۆییو دەرەوە بەهێند وەرگرت، بەتایبەتی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی پارچەکانی دیکەی کوردستانو دروستنەکردنی حیزب بۆ ئەو بەشانەو، تێکۆشانی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی لە کوردستانی تورکیا، بە ڕێگای دروستی خەبات لەو بەشە دانا. هەر لەو پێوەندییەدا ڕێزدانان بۆ خەباتی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستانو پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی کوردستانی عێراقی پڕبایەخ نرخاندو ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواستو ڕایگەیاند کە حیزبی ئێمە ئەو بۆچوونانە بە بۆچوونێکی دروستو نزیك لە بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات هەڵ دەسەنگێنێ.

❊❊❊

## پێشوازی کردن له سەرکردایەتیی بزووتنەوەی دیموکراتیی گەلی کوردستان

ڕۆژی دووشەممە ٢ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی پایەبەرزی بزووتنەوەی دیموکراتیی گەلی کوردستان، پێکهاتوو لە: بەڕێزان مام خدر سکرتێری بزووتنەوە، نەهرۆ جەلال، تەحسین تەها، خەلیل باپیرو خەلیل مەحموود ئەندامانی سەرکردایەتی، سەردانی سکرتاریای حیزبیان کردو، لەلایەن بەڕێزو تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبو هاوڕێیان ئەسعەد ئەحمەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو برایم زێوەیی کادری سکرتاریاوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا دوو لایەن بە تێروتەسەلی لەسەر بارودۆخی ناوچە، کوردستانو جیهانو هەروەها لە سەر کۆنگرەی ١٣ی حیزبو کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر حیزبدا هاتوون، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کردو جگە لەوە کۆبوونەوەکە لە کەشێکی دۆستانەدا پێك هاتو هەر دوولا دووپاتیان کردەوە کە لەوەبەدوا زیاتر پەرە بەو سەردانو دانیشتنانە بدەن.

❊❊❊

# چەند هەواڵی کوردستان

### ❖ کرماشان

#### عادل هەورامیی هونەرمەند دەستگیر کرا

ماوەیەك لەمەوپێش هونەرمەندی گۆرانیبێژ عادل هەورامی لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێك لە سینەما ئیستیقلالی ئەو شارەدا، لەلایەن مەئموورانی سوپای کرماشانەوە دەستگیر کراو ڕەفتاری توندوتیژی لەگەڵدا کرا.

### ❖ دێگولان

#### ژنێکی چواردە ساڵەی دێگولانی پاش نۆ مانگ ئەشکەنجەو زیندانیکردن لە ئاودەستی ماڵی خەسووریدا، ڕزگاری بوو

پاش ئەوەی چەند کەس لە دراوسێکانی بە پۆلیسیان گوت کە ژنێکی لاو لە جیرانێتی ئەواندا کەوتۆتە بەر ئازارو ئەشکەنجەی سەختی مێردو خەسووری، مەئمورگەلی هێزە ئینتیزامییەکان بە نیوە مردوویی لەو ئاودەسەی کە تێیدا زیندانی کرابوو، ڕزگاریان کرد.

مێردی ئەم ژنە، چەند پارچە گۆشتی بە ئەموردەستی لە لەشی کردۆتەوەو داخی کردوە. ئێستا ئەم ژنە گەنجە تەحویلی بێهزیستیی ئوستانی کوردستان دراوەو مێردو خەسوورەکەشی خراونەتە زیندان.

دەڵێن ئەم ژنە ١٤ ساڵە لە باتیی قەرزی باوکی دراوە بەو کابرایەی کە ئەشکەنجەی کردوە!

### ❖ مەهاباد ـ خەلیفان

#### خەڵك لە جێگری هێزی ئینتیزامی مەهاباد دەدەن

ڕۆژی ٨٣/٦/٩، لە یەکێك لە گوندەکانی بەخشی خەلیفان، مەئموورەکانی پاسگای گوێچکەدەرێ تا گوندی خەلیفان تەعقیبی وانێتێکی بارهەڵگر دەکەن کە گوایە مەشرووبی پێ بووەو تەقە لە شۆفێری ماشینەکە دەکەنو دەیکوژنو پاشان جەنازەکەی دەبەنە نەخۆشخانەی (خومەینی) لەشاری مەهاباد، سەرهەنگ موستەمێعی جێگری هێزی ئینتیزامی کە سەردانی نەخۆشخانە دەکا، دەکەوێتە بەر هێرشی خەڵکی مەهابادو گوندەکانی بەخشی خەلیفانەوەو لێی دەدرێ.

### ❖ مەهاباد

#### هاووڵاتییەك بەهۆی بێحورمەتی بە پەرچەمی ڕێژیم ئێعدام دەکرێ!

چەند ڕۆژ لەوە پێش ئاشکرا بوو کە کەسێك بە ناوی "کەیوان غەریب" کە بۆ جاری سێهەم بەدەمەستی دەکا، لەلایەن مەئموورانی شارەبانیی مەهابادەوە دەگیرێو بە هۆی سەرخۆشییەکەیەوە لە حەوشەی شارەوانی دا لە میلی پەرچەمی دەبەستنەوە، بەڵام ناوبراو بە وتەی مەئموورانی ڕێژیم بێحورمەتی بەو پەرچەمە دەکا، هەربۆیەش دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی دادگای دەکەنو دادگاش حوکمی ئێعدامی دەدا. شایانی باسە کە سەرەڕای ئەوە کە بنەماڵەکەی وەکیلی بۆ دەگرنو بەرگەی تۆبەنامەکەی بۆ خامەنەیی دەنێرن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دیوانی بەرزی ڕێژیم حوکمی ئێعدامەکەی تەئیید دەکا.

### ❖ مەراغە

#### کوژرانی کاسبکارێك

ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی گەلاوێژ، دوو لاوی کورد خەڵکی گوندی "پائین"ی ناوچەی شاماتی سەربە شاری مەهاباد بە ناوەکانی موراد محەممەدئەمینیو یووسف کوڕی قادر، هێندێك سیگار دەبەن بۆ شارە ئازەرینشینەکان، کەچی لە پرسگەی شاری مەراغە بە هۆی ترس لە گرتنو جەریمە کردن هەڵدێنو پەنا بۆ ناو شاری مەراغە دەبەن، مەئموورانی ڕێژیم دەکەونە شوێنیانو لە ئاکامی تەقەکردنو دەستڕێژی کردنەسەریان بەداخەوە مورادی تەمەن ١٨ ساڵە دەکوژرێو یووسفیش ڕەوانەی زیندان دەکرێ.

### ❖ جوانڕۆ

#### ژنێك خۆی سووتاند

ماوەیەك لەوەپێش ژنێك بە ناوی نەهیە مەحموودی، دانیشتووی شارۆچکەی سەلاسی باوەجانی، بە هۆی هەژاریو بێدەرەتانییەوە ڕوودەکاتە کومیتەی "امداد امام خمینی" بەڵام مەئموورانی ئەو ناوەندە نەتەنیا هیچ چەشنە هاوکارییەکی ناکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین دەدوێنو ئیهانەی پێدەکەن، کە بەداخەوە لە ئاکامی ئەو وەزعەدا ڕۆژی ٨٣/٥/٣ی هەتاوی ئاگر لەخۆی بەردەداو بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دەدا.

❊❊❊

# هەواڵی چالاکیی ئەندامانی حیزب لە نێوخۆی کوردستاندا بەبۆنەی ٥٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبەوە

### سنە

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری سنە بە کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغی لە بواری سیاسی ـ نەتەوەییدا ڕێزیان لەو ڕۆژە گرتو لە گەڕەکەکانی "حاجیئاوای سەرێو خوارێ، کانی کووزەڵە، گۆڵشەن، چوارباغو شەقامی سیرووسو مەیدانی ئیقباڵ، لە نێو پاسەکانی هاتووچۆی ناوشارو ماشێنە شەخسییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو وێنەی شەهیدانو تراکتو دروشمەکانی حیزبیان بڵاوکردەوە، کە لە دژکردەوەیەکدا هێزەکانی ڕێژیم کۆمەڵێك خەڵکی نیشتمانپەروەری ئەو شارەیان دەست بەسەرکردوەو ڕەوانەی بەندیخانەکانیان کردوون.

### سنە ـ گەلێن

ئەمساڵ لە ئاوایی "گەلێن"ی سنە بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە، کاری تەبلیغی کراوەو ئاگری ئەو بۆنەیە هەڵکراوە. جێگەی خۆیەتی کە بە بۆنەی سەرجەمی ئەو چالاکییانە کە لە سەراسەری کوردستانو بە شێوەی جۆراوجۆر بە مەبەستی ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مێژووییە دەستخۆشیو ماندوونەبوونی بە ئەندامانو لایەنگرانو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بڵێینو ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئامانجەکانی هەموو لایەك بخوازین.

### مەریوان

لە شەوەکانی ٢١،٢٢ی گەلاوێژ، لەبەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، خەڵکی نیشتمانپەروەری ئاوایی "نێ" سەربە شاری مەریوان، لە چەندین شوێنی دەوروبەری ئەو ئاواییە ئاگری ٢٥ی گەلاوێژیان کردەوە، کە لەگەڵ دژکردەوەی هێزەکانی ڕێژیم بەرەوروو بوونەوە، هەروەها لە کۆمەڵێك ئاوایی دیکەی وەك سەردۆش، قارەمان، کانی سانانو . . . کاری تەبلیغی کراوو CDیەکانی کۆنگرەی ١٣ بەرێژەیەکی بەرچاو بڵاوکراونەتەوە.

### بۆکان

لە ڕۆژانی ٢٤ و ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە ناو شارو ناوچەی بۆکاندا بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ٥٩ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات، لە ڕێگەی کۆمەڵێك کاری تەبلیغی، سیاسیو نەتەوەییو کردنەوەی ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ لە سەر لووتکەی زۆربەی بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە جارێکی دیکە، هەستی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئەو ناوچەیەیان بووژاندەوە.

### نەغەدە

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە گوندەکانی کویکانو گوندەوێڵەو حەسەنئووران بە شێوەیەکی بەرچاو کاری تەبلیغی کراوەو دارودیواری ناو گوندەکان بە نووسینی دروشمو تراکتی حیزبیو نەتەوەیی ڕازێندرایەوە.

### ناوچەی شنۆو نەغەدە

ئەمساڵیش بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، "گەلیی گرکاشجان" لەسەر جادەی شنۆو ورمێو لاپاڵی یەکێك لە کێوەکانی سەر ئەو ڕێگایە بە دروشمی شۆڕشگێڕانە بەتایبەت دروشمی فیدراڵی بۆ کوردستانو هەروەها پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ، ڕازابۆوە. هەر لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا لاپاڵی هێندێك لە کێوەکانی دەوروبەری ڕێگای نەغەدە ـ شنۆش بەو بۆنەوە بەکۆمەڵێك دروشمی حیزبیو نەتەوەیی ڕازێندرابوونەوە.

### شنۆ

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، لە شەوەکانی ٢٧، ٢٩،٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵدا لە تەواوی شەقامو کۆڵانەکانی شاری شنۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری تەبلیغی کراوە، بۆ وێنە لە شوێنەکانی "دەبیرستان فاتیمە"، مام تەمر، سەلیم ئاوای خوارێ، شارەك، شەقامی فەرمانداری، مزگەوتی بازارو شەقامی بەناو بەسیج.

### پیرانشار

لە ناوچەی "لاجان"ی سەربە پیرانشار، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، کۆمەڵێك کاری تەبلیغی کراون، کە هەروەك چاوەڕوان دەکرا دەنگدانەوەی ئەرێنی بووە لە نێو کۆمەلانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا. لە شوێنەکانی وەك گردشانە، سەرۆکانی، ئەندێزە، سەرین چاوە، زەنگاوێ، پەسوێو هەروەها لە سەرجادەکان کۆمەڵك دروشمی حیزبیو تراکتو وێنەی شەهیدانو CD ی کۆنگرەی ١٣، بڵاوکراونەتەوەو لەسەر لووتکەی زۆربەی بەرزاییەکانیش، ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ کراوەتەوە.

### کامیاران

شەوی ٢٦،٢٧ی گەلاوێژ، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە، لە ناوچەی کامیاران لەلایەن ئەندامانو لاینگرانی حیزبەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری تەبلیغی کرا. بۆ وێنە لەسەر بەرزایی قوچی باشی ئاگرێکی گەورە کرایەوەو هەروەها لە سەر جادەی دەرەوەی شارو پاشانیش لە نێو شەقامو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا کۆمەڵێك تراکتو دروشمی حیزبیو نەتەوەیی بڵاوکراونەوە.


### مەهاباد

بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، گەڕەکەکانی مەجبوورئاوا، سێئاشان، مەیدانی مەلاجامی، دۆڵی کەروێشکە، مەیدانی ئیستیقلال، تەپەی قازی، شاهیدی کاری تەبلیغی بوون، دیارە لە درێژەی چالاکییەکانی ئەندامانو دۆستانی حیزبدا مەودای نێوان مەهاباد تا ئاوایی بەیتاس، هەروەها گوندەکانی خوڕخوڕە، کۆنەدێ، گردی یاقووب، قەرەقشلاقو قزلقۆپی کۆمەڵێك کاری بەنرخی تەبلیغییان کردوە.

❊❊❊

# نووسەر
# لە نێوان دەروەست بوونو نادەروەست بووندا

خالید محەممەدزادە




"پرۆسەی نووسین، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، یا باشتر وایە بڵێین چالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە لە پێناسەیەکی روونو تاك رەهەنددا ناگونجێ. . .نووسین بەرهەمی چالاکی بکەرێکە بە ناوی نووسەر، نووسەریش کەسێکە لەسەر بنەمای روانینو موتاڵاو بیرکردنەوەو داهێنانێکی جیددیو جیاواز کار دەکا"[(١)]. بێگومان لەسەر نووسینو نووسەرو بەتایبەتی پەیامو کارکردو رۆڵی نووسەر دەتوانین زیاد لە پێناسەیەك بخەینەڕوو کە کۆی ئەمانەش پێگەی شوێندانەری نووسەرمان بۆ بە تەسویر دەکێشن. بەو حاڵەش لە قاڵبدانی نووسەرو دەستنیشانکردنی پێشوەختی رەساڵەتی نووسەر لە ژێر ناوی هەر ئایدیاو دەمامکێك بە واتای مەحکوومکردنی نووسەرە بە نەنووسینو بیرنەکردنەوەو لە باشترین حاڵەتدا ملکەچ بوونی نووسەر بە قاڵبو بازنە لە پێشداڕێژراوەکانە. تەنیا کەسێك کە دەتوانێ پێناسەیەك لە پێگەو رەساڵەتی نووسەرمان بۆ بخاتە بەردەست خودی نووسەرە بەو چالاکی‌یانەی لە خۆیدا پێشانیان دەدا.

**کورتکردنەوەی رەساڵەتی نووسەرو لە مەنگەنەنانی بۆ شێوازێك لە نووسین و بیرکردنەوە مەحکوومکردنی نووسەرە بە نەنووسین و بیرنەکردنەوەو خاڵـیکردنەوەی نووسەرە لەو رەساڵەتەی کە خودی نووسەر باوەڕی پێیەتی**

دیارە کەم نین ئەو دەنگانەی بە حوکمێکی جەبریو قەتعی لە رۆژانەی کایە رۆشنبیریو ئەدەبی‌یەکاندا بانگەشە بۆ دەروەست بوونی نووسەرو رۆشنبیران لە هەمبەر کێشەکانی واقیعی کوردی دەکەن. ئەم دەنگانە هەمیشە ئەو مەترسی‌یانە دووپات دەکەنەوە کە وەك تارمایی‌یەك باڵی بەسەر ئەم ژیانەدا کێشاوە. کە لە ئاکامدا ئەم دەنگانە خوازیاری بوونی ئەدەبی دەروەستو نووسەری دەروەست دەبن بۆ بەرەوڕوو بوونەوەیان لەگەڵ ئەم تارمایی‌یانەدا. وەك بڵێی نووسەرانو روشنبیرانمان لە دەرەوەی ئەم واقیعە ژیاونو دەژین. دیارە ئەو هەموو پێداگرتنە لەسەر دەروەست بوونی نووسەرانمان، پێداگرتنێکی ئایدئۆلۆژیكو سیاسی‌یە لە پێناو ئایدئولوژیایەکی دیاریکراودا، ئەگینا "هەڵگرانی ئەم جۆرە ئەدەبەش چ لە لای ئێمەو چ لە لە دەرەوە بە دەگمەن مولتەزیم بوون. بە پێچەوانەوە بەشێك لەوانە نامولتەزیمترین گرووپە خەڵکێك بوون لە مێژووی ئەدەبیی ئێمەدا"[(٢)]

بانگەشەکردن بۆ دەروەست بوونی نووسەرانمان پێش ئەوەی بانگەشە بێ بۆ دەروەست بوونیان لە پێناوی داهێنانی ئەدەبیو ئیستاتیکای هونەری، هەوڵدانە بۆ کردنیان بە چاوەشی سیاسیو ئەدەبی. بێگومان "هەر نووسەرێك تۆزقاڵێك کەسایەتی خۆیو کەسایەتی نووسینەکانی بە جیددی وەربگرێتو رێزی ئەو شتانە بگرێت کە پێیانەوە سەرقاڵە، مولتەزیمە"[(٣)]. سیمای دیاری ئەم دەنگانە کە لە دوایی‌دا وەك دەرکەوتەیەکی نەگۆڕو بارگاوی‌کراو بە "حقیقت محض" خۆ دەردەخەن ئەوەیە کە ئەوان نووسەرێکیان دەوێ، ملکەچو گوێڕایەڵ بەو تەفسیرو تێگەیشتنانەی کە ئەمان بۆ رەساڵەتی نووسین هەیانە. بە بێ ئەوەی خودی ئەم دەنگانە خاوەن گوتارێك بنو تەنانەت ساڵێك کتێبێکیش ناخوێننەوە. بێگومان کورتکردنەوەی رەساڵەتی نووسەرو لە مەنگەنەنانی بۆ شێوازێك لە نووسینو بیرکردنەوە مەحکوومکردنی نووسەرە بە نەنووسینو بیرنەکردنەوەو خاڵی‌کردنەوەی نووسەرە لەو رەساڵەتەی کە خودی نووسەر باوەڕی پێیەتی. کە ئەمە راستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ قسەیەکی والتێر. بنیامین کە پێی‌وایە: "کاتێك هەمووومان وەك یەك بیر دەکەینەوە ئەمە بە مانای ئەوەیە کە هیچ یەك لە ئێمە بیر ناکاتەوە". چونکە لە بنەڕەتدا فشاری ئەم دەنگانە لەسەر رەساڵەتی نووسەر تەنیا فشارێك نیە بۆ لەقاڵبدانی بەرهەمەکانی نووسەر، بەڵکوو لە هەمان کاتدا لەقاڵبدانی فیکری نووسەرو تواندنەوەی دەنگە جیاوازەکانە لەم دەنگە رووتە سیاسی‌یە. خراپ نیە بزانین کە زاراوەی "دەروەست"و "نادەروەست"، پێش ئەوەی زاراوەیەکی رۆشنبیریو ئەدەبی بن، خولقاوی زمانەوانی سیاسی ئایدئولوژیستەکانەو لە یەك رستەدا بەرهەمی جیهانبینی ئەم هێزانەیە کە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەمری واقیع دامەزراون.

بێگومانم لەوەی نووسەری نادەروەست نە بوونی هەبووەو نە بوونی دەبێ. هەر نووسەرێك دەروەستە بەو نووسینەی کە بڵاوی دەکاتەوە. چەسپاندنی دەمامکی نادەروەست بوون بە نووسەرانمان دەگەڕێتەوە بۆ تەسلیم نەبوونی وان بەو دەنگانەی کە داوای ملکەچ بوونیان لێ دەکەن. ئیشکالییەتی ناوەوەی ئەم دەنگانە لەوەدایە کە لە پێگەو رەساڵەتی سیاسی خۆیانەوە دەڕواننە دەنگە ئەدەبیو رۆشنبیری‌یەکان، بە تەعبیرێکی دیکە کێشەکە لە نادەروەست بوونی نووسەرانو رۆشنبیرانمان بە کێشە سیاسی‌یەکانەوە نیە، لە لایەکی دیکەشەوە بانگەشە بۆ دەروەست بوونی نوسەران بانگەشە نیە بۆ لاکردنەوەی ئەوان لەو قەیرانە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو سیاسی‌یەی کە کۆمەڵگا تێیدا نغرۆ بووە، واتە ئەو دەنگانە لە نووسەرانیان ناوێ کە رێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەڵکوو ئەوان لەسەر بەپیرۆزکردنی خود کار دەکەنو لە یەك رستەدا گۆرانیبێژیان دەوێ بۆوەی گۆرانیان بۆ بڵێ. لای ئەوان شێعری باش ئەو شێعرەیە بیانلاوێنێو نووسینی باش ئەو نووسینەیە وەسفیان بکاو تەسوێرێکی جوانیان لێ پێشان بدا. ئەم فورمە لە داواکاری تەنیا لەسەر پیاهەڵگوتن کار دەکاو ئەم میتودە لە کار لە کەمخوێنی‌یەکی فیکری کوشندەدا دەژیو بارگاوی کراوە بەو تێڕوانینەی کە لە ژێر ناوی ئەدەبیاتی ریالیزمی سوسیالیستی ساڵانێکی بەرچاو پانتایی ئەدەبو سیاسەتی ئێمەی پاوان کردبوو. واتە لێرەدا نووسەر ملکەچ دەبوو بەو ئارمانانەی کە سوسیالیزم خەونی پێوە دەبینیو موژدەی دامەزرانی دەدا. بێگومان لادان لەم شێوە تێڕوانینەش نادەروەست بوونی نووسەری لە ئاست کۆمەڵگادا دەگەیاند!!و بە توندی هێرش دەکرایە سەر نووسەرانو ئەدیبانی جیابیر. لێرەدا خراپ نیە کە "سەگوەر"ی محەممەدی موکری وەك نموونەیەك بهێنینەوە کە کاتی خۆی هەڵایەکی گەورەی نایەوە. یا کاتێك رۆمانی "مولازم تەحسین و شتی‌تر"یش بڵاوکرایەوە هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر دانەرەکەی. مەکتەبە ئەدەبی‌یەکان، شێوازو فۆرمگەلو ئیستاتیکای ئەدەبو قوتابخانە رەخنەیی‌و ئەدەبی‌یەکان لای ئەم دیدە بە هێند وەرناگیردرێ. بەڵکوو پەیامو نێوەڕۆکی ئەم سەبکانەیە کە بێگومان دەبێ لە خزمەتی پەرەپێدانی ئەم دەنگانەدا بن. واتە لێرەدا ئیدی کاری رۆشنبیرانو نووسەران هەوڵێك نیە بۆ داهێنانی فیکرو ئەدەب، بەڵکوو بە وتەی مەریوان وریا ئەو "کەسێکی دەوێت کە پەیامەکانی حیزب لە سەرکردەکان وەرگرێتو بیکات بە شێعرو چیرۆكو ئینشاو بیبەخشێتەوە بە کۆمەڵگا".

**نووسەری دەروەست کورت کراوەتەوە بۆ نووسەری ئۆرگانێك، پێناسەی دەروەست بوون لە هێزێکەوە بۆ هێزێکی دیکەو لە ئۆرگانێك بۆ ئۆرگانێکی دیکە سەبارەت بە نووسەرانی دەروەست جیاوازە**


لە بیرمان نەچێ کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو هێزێك یا دەنگێك بتوانێ تەفسیری جیهان بکاو بە وتەی جانی واتیمو "دیاردەکانی جیهان هەمیشە لە چوارچێوەی زەینی ئێمەدا تەفسیر دەکرێن، کەواتە تەنیا جیهانێك کە بوونی هەبێ جیهانی جیاوازی‌یەکانە". کاتی ئەوە هاتووە گوێ لە دەنگە جیاوازو داهێنەرەکانی بواری ئەدەبیو رۆشنبیری‌مان بگیردرێ، بێگومان فستیڤاڵە ئەدەبی‌یەکانیش کۆی ئەو جیاوازی‌یانەی لە بواری ئەدەبی، فیکریو رۆشنبیری دەخەنەڕوو و بینیمان چۆن کۆمەڵێك قەڵەمی جیددیو بارگاوی‌کراو بە مەعریفەو ئەندێشە لە هەنگاوی دەنگی باوو زاڵدا بە کۆمەڵێك خەونی جیاوازەوە تەعبیر لە خۆدەکەن.

ئەدەبی دەروەست چیە؟! ئەگەر ئەم پرسیارە رووبەرووی ئەو دەنگانە بکرێ بێ یەكو دوو پێت دەڵێن: "ئەدەبی دەروەست ئەو ئەدەبەیە کە لە خزمەتی خەڵکیدا بێ". بەڵام دەرکەوتە مێژوویی‌یەکان پێمان دەڵێن کە تەنانەت ئەم جۆرە ئەدەبەش لە لایەن ئەم دەنگانەوە بەهێند وەرنەگیراون. ئەدەبی دەروەستو نووسەری دەروەست نازناوێکە، دەبێ ئەو هێزانە بیبەخشن پێیت، ئەم نازناوەیان داهێناوەو کاری پێ دەکەن. لە مێژووی ئەدەبیو رۆشنبیری ئێمەدا ئەو نووسەرانەی کە نازناوی نووسەری دەروەستیان پێ‌بەخشراوە لە قامکەکانی دەست تێپەڕ ناکەن.

کەواتە نووسەری دەروەست کورت کراوەتەوە بۆ نووسەری ئۆرگانێك، پێناسەی دەروەست بوون لە هێزێکەوە بۆ هێزێکی دیکەو لە ئۆرگانێك بۆ ئۆرگانێکی دیکە سەبارەت بە نووسەرانی دەروەست جیاوازە. کەواتە لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین کە ئەوەی بە ناوی نووسەری دەروەستەوە باسی لێ دەکرێ لە باشترین حاڵەتدا نووسەرانی ئۆرگانێكو سەربەدەسەڵاتن. ئەو نووسەرانەن کە بۆ دەسەڵاتێك دەنووسنو پەیامو ئامانجەکانی دەسەڵاتو ئۆرگان بە کۆمەڵگا دەگەیەنن.

سەرچاوەکان:
**(١): مەحموود شێرزاد، گۆڤاری لاوان، ژمارە (١٦)**
**(٢): بەختیار عەلی "وەڵام لە رۆژگاری ونبوونی پرسیاردا"**
**(٣): مەریوان وریا "بەختەوەریو بێدەنگی"**

## وەرگێرانی فارسی
## دەربەندی پەپوولە




کتێبە شێعری "دەربەندی پەپوولە" لە نووسینی شاعیری گەورەی کورد شێرکو بێکەس بۆ جاری دووهەم وەرگێردراوە سەر زمانی فارسی و بڵاو کراوەتەوە. ئەم وەرگێرانە نوێ یە لە لایەن بەرێز عەزیز ناسری لە ژێر ناوی "در بند پروانە" بە بەرگێکی جوان و لە ١٧١ لاپەرە چاپ و بڵاو کراوەتەوە و خودی وەرگێریش پێشەکی‌یەکی کورتی کە ناساندنی شێرکویە بە خوێنەرانی فارس بۆ داناوە.
شایانی باسە ئەم رۆمانە شێعری‌یە بۆ جاری یەکەم ساڵی ١٣٧٩ لە لایەن محەممەد رەئوف مورادی بە فارسی تەرجومە کرابوو بە ناوی "درە پروانە". پیروزبایی بە شاعیری گەورەی گەلەکەمان شێرکو بێکەس دەڵێین و دەستخۆشانە لە کاك عەزیز ناسری دەکەین.

## سپی تر

سێیەمین ژمارەی گۆڤاری سپی تر بڵاو کرایەوە. ئەم ژمارەیەی "سپی‌تر" چەند بوارێکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە خۆگرتوە کە بریتین لە: راڤە، وتار، وتوویژ، چیرۆك، شێعر و ... بەشی زۆری لاپەرەکانی ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ نووسەرانی باشووری کوردستان و ئەم ژمارەیەی "سپی‌تر" لە ١٣٤ لاپەرە دا بڵاوکراوەتەوە.




## پێشەنگ

ژمارە ٥ی "پێشەنگ" کە گۆڤارێکی ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری‌یە لەم دوایانەدا چاپ و بڵاو کرایەوە.
ئەم ژمارەیەی "پێشەنگ" دابەش کراوە بە سەر چەند بەشی وەك: وتار، وتوویژ، شێعر، چیرۆك و توێشوو. توێشووی ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ یادی سەمەد بێهرەنگی چیرۆکنووس و ئەدیبی هاوچەرخی ئێران.



بەشێك لە قەسیدەی

# ئەمرۆ کاتژمێرە ٥/٥ کچێك ماچێکم دەداتێ

**ماچی یەکەم لە یەکشەممەی یەکەم دا**

**وتووێژی کوڕی تاڵ لەگەڵ کچی شیرین لە سەر مێزی ئێوارەیەکی مێخۆش**

**وەرزی لە دایك بوون**



مەحموود شێرزاد
Shirzad17@yahoo.com

منالی من سەرخۆش لە وێران کردنی مەملەکەتی جوانیەکان و . . . تۆش
منالیت پڕ لە بەخشینی گوڵەگەنم و پڕ لە بانگهێشتی چۆلەکەو لێوڕێژ لە مشتە ئاوەکان
من . . . تاریک و تار لە ژێر میچی متبەخێک دا و . . . منالی تۆ
سپی، سپی لەگەڵ سپێتی بەفرەکان گەورە دەبووی.

منالی من پڕ لە پێغەمبەرایەتێکی ئەبوجەهلانەو . . . تۆش
منالیت بە سپێتیی چاوی تاقانەی نێرگس داو بە دڵی نەرمی باران و بە شکۆفەی دەمی گوڵجاڕ دا تێپەڕی
من. . . کانیاوێکی کەویرەو . . . منالی تۆ
هاژەی دێ رووباری بەژنت بەرەو دەریاکانی تاووس.

چیت بۆ باس کەم چی؟
کاتێ من و تۆ لێرەوە هەتا وەکوو دوورگەی دووری منالیمان لێکتری دوورین، دوور
بەسە ئیتر لەو شەوەوە تا ئەو پەڕی ئەو شەوانەی کە هێشتاکە ژانی تەنیایم نەچێژتوون
من حیکایەتی منالیم بۆ کچی هیچ خەیالێک و
تا لە دایک بوونێکی تر زمانم لاڵ . . .تۆش
ئارام . . . ئارام بنیشە سەر پەلکی خەو ـ و بنوو . . . بنوو پەپوولەکەم.

مردنی شەوی حەوتەم هەمان حیکایەتی مردنی شەوی هەینی بوو
من . . . دوێنێ شەو لە گۆڕی شەوی حەوتەم دا حیکایەتی مردنی شەوی هەینیم بۆ دەگێڕایەوەو . . . تۆش
ماڵ ئاواییت لە باخ کردو لەگەڵ پۆلی گوڵ هەنارە کۆچەرەکان ئەو نیشتمانەت بە جێهێشت.

تۆ بە رێگەی گوڵ هەنارێکی کۆچەر داو . . .من
بەیانی لە کاتژمێر ٧/٥ی شەممە دا لە دایک دەبم
٧/٥ دەرگای نێوان دوو جیهانی تەواو پێچەوانەی منە و . . . لەگەڵ ئاوابوونی تۆ دا دەمباتەوە بەرەو دنیای لاڵی چاوەگەشەکانم و
کوێری دەمی پڕ لە وشەم
٧/٥ دەرگای نێوان دوو جیهانی تەواو پێچەوانەی منە و . . . لەگەڵ گەڕانەوەی تۆ دا دەمهێنێتەوە سەر دونیا و دەمباتە نێو باخی گوێ گرتن لە بەژن و
لە ئاوازی شیرینی هەنارەکانت.

هەر ئێستاکە ئێمە هەموومان هەناری ٥/٥ ئێوارەی یەکشەممە دەخۆین
لە نێوان من و هەناری ٥/٥ یەکشەممەدا رۆمانێکی شیرین هەیە
شیرین بەقەت . . . هەرچەندە لێوتان حەز دەکا ماچێکی سەد هێندە هەنگوێنم پێ دەدەن.

لەوە بەدوا هەموو شەممەکانی دیکە بۆ من (١) ن
هەر ئێستا کە ئێوەش لە کوچە باخەکانی ئێوارەی یەکشەممەیەک دا پیاسە دەکەن
هەموومان لە ئێوارەی یەکشەممەیەک دا دەژین.

ئێوارەکانی دووشەممە دەمبوورن
هەر چەندە من ئێوارەیەک نەچوومە ئەو کوڵانانەی ژالەیەکی بەر پەنجەرەو دار هەناری ناو حەوشەیەک چاوەڕوانی بارانی هەنگاویان کردم.

ئێوارەکانی سێشەممە دەمبوورن
هەر چەندە من ئەمرۆ نەبێ هەرگیز، هەرگیز بە ئەشقی ئێوارەیەک دا سەفەری دڵێکم نەکرد
ئەمرۆ نەبێ هەرگیز، هەرگیز بە باوەشی ئێوارەیەک دا نەمکوشی و
بە لێوی ئێوارەیەک دا ماچم نەکرد.

ئێوارەکانی چوار شەممە و هەموو ئێوارەکانی دی رەنگە هەرگیز لێم خۆش نەبن
بەڵام ئەمرۆ یەکەم ئێوارەی یەکشەممەی کوڕێنیم و
یەکەم رۆژی تەمەنم بوو
ئەمرۆ کاتژمێر ٥/٥ کچێک ماچێکم دەداتێ.

## ماچی دووهەم لە یەکشەممەی دووهەم دا

**لە ئێوارەی یەکشەممەکانی پیر بوون دا بە سەر باخی ماچەلاوەکانی نێوانماندا دەبارێم**

**رەنگە ئەم بەفرینە ماچە سەرەتای سەفەرێکی ریش سپی بێ**

**نزیك بوونەوە لە مردن**

منالْ بووین و جووتێ کۆتر
هەرچەند هەموو ئاسمانەکان بۆ هەڵفڕینمان ساوی بوون
کەچی ئێمە هەڵنەفڕین و نەشماندەزانی کە رەنگە ئاسمانەکانی داهاتوو،
رێگەی هەورمان پێ دەدەن
ئەستێرەکانی بەختیشمان لە گۆمی تاریکی دەخرێن

گەورەبووین و جووتێ تاووس
هەرچەند هەموو گوڵجاڕەکان لەگەڵ ساباتی ئەشقمان بەهاری بوون
کەچی ئێمە ساباتێکمان ساز نەکرد و نەشماندەزانی کە رەنگە گوڵجاڕەکانی داهاتوو،
چەتری پاییزمان پێ دەدەن
گەزیزەکانی تاسەشمان لە سێدارەی سەهۆڵ دەدرێن

نا نا رۆژین ئەوە حیکایەتی ئێوارەشیرینەکانی یەکشەممەی چی ؟!
لە نێوان کرێوەی لێوە پیرەکانی ئێستای من و هەنارە چرچەکانی تۆدا
**راستی گوڵم .. هەموو ئەوانەی بیریان لە داهاتوو کردەوە ئێستایان دۆڕاند**
هەموو ئەوانەی ئێستا. . . داهاتووش
وەرزێکی دۆڕاو دەبارێن .

چەندە منالْ هەموو کایە گەورەکانمان دۆڕاند
چەندە گەورەش منالە کۆترینەکانمان ئاسمانێکیان لێمان دەوێ، کەچی ئێمە چەندە بچووک
حەوشەیەکیش بۆ منالی کایەکانیان بەدی ناکەین
چەندە منالْ هەموو کایە گەورەکانمان دۆڕاند
چەندە گەورەش منالە تاوسینەکانمان ساباتێکیان لێمان دەوێ، کەچی ئێمە چەندە بچووک
چەترێکمان نییە لە بارانی ئاوارەیی دا تەڕ نەبن

من خۆم ویستم رێگاکانی دۆڕاندن بە کایەکانی منالیم دا تێپەڕن . . . تۆش
من خۆم ویستم بێهوودەیی ساڵەکانم داگیر بکەن . . . تۆش
من خۆم ویستم گەڵاکانی تەمەنم . . . تۆش

کەچی رۆژین.. ئێمە لە دایک نەبووین کایەکانی منالیمان بدۆڕێنین
ئێمە لە دایک نەبووین بە وڵاتە تەوشەکانی تەمەن دا ئاوارە بین
ئێمە لە دایک نەبووین بۆ مردن

من و تۆ چەندین ساڵ بە ئێوارە سەوزەکانی باران دا پیاسەمان کرد
تەمەنێک بە چاوەشینەکانی رووباردا روانیمان
کەچی هەرگیز نەمانتوانی هیوای رووبارانەی ئاو ـ و
زمانی شەپۆلانەی دەریا فێربین
من و تۆ چەندین سال لەبەیانی گووڵەکانەوە ئاشقی پەپوولەکان بووین
تەمەنێک بە تاریکی ساتەکان دا گری مۆمەکانمان خۆشویست
کەچی هەرگیزنەمانتووانی نهێنی یەکانی گووڵجاڕو
ئەو دیوئەشقی پەروانەو شەم دەستەمۆ کەین
ئەو رێگەی زریانە بۆ کوێمان دەبا رۆژین ؟
سەرماوەزی ئەو هەناسانە چییان لە باخی تاسەکانی ئێمە دەوێ ؟
ئەم بەفرانباری سەرانە بۆ ؟
ئەو رێبەندانی هەنگاوانە دەڵێن چی ؟

هێچمان نەماوە لە بەهار
من و تۆ لە وەهمی نشتیمانیکی بەهەشتی دا دەژین
دەنا لە مێژە نازەنین رەنگامەی هەناسەکانی باخی جەستەمان وەریون
من و تۆ .. دەنا لە مێژە ناوەنین .. دەنا لەمێژ
هەر ئێستاکەش بە سەر ئێوارە یەکشەممەیەکی هەناردا بەفر دەباریێ رۆژین
بەفری ماچەکانی من
بە سەر جەستەی هەنارەکانی پیریی تۆ دا
ئەمرۆ کات ژمێر ٥/٥ کچێک ماچێکم دەداتێ.

# بەڕێز حەسەن شەرەفی: مەهاباد سەبارەت بە جێگیربوونی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەوێ، بە "سەری مارەکە" دەژمێردرا

## وتووێژێك بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی گیرانەوەی شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە

**پێشەکی**

**١٢ی خەرمانانی ئەمساڵ، ٢٥ ساڵەی گیرانـەوەی شـاری مـەهاباد لەلایـەن هێزەکـانی ڕێـژیمی کۆمـاری ئیسلامی‌یەوەیە، ئەم ڕووداوە بەپێی ئەو پێگەیە کـە شـاری مـەهاباد لـە بـاری سیاسی‌یەوە هەیبوو، گرنگی‌یەکی تایبەتی هەبوو. ئەگەر گیرانەوەی شاری مەهاباد لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٦دا بزووتنەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تووشی پاشەکشە کرد، گیرانەوەی ئەمجارەی مـەهاباد لەلایـەن هێـزە چـەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بوو بە سـەرەتای قۆناغێکی دیکە لـە خـەبات‌و چـالاکیی حیزبـی دێمـوکرات‌و بزووتنـەوەی نەتەوایـەتیی کوردسـتان. قۆنـاغی بەرەنگاری‌یەکی چەکدارانەو حەماسی کە سەرئەنجام خومەینیی ناچار بـە نـاردنی پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر کـرد. گرنگیـی گیرانەوەی مەهابادو ئـەو هۆکارانـە کـە بوونەتە هۆی ئەوە گرتنەوەی ئـەم شـارە گرنگی‌یـەکی ئـاوای هـەبێ‌و، پێگـەی ئێسـتای شـاری مـەهاباد لـە ڕووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌دا تەوەری ئـەم وتووێژە پێك دێنن کە لەگەڵ بەڕێز کـاك حەسـەن شـەرەفی، ئەنـدامی دەفتـەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران (کە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نزیك بووە) پێکمان هێناوە.**

**"کوردستان"**

**پ: وەك دەزانین بەدوای فتوای جیهادی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان، شاری مەهاباد دەبێتە ئامانجی سەرەکیی هێزە هێرشکەرەکانی ڕێژیم‌و لە ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ٢٥ ساڵ لەوەپێش هێزەکانی ڕێژیم ئەو شارە داگیر دەکـەن، ئـەو ڕووداوە چ شـوێنەوارێکی لەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکرات دانا؟**

**و:** پـاش دەرچـوونی فتـوای جیهـادی خومـەینی لـە دژی خـەڵکی کوردسـتان‌و هێرشی نیزامیی بەربڵاو بۆ سەر شارەکانی کوردستان، گەلی کوردو حیزبی دێموکرات دوو ڕێگایان لەبەر بوو یا دەبوو تەسـلیمی ڕێژیم بـبن، یـا ڕێگـای درێـژەی خـەبات‌و خـۆڕاگری بگرنەبـەر کـە بـە خۆشـی‌یەوە ڕێگای مەنتیقی‌تر یانی درێـژەی خـەبات‌و خۆڕاگرییان هەڵبژارد. هەرچەند سەپاندنی دەسەڵات لە ڕێگای هێرشـی نیزامـی لـە لایەن ڕێژیمەوە هـەموو شـارو ناوچـەکانی کوردستانی گرتەوەو وەك یەك درانـە بـەر پـــەلاماری هێـــزە جۆراوجـــۆرە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بەڵام مەهاباد بە هۆی مەوقعییـەتێکی تایبـەتی سیاسـیی ئەوکات کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمـوکرات لـەو شـارە جـێگیر ببـوو، بـۆ ڕێـژیم گرنگی‌یەکی تایبەتی هەبوو، تەنانەت بـە "سەری مارەکە" دەژمێردراو ئاسایی بوو، ئەگـەر ڕێـژیم هێرشـی بـە بەرنامـەتر، بەربڵاوترو بەردەوامتری بکاتەسەرو دەست بەسـەرداگرتنی مـەهاباد لـە ڕوانگـەی ڕێژیمـەوە بـە کۆتـایی کـاری بزووتنـەوەی کـوردو شـوێندانەری حیزبـی دێمـوکرات لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بژمێردرێ. بۆیە پاش ماوەیەك شەڕو هێرشی نیزامی ڕۆژی ١٢ی خـەرمانانی ٢٥ سـاڵ لـەوەپێش بـەدوای ئـەوەدا کـەحیزبی دێمـوکرات بڕیاری‌دا لە نێو شارەکان‌دا بۆ پێشگرتن لە کـوژرانی خـەڵك‌و وێرانـی شـارەکان لـە شارەکان‌دا شـەڕ نـەکاو شـاری مـەهاباد کەوتە دەست هێزەکانی ڕێژیم. بەوحاڵـەش تا چەند ساڵ دواتریش کۆنترۆڵـی شەوانەی شار هەر لە دەست خـەڵك‌و پێشـمەرگەدا بوو. با ئەوەش بڵێم کە بە گرتنەوەی شاری مـەهابادو بـاقی شـارەکانی کوردسـتان خۆڕاگریی چەکدارانە کۆتایی نەهات‌و لـە دەرەوەی شارەکان‌و تەنانەت لەسەر ڕێگـا ئەسڵـــی‌یەکان‌و زۆربـەی ئاوایی‌یـەکانی دەوروبەری شارەکان بۆ زیاتر لە ١٥ ساڵ دوای گیرانەوەی شارەکانیش هەر بەردەوام بووو بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان هەر لە دەست خەڵك‌و پێشمەرگەدا مانەوە.

**پ: لە مێژە ئەو ناسـناوە بـە شـاری مـەهاباد بەخشـراوە کـە ناوەنـدی لـە مێژینـــەی بزووتنـــەوەی نەتەوایـــەتیی کوردستانی ئێرانە. هەڵکەوتنی مەهاباد لە پێگەیەکی ئەوتۆدا لە لایەك بۆتە هۆی حەساسییەتی دەسـەڵاتە ناوەندی‌یـەکانی ئێران‌و دوژمنانی بزووتنەوەی کوردستان‌و حیزبی دێموکرات‌و لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە هۆی ئەوە کە خـەڵکی کوردستان‌و دڵسۆزانی بزووتنەوە هەمیشە بـە چـاوی ڕێزو هیواوە بڕواننە ئەم شـارە. دەکـرێ باسی ئەو هۆکارانەمان بۆ بکەن کە ئـەو پێگەو ناسناوەیان بەم شارە داوە؟**

**و:** پێم خۆشە لە پێشدا ئـەم ڕاستـی‌یە بخەمـە ڕوو کـە بزووتنـەوەی کـورد لـە کوردستانی ئێران لـە کۆنـەوە تـا ئێسـتا بزووتنەوەیـەکی بـەرین‌و بـەربڵاو بـووەو هـەموو شـوێن‌و شـارو شارۆچـکەکانی کوردسـتانی ئێرانـی گرتۆتـەوە، هەسـتی نەتەوایەتیی ئەو گەلە بەرچاو بووە، بـەڵام هێندێ هۆکـارو چـەند تایبەتمەندی‌یـەکی دیکە هەر جارەی شوێنێکی کوردستان یان بڵێین شـارێکی کوردسـتانی وەك ناوەنـدی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران زەق کردۆتـەوە. مـەهاباد هـەم بـە هـۆی هەڵکـەوتویی جوغرافیایی‌یـەوەو نزیـك بـوون یـان شـوێندانەربوونی ڕووداوەکـانی وڵاتـانی دەوروبـەر یـان بزووتنـەوەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان وەك



کوردستانی تورکیەو عێـراق، زیـاتر یـان دەکرێ بڵێین زۆرتر لە پەرەگرتنی هەسـتی نەتەوایـەتی‌دا دەوری هـەبووەو هـەم بـە دامەزرانـدنی دوو ڕێکخـراوی سیاسـیی کـورد، وەك کۆمەڵـەی ژ.کـاف‌و حیزبـی دێمـــوکراتی کوردســـتانی ئێـــران وەك ناوەنـــدێکی ســـەرهەڵدان‌و درێـــژەدانی بزووتنەوەی کورد، خۆی دەرخستوە. دیارە ئەم ڕێکخـراوو حیزبـە هـەر تایبـەت بـە خەڵکی ئـەم شـارە نـەبوون‌و لـە زۆربـەی شارەکانی کوردسـتان ئەنـدامی هـەبووە، بەڵام بەهەرحاڵ شوێنی دامەزران‌و ئەوە کە زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی خەڵکی ئەو شـارە بـوون‌و سـەرئەنجامیش ناوەنـدی یەکـەمین کیـانی کـوردی لـە شکڵـی کۆماری‌دا بووە. بۆیە لـە زیـاتر لـە نیـو سەدەی ڕابردوودا ئەم شارە هەم لە لایـەن دڵســۆزانی کــوردو هــەم دوژمنــانی بزووتنــەوەی کــوردیش وەك شــوێنێکی تایبەت بە بزووتنەوەی کـورد یـا حیزبـی دێموکرات سەیری کراوە.

**پ: ئایـا شـاری مـەهاباد دەتوانـێ ئێستاش هەر بەم چاوەوە کە لە سـەرەوە باسمان کرد لێی بڕوانرێ؟**

**و:** شاری مەهاباد هەمیشە دەکرێ وەك شارێکی زیندوو بە خـەڵکێکی وشیارەوە سەیر بکرێ‌و خۆشـناویی ڕابـردووی خـۆی بپارێزێ، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بـێ کە بە خۆشـی‌یەوە ئێسـتا هـەموو شـارو شوێنەکانی کوردستان ڕەوتـی بـەرەوپێش چوونی خۆیـان لـە مەیـدانی خـەبات بـۆ ئازادی‌و مافی نەتەوایەتی‌دا بڕیـوەو هـەر شارو شوێنێك خۆی خاوەنی ڕابردوویـەکی پڕ لە شانازی‌یەو ئێستا دەکرێ بڵێین هـەر یەك لە شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی یەکسـان بـە تـەفاوەتێکی کەمـەوە، لـە بزووتنـــەوەی کـــورددا شـــوێندانەرن‌و جیاوازی‌یەکی زۆر بەرچـاو لـە نێوانیـان‌دا بەدی ناکرێ.

**پ: مەهاباد وەك مامۆستا عەبـدوڵڵا حەسەن‌زادەش لە کتێبی "کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێـران"دا باسـی کـردوە، لـە دوای ڕاپـەڕینی دژی پاشایەتیی ١٣٥٧، دیسان بوو بە ناوەندی حیزبـــی دێمـــوکرات‌و بزووتنـــەوەی نەتەوایـــەتیی کوردســـتانی ئێـــران. ئایـا گەڕاندنەوەی ئەو پێگەیە بۆ مەهاباد لـە لایەن ڕێبەرایـەتیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردســـتانی ئێرانـــەوە لـــەو کـــاتەدا دەگەڕایەوە بۆ چ هۆکارگەلێك؟**

**و:** ئـەوە کـە دوای ڕاپـەڕینی خـەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی‌و سـەرکەوتنی شـۆڕش لـە سـاڵـی ١٣٥٧ی هـەتاوی‌دا، جارێکی دیکە مەهاباد بـۆوە بـە شـوێنی جێگیربـــوونی ڕێبەرایـــەتیی حیـــزب، هۆیەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوە کـە تێکۆشانی نهێنی حیزبـی دێمـوکرات لـە نێـوان سـاڵانی پـاش ڕووخـانی کۆمـاری کوردستان تا سەرکەوتنی شۆڕشی گـەلانی ئێـران‌دا زیـاتر لـە شـارەکانی مـەهاباد، بۆکـان، سەردەشـت، پیرانشـارو شـنۆو مەریوان‌و بانە لە جەغرێکی بەرتەسکتر لە هـەموو کوردسـتان‌دا بەڕێوەچـوو و لـە ئاکام‌دا پێگەی حیزب لەو شارانە زیاتر لە باقی شوێنەکانی دیکە بوو. بێجگە لـەوە مـەهاباد شـوێنی دامـەزرانی کۆمەڵـەی ژ.کـاف‌و حیزبـی دێمـوکرات بـوو و لـە هـەمان کـاتیش‌دا ناوەنـدی دەسـەڵاتی کوردی لە شکڵـی کۆماری یانی کۆمـاری کوردســـتان بـــوو، هـــەروەها زۆربـــەی ئەنـدامانی ڕێبـەریی ئـەو کـاتی حیـزب خەڵکی ئەو شارە یا شارەکانی دەوروبەری بوون‌و سەرجەم ئەمانە بوونە هۆی ئەوە کە لـە پـاش سـەرکەوتنی شۆڕشـی گـەلانی ئێران، جارێکی دیکە ڕێبەرایەتیی جیزب لەو شارە جێگیر بێتەوە.

**پ: هەرچەند مەهاباد لەلایەن هێزی پێشـمەرگەوە ئـازاد کرایـەوە، بـەڵام هەڵکەنران لە مەهاباد بۆ جاری دووهەم چ واتایـەکی بـۆ سـەرکردایەتیی حیزبـی دێموکراتی کوردستان هـەبوو؟ سـەرەتای قۆنـاغێکی دیکـەی خـەبات بـوو، بـەو واتایەی دوای گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن هێزەکانی ڕێژیی حەمەرەزاشاوە هـەیبوو یان بە واتایەکی دیکە؟**

**و:** پـــاش گەڕانـــەوەی ئەرتەشـــی حەمەرەزاشا بـۆ کوردسـتان‌و گیرانـەوەی شارەکان لە لایەن ئەرتەشـەوەو هـەروەها پاش هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسـلامی بۆ سەر کوردستان‌و دەست بەسـەرداگرتنی شـارەکان لـە هـەردوو ئـەو بڕگانـەدا هەڵوێستی خەڵك‌و حیزبی دێموکرات یـەك شت بوو، درێژەدان بە خەبات‌و خۆڕاگری‌و مەبەسـتی هـەر دوو ڕێـژیمیش هـەر کۆتایی‌هێنان بە بزووتنەوەی کورد بـوو. تەنیا تەفاوەتێك کـە هـەبوو لـە شێوەی خەباتەکەدا بوو، پاش گەڕانەوەی ئەرتەشی پاشایەتی بۆ کوردستان خەباتەکـە زیـاتر نهێنـی، تەشـکیلاتی‌و تـەبلیغاتی بـوو، بەڵام، پاش گیرانەوەی شارەکان لـە لایـەن هێزەکانی کۆماری ئیسـلامی‌یەوە، وێـڕای بەڕێوەچوونی ئەو شێوە خەباتە، خـۆڕاگری لـە حـادترین شکڵـی خۆشـی‌دا، یـانی خەباتی چەکداری بـۆ زیـاتر لـە ١٥ سـاڵ پـاش جێگیربـوونی هێزەکـانی ڕێـژیم لـە ناوچـەکانی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی ئاشکراو بـەردەوام هـەر درێـژەی هـەبوو. ئاکـامی ئـەو بەربـەرەکانێ‌و خۆڕاگری‌یـە ئەوە بوو کە بە خۆشی‌یەوە ئێستا هـەموو کوردســـتان گۆڕەپـــانی خـــەبات دژی دیکتاتۆری بە مەبەستی دابینبوونی مافی نەتەوایەتی‌یـەو هـەموو ڕۆڵـەکانی گـەلی کــورد لــەو خــەبات‌و بەربەرەکانێ‌یــەدا بەشدارن.

❊❊❊

# ڕێزگرتن لە ٢٥ی گەلاوێژ لە دەرەوەی وڵات

### * ئوستڕالیا:

ڕۆژی شـەممە ٣١ی گەلاوێـژی ١٣٨٣ی هـەتاوی، بەبۆنـەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانـەوە، کۆمیتـەی حیـزب لـە "ئادێلایـد" ڕێـوڕەسمێکی بـە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی نیشتەجێی ئەو ناوچـەیە پێك هێنا. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیـانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب لە "ئادێلاید" بەو بۆنەیەوە کە هەڵگری کۆمەڵێك باسی پێوەندیدار بە ناوچەو جیهان‌و کوردستان بوو، پێشکەش کرا.

بـە شـوێن ئـەودا پەیامـەکانی یەکیـەتیی نیشـتمانیی کوردستان، ڕێکخراوی کوردسـتانیی حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران (کۆمەڵـە)، یەکیـەتیی لاوانـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران‌و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کران.

شایانی باسە کە ڕێوڕەسمەکـە بـە شـایی‌و خۆشـی لەلایـەن بەشدارانەوە تا دەرنگانی شەو درێژەی کێشا.

### * نۆرویژ:

ڕۆژی یەکشەممە ٨ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزب ـ لیللەسترۆم، بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە، ڕێوڕەسمێکی بـە بەشداریی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەو وڵاتەدا پێـك هێنـا. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی ڕەقیـب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بـۆ ڕێزگـرتن لـە گیـانی پـاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان پـەیامی کۆمیتـەی حیـزب بـەو بۆنەوە خوێندرایەوە. بەشوێن ئەودا پەیامەکانی پارتی دێموکراتی کوردســـتان، یەکیـــەتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان، کۆمەڵـــەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی شـیوعیی کوردسـتان‌و پارتی دێموکراتی کوردسـتانی بـاکوور پێشـکەش کـران. پاشـتر چەندین برووسکەی پیرۆزبایی کە لەلایەن پارتی یەکیـەتیی کـورد لە سووریەو کۆمەڵە کوردی‌یەکان‌و... هاتبوون، خوێندرانەوە.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تـەرخان کرابـوو بـۆ بەرهەمگـەلی هونەری‌و ئەدەبی‌و شایی‌و هەڵپەڕکێ.

### * بریتانیا:

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لـە ناوچـەی "هەمـەرسمیت"ی بریتانیـا بـە بۆنـەی ٢٥ی گەلاوێـژ ٥٩ سـاڵەی دامـەزرانی حیزبەکـەمان، ڕێورەسمێـك بـە بەشداری ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دانیشتووی ئـەو ناوچـەیە پێك هات. سەرەتا ڕێورەسمەکە بە سـروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیـانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان پەیامی کومیتـەی حیـزب بەو بۆنەوە پێشکەش کرا. دوابەدوای ئـەو پەیامـە، پەیامـەکانی مەکتەبی دەرەوەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردسـتان، کۆمەڵـەی شورشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردستانی ئێـران ـ کومیتـەی هاوکـاریی حیزبـە کوردسـتانی‌یەکان ـ ڕێکخـراوی کرێکـارانی شورشگێڕی ئێران (راە کارگر)، بەرەی یەکگرتووی بەلووچستان و کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پێشکەش کران.

### * فینلاند:

کومیتـەی حیـزب لـە فینلانـد بـە بۆنـەی ٢٥ی گەلاوێـژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکرات‌و هەروەها بە بۆنەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٣، ڕێورەسمێك لە نزیك شـاری "تورکۆ" ئەو وڵاتەدا پێـك هێنـا. لـەو ڕێورەسمـە کـە سـەرجەم ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب ـ فینلاند بەشدار بـوون، سـەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیانـدنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد، پاشان پەیامی حیزب پێشکەش کرا. دوابەدوای پـەیامی حیـزب پەیامـەکانی یەکیـەتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێران‌و چریکی فیدایی گەلی ئێران (ئەکسـەرییت) پەیامـەکانی خۆیان بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. لە کۆتایی‌دا کومیتـەی حیـزب کـۆڕێکی ڕوونـاکبیری پێـك هێنـا کـە لـەو کـۆڕەدا لەسـەر ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو جیهان‌و حیزب قسە کرا.

### * سوئێد:

ڕۆژی شەممە ٣١ی گەلاوێـژی ١٣٨٣ی هـەتاوی، کومیتـەی حیزب لە شاری لینشوپینگ لە وڵاتی سوئێد، بـە بۆنـەی ٢٥ی گەلاوێژ ٥٩ ساڵەی دامەزرانی حیزب، ڕێـورەسمێکی بەبەشـداری ئەندامان‌و دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب ـ لینشوپینگ پێك هێنا. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایـەتیی "ئـەی ڕەقیـب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بـۆ ڕێزگـرتن لـە گیـانی پـاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان بەو بۆنـەوە پـەیامی کومیتـەی حیزب پێشکەش کرا، کە لەو پەیامەدا ئـاوڕێکی خێـرا درابـۆوە سەر ڕەوشی کوردستان‌و بـارودۆخی ناوچـەو جیهـان. دوابـەدوای ئەوە پەیامی ئەو حیزب‌و ڕێکخراوانەی خوارەوە کە بەو بۆنەیـەوە ناردبوویان خوێندرانەوە: پارتی دیموکراتی کوردسـتان، یەکیـەتیی نیشتمانیی کوردسـتان، حیزبـی شـیوعیی کوردسـتانی عێـراق، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیـەتیی ژنـانی دیـــموکراتی کوردســـتانی ئێـــران، کۆمەڵـــەی کەمئەنـــدامان‌و بەساڵاچوان، یەکیەتیی کوردان ـ لینشوپینگ. شایانی باسە کـە نێوئـاخنی ڕێورەسمەکـە بـە پێشـکەش کردنـی چـەندین بابـەتی هونەری‌و ئەدەبی ڕازابۆوە.

### * ئامریکا:

ڕۆژی یەکشەممە ١ی خەرمانانی ١٣٧٣ی هەتاوی، کومیتەی حیزب لە ئامریکا بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزب، بە بەشداریی سەرجەم ئەندامان‌و لایـەنگرانی حیـزب لـە ئەیالەتی "ڤیرجینیا" ڕێورەسمێکی بەشکۆی پێك هێنـا. سـەرەتا ڕێورەسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان بەو بۆنەوە پەیامی کومیتەی حیزب لـە ئامریکـا پێشکەش کرا. دوابەدوای ئەوە پەیامەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پـارتی دیـموکراتی کوردسـتان، بـەرەی دیـموکراتیکی ئێران‌و ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن، پێشکەش کران. شـایانی باسە کە ڕێورەسمەکە بە پێشـکەش کردنـی کۆمـەڵێك بەرهـەمی هونەری ـ ئەدەبی کۆتایی پێ‌هات.

### * کانادا ـ ڤانکۆوێر:

بە بۆنـەی ٢٥ی گەلاوێـژ، ٥٩ سـاڵەی دامـەزرانی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتانی ئێـران، کومیتـەی حیـزب ـ ڤـانکۆوێری کانادا، ڕێورەسمێکی بەبەشداریی سەرجەم ئەندامان‌و لایـەنگرانی حیزب لەو وڵاتەدا پێك هێنا. سـەرەتا ڕێورەسمەکـە بـە سـروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بـۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شـەهیدان دەسـتی پـێ‌کرد، پاشـان بـەو بۆنەوە پـەیامی کومیتـەی حیـزب لـە کانـادا پێشـکەش کـرا، هەروەها کورتە فیلمێك لەسـەر مێـژووی حیـزب هاتـە نوانـدن. شایانی باسە کە ڕێورەسمەکە بـە کۆمـەڵێك ئاهـەنگی هونـەری‌و بۆنەیی کۆتایی پێ‌هات.

❊❊❊

## هەواڵێك لە شاری مەریوانەوە

### بەڕێوەچوونی سمینارێك لەژێر ناوی "لێکدانەوەی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی"

**بە پێی هەواڵێك کـە بـە ڕۆژنامـەی "کوردسـتان" گەیشتووە، ناوەندی زانستی فەرهەنگیی "ڕۆنـان" لـە ڕێکـــەوتی ٢٥ی گەلاوێـــژی ١٣٨٣ی هـــەتاوی‌دا، سمینـارێکی بـە ناونیشـانی "لێکدانـەوەی بزاڤـی ڕۆشنبیریی کوردی" لە هۆڵی گشـتیی "موجتەمـەعی فەرهەنگیی شاری مـەریوان" وەك یەکـەمین سمینـاری ڕۆشنبیریی کوردی، بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانی کوردستانی ئێران بەڕێوە برد. سەرەکی‌ترین تەوەرەکانی ئەم سمینارە بریتی‌بوون لە:**

**١ـ ڕۆشنبیران‌و کۆمەڵگای مەدەنی**

**٢ـ ڕۆشنبیران‌و ئایین**

**٣ـ پێوەندیی ڕۆشنبیران‌و دەسەڵات**

**٤ـ مێژووی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی**

**ئەو کەسانەی کە لەو سمینارەدا وتاریان خوێندەوە یان لە مێزگردەکانی پێوەندیدار بە سمینارەکەوە بەشدارییان کردبوو، بریتی‌بوون لە: دوکتور ڕوئیا تلـووعی، حسـین محەمـەدزادە، جـەلیل ئـازادیخواز، ئیـبراهیم مینـویی، ئەسکەندەر مورادی، فەرزاد میرئەحمەدی، سـەلاحەدین خەدیو، مەسعوود بینەندە، ئەحمـەد غـولامی، بێهـزاد کوردستانی، سەعید ساعدی‌و دوکتور جەمال محەممەدی.**

**شایانی باسە دوو پەیام لەلایەن بـەڕێزان پرۆفیسـۆر عەباس وەلی‌و مەریوان وریا قانعەوە کە بۆ سمینارەکـە نێردرابوون، خوێندرانەوە.**

❊❊❊

# پەیامی حیزب و کەسایەتی‌یە کوردستانی‌یەکان بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزب

## بەشێك لە پەیامی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

پەیامی هاوپێوەندی

سڵاوی سەربەخۆیی‌و ئازادی!

بەهیوای بەستنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران). بەناوی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی‌و سەرجەم هاوبیرو هاوڕێبازانی کۆمەڵەی نەتەوەیی کوردی‌یەوە، جوانترین دەستەگوڵی هەست‌و سۆزمان ئاراستەی بەڕێزتان‌و لە دەفتەری سیاسی‌و سەرکردایەتی‌و تەواوی ئەندامان‌و دۆست‌و لایەنگران‌و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین‌و سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدان‌و گیانی ڕێبەران دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و سەروەری شەهیدان، قازیی نەمرو هیوای سەرکەوتن‌و پێشکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

ئازیزان! لە هاتنەکایەی سیستمی نوێی جیهانی کە خۆی لە هەرەسهێنانی ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان‌و چەسپاندنی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤدا دەنوێنێ، قۆناغێکی لەبارتر بۆ کوردیش هاتە پێشەوەو لە خاڵە گەرمەکانی ڕووداوەکانی ئەو گۆڕانکاریانە دەروازەیەك بۆ کورد کراوە لە دوای شەڕی دووهەمی کەنداو، کورد لە باشوور ڕاپەڕینی کردو دەسەڵاتی پەیدا کرد، بووە لایەنی ئیجابی لە هاوکێشە نێوەدەوڵەتی‌یەکان‌و جارێکی‌تریش وا چاوەڕوان دەکرێت سەرکەوتن بەدەست بێنێ کە دیکتاتۆریەت ریشەکێش کرا، مەترسی‌یەکان لە قەڵاچۆکردن‌و پاکتاوی نەژادی ڕەوی‌یەوەو ئێستاکە وەکوو نەتەوەیەك‌و هێزێك بوونی خۆی دەسەلمێنێ لە ناوچەکەو هەرچەندە لاوازیشی پێوە دیارەو دوژمنانیش بەشێوەی زەقتر لێمان هاتوونەتە بەرەنگاربوونەوە بەشێوەی تەیاراتی توندوتیژی شۆڤینی‌و ئایینی کە کورد بە پاشکۆی ئەمریکاو ئیسرائیل دادەنێن. بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە چاوەڕوان ناکرێت داگیرکەرانی نەتەوە سەردەستەکان مافی ئێمە بە ئاسانی بەڕەوا ببینن کە ئەمڕۆکەش زیاتر کورد بە هۆکارو هاوکارێکی ئەو گۆڕانکارییانە دەزانن لە ناوچەکەدا. ئێمەش لەو سەرو بەندە چاوەڕوان دەکەین‌و گەشبین دەبین لە پارچەکانی‌تریش کورد سوود لە نەخشەی داهاتوو وەربگرێت‌و ئەو ڕێژیمە داگیرکەرانەی‌تری کوردستانیش بە هەمان چارەنووس بگەن. لەبەر ئەوە پێویستە ئەمڕۆ پێش سبەی کورد هەوڵ بداماڵی خۆی ڕێك بخاتەوەو کێشەو ململانێی لابەلا وەلا بنێ‌و هەوڵ بدا گوتارێکی نەتەوەیی دروست بکات، لە پێش هەمووانیش ئەو بەرپرسایەتی‌یە دەکەوێتە سەرشانی حیزب‌و لایەنە ڕەسەنەکانی کوردستان کە پێویستە ئەمڕۆ بیروباوەڕێکی تەسکی حیزبایەتی بەرتەسك بکرێتەوە.

بەڕێزان! کێشەی کورد ئەوەندە ئاڵۆزە، ئەوەی بمانەوێ چاوەڕوان بین‌و ئاواتی بۆ بخوازین دەستمان بکەوێت لە بەغداو تاران‌و ئەنقەرەو دیمەشق شتێکی چاوەڕوان نەکراوە، لەبەر ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان لەژێر هەر پەردەیەك بێت ئەوە دەستەبەردانی مافەکانمان نابن‌و چاوی تەماعیان لە خێرو بەرەکەتی کوردستان بەر نابێت‌و نایانەوێ ئەو سەروەری‌یە لە دەست بدەن کە ئەو سامانەی دەیدزن بۆ خزمەتی ئەمنی نەتەوەیی خۆیان سوودی زۆری لێ دەبینن کە لێرەدا بۆ ئێمە پێویستە چی بکەین‌و یان چۆن خۆمان لەو گێژاوەیان ڕزگار بکەین‌و ئەو هەلومەرجە لەدەست نەدەین. ئێمە جارێکی‌تر بەو بۆنەیەوە تەئکید دەکەینەوە، خۆمان لە کۆنگرەیەکی نیشتمانی ببینینەوەو یان بە لانیکەم هەوڵ بدرێ لە هەر پارچەیەکی کوردستان بەرەیەکی یەکگرتوو گەڵاڵە بکرێ‌و گوتارێکی نەتەوەیی پێك بهێنرێت، لەبەر ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان ڕێژیمەکانیان لە سەرەمەرگ دان‌و کورسی‌یەکانیان لەق بووە. با ئێمەی کوردیش ئەوەندە خۆش باوەڕ نەبین‌و چیتر خۆمان بە چارەسەری نیوەچڵی‌یەوە نەبەستینەوە.

لە کۆتایی‌دا هەندێك لە ئامۆژگاری وەسیەتنامە پیرۆزەکەی قازیی نەمر لەدوا ساتەکانی ژیانی وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دەفەرموێ: چیتر دوژمنایەتیی یەکتر مەکەن‌و یەك بگرن‌و پشتتان وە یەکتری بدەن بەرامبەر دوژمنی زۆردارو زاڵم بوەستن، خۆتان بە خۆڕایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن، بێ ویژدانن، ڕەمزی سەرکەوتنی هەر گەل‌و نەتەوەیەك یەکگرتن‌و یەکبوونە... .

**ئیتر هەر بژین بۆ کوردو کوردستان**
**هیوای سەرکەوتن‌و سەرفەرازی بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین**
**مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد**
**هەولێر ٢٠٠٤/٤/١٥ (٢٦ی نەورۆزی ٢٧٠٤ی کوردی)**

**

## پەیامی بەڕێز دوکتور گوڵموراد مورادی

پەیام بەبۆنەی بەسترانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە!

هاوڕێیانی هێژای کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و بەشدارانی خەباتگێڕی کۆنگرەی حیزب!

بەر لە هەموو شتێك، سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی ئەو قارەمانانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە گەورەترین سەرمایە، واتە گیانی شیرینی خۆیان لە پێناو خەباتی ڕەوای گەلەکەیاندا بەخت کرد کە بۆ هەتا هەتایە یادو ناویان لە دڵماندا بەرز ڕادەگرین.

هاوڕێیانی هێژا! زۆر تامەزرۆ بووم‌و جێگای شانازیم دەبوو کە لەلای ئێوە بوایەم‌و لە نزیکەوە سەرکەوتنی ئێوەم بە چاوی خۆم دیبایە. بەڵام بە زۆر هۆو دووریی ڕێگاو ڕەوشی ناوچەکە، ئەم شانازی‌یەم بە نەسیب نەبوو. بۆیە ڕێگام پێ بدەن لە کۆتایی ئەم پەیامەدا، پیرۆزبایی ئەم ڕووداوە مێژوویی‌یە لە ئەندامان، لایەنگران‌و ڕێبەرایەتیی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەن‌و هەست بە بوونی خۆم لەنێو ڕیزە توکمەکانی حیزبدا بکەم.

**پایەدار بێ هێزو ئیرادەی ماندوویی‌نەناسانەی ئێوە بۆ خەباتی ڕەوا تا سەرکەوتنی هەتا هەتایی**
**بەرین‌و هەتا هەتایی بن ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**مردن‌و نەمان بۆ دوژمنانی گەلی کورد**
**دوکتور گوڵموردا مورادی**
**هایدلبێرگ، ٢٠ی مای ٢٠٠٤**

***

## ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل

برایانی هێژا!، هاوڕێیانی بەڕێز!

دەعوەتنامەی ئێوەم بۆ کۆنگرەی سێزدەهەم وەرگرت. زۆر خۆشحاڵم‌و سوپاستان دەکەم. هەر بمێنن.

بە بۆنەی خەباتی ڕۆژانەو بەرنامەی داهاتوو، من ناتوانم بەشداری لە کۆنگرەکەتان بکەم. بەڵام هەر وەك پێشوو، ئێستاو پاشانیش بە دڵ‌و گیان هاوکاریی خەباتی ئێوەم‌و هیوادارم کە لە کاتێکی نزیكدا ئێمە سەرکەوتنی تێکۆشانەکەتان پیرۆز بکەین. (جەژن بگرین). لەم ڕۆژانەدا جێگاو شوێن بۆ دیکتاتۆرەکانی مەزهەبی بەرتەسك بووە. هەر ڕۆژە کە تێپەڕ دەبێ سەرکەوتنەکانی دێموکراسیخوازیی زیاتر دەبێ‌و گەشە دەستێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەباتی خۆی‌دا هەمیشە ئاشتیخواز بووەو مافی بنەڕەتیی بۆ گەلی کوردو ئێرانی داوا کردووە. مافی مرۆڤو گەلانی هەژاری پاراستوە. بۆ ئەم خەبات‌و تێکۆشانە پیرۆزەش ڕێبەرانێکی وەك ڕەحمەتی (نەمر) دوکتور قاسملوو، شەرەفکەندی‌و زۆر شەهیدی دیکەشی بەخت کردوە.

لەگەڵ ئەمە کە زۆر زەحمەت، دەربەدەریی‌و ماڵوێرانیی دیوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چ جارێك لە مەیدانی شەڕی ئازادی‌و تێکۆشانی پیرۆز نەچووەتەدەر، ئەمەش سەربەرزیی هەموومانە.

هاورێیانی هێژا، من ناتوانم بەشداری کۆنگرەکەتان بم، بەڵام لە ڕۆژەکانی داهاتوودا لە کوردستان یەکتر دەبینین.

**سڵاوی برایانەو گەرم**
**دەروێش م.فەرحۆ**
**سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە بروکسێل**

**

## پەیامی بەڕێز شاهین بەکر سۆرەکی لە ئوستralیا

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێزان ئەندامانی کومیتەی ناوەندی!

لەم کاتەدا کە بە بۆنەی گرتنی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزباییتان لێ دەکەم، هیواداریشم کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێت‌و بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

لەم قۆناخە گرینگەی جیهانی ئێمەدا کە گەلی کورد هێشتاش مافی ڕەواو ژیانێکی ئارام‌و خۆشی بەدەست نەهێناوە، گەلەکەمان پێویستیی بە هاوێشتنی هەنگاو، بەپێی کات‌و سات‌و ئەمڕۆیی هەیە، هەنگاوێك کە بتوانن ئازادیی‌و ڕۆژەخۆشەکانی‌تر پێك بهێنن. بێگومان گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ کوردستانی ئێران ـ چاوەڕوانی ئاکامی کۆنگرەکەتانە هیوادارم کە ئاکام‌و هەنگاوەکانی بە شوێنی‌دا بە داواکاری‌یەکانی ئێوەو گەلەکەمان گرێ درابن.

**بە هیوای سەرکەوتن‌و ڕۆژەکانی خۆشتر لە کوردستاندا**
**شاهین بەکر سۆرەکی**
**سیدنی ـ ئوستralیا (٢٠٠٤/٦/١٤)**

**

## پەیامی پەنابەرانی سەر بە حیزبی دێموکرات لە تورکیە

سەرکەوێ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی تێکۆشەری کۆنگرە!

وێڕای سڵاوێکی گەرم‌و شۆڕشگێڕانەو ماندوونەبوونی لێتان!

بەبۆنەی بەڕێوەچوونی سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەشی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادرو پێشمەرگەو سەرجەم ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب دەکەین. هیوادارین بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە بتوانێ [لە ئاست] هەلومەرجی ئەستەم‌و چارەنووسسازی ئەم قۆناخەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بێ.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠١و ٢٠٠٢ی زایینی‌دا، زیاتر لە ٧٠٠ کادرو پێشمەرگەو ئەندام‌و بنەماڵەی پێشووی حیزب لە ڕێگای سنووری کوردستانی عێراقەوە بە چەرمەسەری‌و دژوارییەکی زۆر چووینە شاری وان لە تورکیەو خۆمان بە دەفتەری UN لەم شارە ناساند. باسکردن لە وەزعییەتی زۆر خراپی ئێمە لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، لە پەیامێکی ئەوتۆدا ناگونجێ‌و بە کورتی دەڵێین لەو کاتەوە تا ئێستا هەرچەند بەڕواڵەت لە ژێر چاوەدێریی دەفتەری UN تورکیەدا بووین، بەڵام هەروا چارەنووسێکی ناڕوون‌و داهاتوویەکی نادیارمان هەیە، لە بارودۆخێکی زۆر سەختی ڕووحی‌و دەروونی‌و بەتایبەتی ماددی‌دا بەسەر دەبەین. لە ماوەی زیاتر لە ٢ ساڵی ڕابردوودا تووشی دەیان گیروگرفتی ماددی‌و ئەمنییەتی بووینەوە.

ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەی حیزبە لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌و بەهۆی جۆراوجۆر حیزبەکەیان جێهێشتوە. بێ‌ئەوەی کە بمانەوێ لە دروستی‌و نادروستی، هەروەها هۆیەکانی چوونەدەری ئەو کۆمەڵە بەرچاوە لە حیزب بدوێین، تەنیا ئەو ڕاستی‌یە حاشاهەڵنەگرە دووپات دەکەینەوە کە زۆربەی ئەو کەسانە هەروا بە بیروباوەڕ حیزبین‌و نە تەنیا ڕابردوویەکی پڕتێکۆشان‌و فیداکارییان هەیە، بەڵکوو لە دەرەوەی وڵاتیشدا دەتوانن دەورو ڕۆڵی کاریگەری خۆیان یاری بکەن.

هەربۆیە زۆر بەجێیە کۆنگرەی سێزدەی حیزب، بۆ وەزعی ناڕوون‌و داهاتووی نادیاری ئەو سەدان ئەندامە بەرابردووەی خۆی چارەسەری‌یەکی گونجاو بدۆزێتەوەو هەوڵێکی تازەو جیددی وەگەڕ بخا. ئێمە هیوادارو ئاواتەخوازین کە سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پێ بێ‌و لەو نێوەشدا وەك ئەمەگناسی بەرامبەر ئەندامانی زەحمەتکێش‌و تێکۆشەرانی پێشووی حیزب، جیا لەوەش لە پێناوی پتەوکردنی حیزبەکەمان لە دەرەوەی وڵاتدا ئاورێکی کارسازو کاریگەر لە سەدان کادرو پێشمەرگەی پێشووی خۆی کە ئێستا لە وڵاتی تورکیەن بداتەوە، لە هەر ڕێگایەکەوە دەکرێ بۆ ڕزگاربوونیان لەم وڵاتە ئیقدام بکەن.

**وتەبێژانی پەنابەرانی سیاسیی سەربە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی تورکیە**
**١٣٨٣/٤/٢٠ی هەتاوی**

***

## پەیامی شوورای پەنابەرانی ئێرانی

بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەوە، پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە بەشداران دەکەین‌و هیوادارین لەو هەلومەرجەدا کۆنگرەیەکی یەکگرتوو لە بەرژەوەندی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا بێت.

**سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**شوورای پەنابەرانی ئێرانی**
**هەولێر ٢٠٠٤/٦/٢٧**

***

## پەیام‌و پیرۆزبایی کۆمەڵێ لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە شاری مەهاباد

بۆ ڕێبەرایەتی‌و ئەندامان‌و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەبۆنەی تەواوبوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی سێزدەی حیزب، لە پێشدا قەدردانی‌و ماندوونەبوونی لە دە ساڵ ڕێبەریی زانایانەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەکەین، پاشان پیرۆزبایی بە سکرتێری تازەی حیزب بەڕێز کاك مستەفا هیجری دەڵێین. ئێمەو خەڵکی شاری مەهاباد بەوە کە بە پێچەوانەی نیگەرانی‌یەکانی دۆستان‌و چاوەڕوانی‌یەکانی دوژمن، حیزبی دێموکرات یەکپارچەیی خۆی پاراستوە، ئەوپەڕی شادی‌و خۆشحاڵیی خۆمان دەردەبڕین.

**هەر شادو سەرکەوتوو بن**
**کۆمەڵێ لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە مەهاباد**

***

## پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان (باکوور)

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سکرتێری حیزب بەڕێز مستەفا هیجری‌و ئەندامانی بەڕێزی ڕێبەرایەتی!

کۆتایی‌هاتنی کۆنگرەی ئێوەو هەڵبژاردنی جەنابتان وەك سکرتێری گشتیی حیزب بۆتە جێگای خۆشحاڵیی ئێمە.

هیوادارین جەنابت لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە کارەکانتان سەرکەوتوو بن‌و حیزبەکەتان ڕۆژبەڕۆژ بەرەوپێش بەرن.

ئێمە وەکوو ڕێبەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور پیرۆزباییتان لێ‌دەکەین‌و ڕێزو سڵاوی خۆمان پێشکێشی ڕێبەرایەتی‌و تەکتەکی ئەندامانی بەڕێز دەکەین.

هیوادارین کە وەك دوو حیزبی دێموکرات بتوانین پێوەندی‌یەکانمان پتەوترو بەرەوپێش بەرین.

**لەگەڵ سڵاوی برایەتی**
**کومیتەی بەڕێوەبەری (٢٠٠٤/٧/٢٤)**

**

## بەشێك لە پەیامی دوکتور حەسەنی شەتەوی

بەڕێز سکرتێری گشتی!

خوشك‌و برایانی بەڕێز!

میوانانی خۆشەویست!

کۆنگرە لە کاتێكدا دەست بە کار دەکا کە جیهان لە گۆڕانکاری‌یەکی گەورەو تیژدایە لەو هەلومەرجەدا کە:

وەرگرتنی ئازادی‌و مافی مرۆڤ، ڕووخانی ڕژیمەکانی سوسیالیستی، گلوبالیزەکردنی جیهانی غەرب، یەکبوونی بازاڕی ئابووریی ئوورووپا، لە نێوچوونی سنوورەکانی دەوڵەتە ئوورووپایی‌یەکان، سەرکەوتنی پارەی ئوورووپا بەرانبەر بە دولارو بە نیسبەتی ئێمە کوردان، ڕووخانی ڕژیمی جەللادی بەعس لە عێراقداو پەرەگرتنی تیرۆریزمی ئیسلامی کە بە کوشتنی منداڵ‌و ژن‌و پیاوی بێ‌تاوان دەیهەوێ سیستمی دێموکراسی هەڵبوەشێنێتەوەو هیچ ئالترناتیوێکی بۆ باشکردنی ژیانی گەلانی جیهان نیە.

بە خۆشی‌یەوە حیزب هەتا ئێستا هەموو کاتێك تیرۆریزمی ڕەت کردۆتەوە، دەبێ لە داهاتووشدا بە هەموو توانایەوە بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی‌دا بکات.

ئەگەر دەوڵەتەکانی ئوورووپایی لە کاتی شەهیدبوونی کاك ڕەحمان‌و کاك سادق‌و دەیان شەهیدی دیکەدا لە باتیی ناردنەوەی تیرۆریستەکان بۆ سەرچاوەکەیان، دژی تیرۆریسم ڕابوەستایەتن‌و موحاکەمەیان کردبایان، دوور نەبوو کە پرۆسەی پەرەگرتنی تیرۆریزم تا ڕادەیەکی زۆر هێواشتر بایەتەوەو بەو چەشنە کە ئەمڕۆ دەیبینین باڵی بەسەر جیهاندا نەکێشابایە.

خوشك‌و برایانی خۆشەویست!

سەرنجتان بۆ چەند خاڵێك ڕادەکێشم کە بە بڕوای من بۆ هەموو گەلی کورد گرینگن:

١ـ کوردستانی باکووری بچووك:

گەلی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێشرەفتێکی بەنرخی کردوە. هەر لەم چەند هەفتەی ڕابردوودا نیشانی‌دا کە بۆ ئەستاندنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی چالاکانە خەبات دەکاو هیچ ترسێکی لە ڕێژیمی دیکتاتۆری کوڕی ئەسەد نیەو ئامادەیە کە بۆ وەرگرتنی حەقی خۆی‌و ئازادیی، گیانیشی فیدا بکا.

٢ـ کوردستانی باشوور:

ڕووخاندنی حکوومەتی بەعسی سەددامی جەللاد بە یارمەتیی هێزە هاوپەیمانەکان، ئەمریکاو ئینگلیزو ئەوانی دی، کۆتایی بە ئێعدام‌و زیندانیکردن، بە وێرانکردنی سەدان گوندی کوردنشین، بە قەڵاچۆکردنی سەدان کورد، بە دوپاتکردنەوەی هەڵەبجە کە ژیانی هەزاران منداڵ‌و ژنی بێ‌تاوانی تێدا قوربانی بوو، هێناو هەلێکی نوێی بۆ کورد ڕەخساند تا بتوانێت مافە ڕەواکانی خۆی لە کوردستانی باشوور جێبەجێ بکا. پێویستە بە هەموو هێزی خۆمان یارمەتیی هێزەکانی هەرێمی کوردستان بدەین تا دوژمنانی گەلی کورد بە گشتی‌و بەتایبەتی حکوومەتەکانی ئێران، تورکیەو سووریەو عەرەبە پاشەڕۆکان نەتوانن ئەو حکوومەتە هەڵبوەشێننەوە.

٣ـ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات حکوومەتی ویلایەتی فەقیە یا "وەقیح" هیچ ڕێگایەکی بۆ ئازادی نەهێشتۆتەوە. لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا ئینسانە ئازادیخوازو دێموکراتەکان بە هەموو چەشنێك وەك ئێعدام، تیرۆرو زیندان لە ژێر سەختترین فشاردان. گەلی کورد لە ژێر سەختترین فشاری ئابووری، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بووەو هەموو کوردستان وەك زیندانێکی ١٠ میلیۆن کەسی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە گەمارۆ دراوە.

٤ـ لە کوردستانی باکوور، حکوومەتی تورکیا بە سەرەك وەزیری ڕەجەب تەیب ئوردوغان، لە ژێر فشاری ئوورووپادا چەند هەنگاوێکی بچووکی وەك لابردنی حوکمی ئێعدام‌و حەقی فەرهەنگی بۆ ئەو ئینسانانە کە بە زمانی غەیری تورکی وتووێژ دەکەن، مەنزووریان کوردەکانە هەڵهێنایەوە. بەڵام ئەمانە هەر لەسەر لاپەڕەی کاغەز مایەوە.

هەتا ئێستا هەڵبژاردنی ناوی کوردی بۆ منداڵانی کورد، ئیمکانی نەبووەو کورد حەقی بەکارهێنانی زمانی خۆی پێ‌نەدراوە. لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٤٠٠ گوندی کوردنشین وێران کراون، بە هەزاران کەس کورد کوژراون.

هەر کاتێك کە لەگەڵ ڕەحمانی شەهیددا باسی خودموختاریمان دەکرد، دەیفەرموو، حەسەن ئێمە نەسڵی خودموختارین، ئەگەر نۆرەی تۆ گەیشت تۆ نەسڵی فیدرالیزمی‌و منداڵەکانی ئێوە نەسڵی ئیستقلالی کوردستانن. هەر وەك فەرمایشتەکانی کاك ڕەحمان، ئێستا نۆرەی فیدرالیزم گەیشتوە.

حیزبی دێموکرات زیاتر لە ٥٠ ساڵە شانازی بە دامەزرانی جمهووری کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز قازی محەممەد دەکا، زیاتر لە ٢٠ ساڵە شانازی بە خەباتی پێش‌و پاش ئینقلاب بە ڕێبەریی شەهید دوکتور قاسملووەوە دەکا. بە بڕوای من حیزب دەبێ لە ١٥ ساڵی داهاتوودا سیاسەت‌و خەباتێکی ئەوتۆی هەبێ کە هەم حیزب‌و هەم گەلەکەمان بتوانن شانازیی پێوە بکەن.

دۆستانی خۆشەویست، بەشدارانی کۆنگرەی ١٣!

هەموو گەلێ بە ژن‌و پیاو، منداڵ‌و پیر، ڕووناکبیر، قوتابی، کرێکار، جووتیارو زەحمەتکێش‌و کارمەندەوە بە گشتی، هەموو گەلی بەشەرەف‌و خەباتگێڕی کورد چاوەڕوانی بەرنامەی نوێی حیزب دەکاو ئەو بەرنامەیە کە لە کاتی سەختی ئێستادا دەبێ وەڵامدەری هیواو ئامانجەکانی گەلی کورد بێ.

**سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم**
**براتان دوکتور حەسەنی شەتەوی**

***

# پەیامی حیزب و کەسایەتییە بیانییەکان بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب

## حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە

هاوڕێیانی هێژا!

زۆر بە خۆشحاڵییەوە ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەتان دەخوازین و هاوکات هاوپێوەندیی تەواوی حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە لەگەڵ ئێوە ڕادەگەیەنین. حیزبی ئێمە زۆر بە بایەخەوە دەڕوانێتە پێوەندیی لەمێژینە و پتەوو دۆستانەی هەردوولا، ئەو بەهایانەی کە هەردوولا لێک نزیک دەکەنەوە، واتە باوەڕ بە ئازادی، کەرامەتی مرۆڤی و دادپەروەری، لە نێوان حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکەی ئێمەدا، بوونەتە هۆی پێکهێنانی پێوەندییەکی دۆستانە و لێکگەیشتنی دوولایەنە و بەردەوام.

**پاریس، ٢٠٠٤/٥/٤**

***

## حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان (SPD)

حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان (SPD)، پەیامی پشتیوانی و پیرۆزبایی برایانەی خۆی پێشکەش بە سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا. حیزبی ئێوە لە رابردوودا لەگەڵ سەرکوتی بێڕەحمانە بەرەوڕوو بۆتەوە، و ئێستاش هەروا لە مەترسیدایە. سەرەڕای هەموو بارودۆخە دژوارەکانیش، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەروا وەک هێزێکی سیاسیی سەرەکی ماوەتەوە. (SPD) لە خەباتی حیزبی ئێوە بۆ دێموکراسی، بۆ پاراستنی ناسنامەی فەرهەنگی و بۆ مافی بەرابەریی هاونیشتمانان بەبێ وەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین یا جنسیان پشتیوانی دەکا.

**باشترین ئاواتەکانی حیزبەکەم بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان دەردەبڕم.**
**کلاپین ئووە بێنتێر، سکرتێری گشتیی پارتی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان**
**١٤ی ژوئەنی ٢٠٠٤**

**

## حیزبی سوسیال دێموکراتی فینلاند

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستانی خۆشەویست!

ئێمە هەموومان لە حیزبی سوسیال دێموکراتی فینلاندا، ئەوپەڕی سەرکەوتن بۆ سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازین.

خەباتی سەختی ئێوە بۆ داهاتوویەکی باشترو بۆ دێموکراسی لێرە بەبایەخەوە چاوی لێ دەکرێ و هیوادارین ئەندامانی حیزبتان لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیاندا نەبەز و بەتوانا بن.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانە**
**تورلا لامپینێن**
**لێپرسراوی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان لە حیزبی سوسیال دێموکراتی فینلاندا**

**

## حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش

ئاغای عەبدوڵڵا حەسەنزادە!

دۆستان و هاوڕێیانی خۆشەویست!

بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بۆ گرتنی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی برامان لە نێو سوسیالیست ئەنترناسیونالدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوپەڕی پیرۆزبایی دەڵێم.

کۆنگرەی هەر حیزبێک تەنانەت ئەگەر لە هەلومەرجی سەختیشدا بگیرێ، هەمیشە دەرفەتێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی تێکۆشان و پێداچوونەوە بە سەرکەوتنەکان و کەموکوڕییەکاندا و دەرفەتێکی نوێیە بۆ ئەوەی ڕێگا بە نوێنەرانی ئەندامانی حیزبەکە بدرێ کە لەسەر داهاتووی حیزبەکە شوێندانەر بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەختترین هەلومەرجدا خەبات دەکا. پاشەکشە و شکستی ئەم دواییانەی هێزە ڕیفۆرمخوازەکانیش هیوای ئیمکانی هەرچەشنە گۆڕانکارییەکی لە نێوخۆدا، کە حیزبی دێموکراتی لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا یارمەتی کردبا، هەرچی زیاتر کزتر کردەوە.

ئێمە هیوادارین کە ئێوە بە وردی هەموو ئیمکانە سیاسییەکان هەڵسەنگێنن و لەسەر سیاسەتێک بڕیار بدەن کە هەم بە قازانجی خۆتان و هەم بە قازانجی هێمنایەتی لە ناوچەدا تەواو بێ.

**لەگەڵ هەستی برایانەم،**
**دوکتور ئالفرێد گوزن باوێر**
**سەرۆکی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش**
**٤ی مەی ٢٠٠٤**

**

## بەڕێزان کۆنی فرێدریسکۆن و لارش شەرنکویست

بۆ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە ڕێگای ئەم نامەیەوە باشترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین. ئێمە بە هۆگرییەکی زۆرەوە چاومان بڕیوەتە خەباتی بەردەوامتان لە پێناوی مافەکانی کورد، مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێراندا. لەم خەباتەدا ئێوە دەتوانن لەسەر پشتیوانیی ئێمە حیساب بکەن.

ئێمە ئارەزووی کۆنگرەیەکی پڕکارو پڕ لە دەسکەوتتان بۆ دەخوازین و هیوادارین جارێکی دیکە لە ئێراندا بتانبینین.

**لەگەڵ ڕێزماندا**
**کۆنی فرێدریسکۆن، سکرتێری کاتیی نێودەوڵەتیی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد**
**لارش شەرنکویست، سکرتێری حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد**

**

## بەڕێز ئۆربان سڤەنسۆن

بۆ بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەڕێز حەسەنزادە!

کۆڵەکەی سەرەکیی ئیدئۆلۆژیی حیزبی دێموکرات مەسیحی، بریتییە لە گەورەیی و سەروەریی سروشتی و پێشێلنەکراوی مرۆڤ کە لە پێشدا وای دادەنێ کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی چەندین مافی ئینسانین. بەداخەوە ئەم مافانەی مرۆڤ دەبێ هەموو ڕۆژێک بپارێزرێن و بەرەوپێش ببرێن و سەروەریی مرۆڤ، هەر وەک هەموومان دەزانین، هەموو کاتژمێرێک لە ڕۆژدا پێشێل دەکرێ. هەربۆیە هەموو ئەو ڕێکخراو کەسایەتییانەی کە بۆ وەدیهێنانی جیهانێک کە تیایدا سەروەری و مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ دەگیرێ و پارێزراون، خەبات دەکەن، یارمەتی ئێمەیان لە پشتە.

سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتی پێتان داوم تا بتوانم لەلایەن حیزبی دێموکرات مەسیحیی سوئێدەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی کۆنگرەی بەکەڵک و پڕبەرهەمی ١٣ی حیزبەکەتان لێ بکەم. هیوای ڕاستەقینەی ئێمە ئەوەیە کە هەموو کوردان بتوانن لە ئاشتی و سەرفیرازی و بەختەوەریدا بژین و بە مافە ئینسانییەکانی خۆیان شاد بن.

**لەگەڵ ڕێزمدا**
**ئۆربان سڤەنسۆن، سکرتێری حیزبی دێموکرات مەسیحیی سوئێد**
**ستوکهۆڵم، ٩ی ژوئەنی ٢٠٠٤**

**

## حیزبی کاری ئوسترالیا

ئاغای حەسەنزادەی خۆشەویست!

سڵاو دەکەم لە کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەتان، کە حیزبێکی برامانە لە ئەنترناسیونال سوسیالیستدا. ئەمن پێشتر ڕێبەرانی حیزبم لە کاتی سەفەریان بۆ ئوسترالیا دیتوە و لەگەڵ هێندێک لە ئەندامانی ئێرەشتان پێوەندی و هاوکاریی دۆستانەمان هەیە.

خەباتی ئێوە بە شێوەیەکی تایبەتی بەرەوڕووی کردەوەی سەرکوتکەرانەی ئێرانی ئیسلامی بۆتەوە. مەئموورانی ئەو ڕێژیمە ئەندامانی حیزبی ئێوەیان تیرۆر کردووە. کەچی بە درێژایی ئەو خەباتە، ئێوە هەمیشە لایەنگری ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە و بەدوور لە توندوتیژی بوون و پرەنسیپەکانی تەحەمموڵ و مافی مرۆڤتان بەرز ڕاگرتوە.

هیوادارم لە بڕیارو هەڵسەنگاندنتاندا و بە شێوەیەکی گشتی لە داهاتووی سیاسیتاندا سەرکەوتوو بن.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانە**
**لۆری فێرگوسۆن**
**ئەندامی پارلمانی فیدراڵ لە حیزبی "دراید" (حیزبی کاری ئوسترالیا) و وەزیری سایە بۆ کاروباری دانیشتووان، میللەت و فرەکەلتووری**
**٢ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

**

## حیزبی دێموکراتیکی نوێی کانادا

بە ناوی حیزبی دێموکراتیکی نوێی کانادا ئەوپەڕی هیواداری دەردەبڕم کە سێزدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بێ.

ئەمن حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی ئەو حیزبە هان دەدەم کە هەروا قورس و قایم ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ دێموکراسی لە ئێراندا درێژە پێبدەن. ئامانجەکانی ئێوە ئامانجی هەموو ئەو لایەن و کەسانەن کە لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان ژنان و پیاوانی جیهاندا خەبات دەکەن.

هیوادارین کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٤تان ڕۆژژمێری حیزبەکەتان باشتر بباتە پێش و ئیلهامی ئەوە بە نوێنەرانی کۆنگرە بدا کە لە جاران زیاتر بۆ ڕەنگدانەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات هەم لە ئێران و هەم لە نێو پارت و دەوڵەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانی دەرەوەدا هەوڵ بدەن.

**

## پارتی لیبراڵی گەلی سوئێد

پارتی لیبراڵی سوئێد، پارتی لیبراڵی گەل، ئارەزووی سەرکەوتنی بەرچاو بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمتان دەکا.

حیزبی ئێمە پشتیوانی لە خەباتی پیرۆزی ئێوە بۆ دێموکراسی، مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد بە پێویست و گرنگ دەزانێ.

ڕۆژێک دادێ کە بەرهەمی ئەم خەباتە وەدی بێت، منداڵانی کورد بە زمانی خۆیان بخوێنن، گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا سەربەست بن و ئازادانە داب و نەریت و کولتووری خۆیان بەڕێوە ببەن.

تا وەدیهێنانی ئەو ڕۆژە، پارتی لیبراڵی گەلی سوئێد هەروا لە پشتیوانیکردنی لە خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و دێموکراسی و بنەبڕکردنی زوڵم و زۆردا، بەردەوام دەبێت.

**سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان**
**ئێجریک ئولەنهاگ، ئەندامی پارلمانی سوئێد لە پارتی لیبراڵی گەل**

**

## حیزبی سوسیالیستی کرێکاریی ئیسپانیا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

سوپاس لەمەڕ ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە پێکهێنانی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئێمەتان ناردووە. لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرم تا بۆ کارەکان و ئاکامەکانی کۆنگرەکەتان ئاواتی سەرکەوتن بخوازم.

لە هەمان کاتدا پشتیوانی لە بڕیارەکانی کۆنگرەکەتان دەکەم لە پێناو سەرکەوتنی پتری [خەباتی] گەلانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی.

**گەرمترین سڵاوی خۆمانتان پێشکەش دەکەم.**
**بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان**
**ترینیداد خیمێنێز لە حیزبی سوسیالیستی کرێکاریی ئیسپانیا**
**مادرید ـ ١٤ی مای ٢٠٠٤**

**

## پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارک

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتی!

دۆستانی خۆشەویست!

بە ناوی پارتی سۆسیالیستی گەلی دانمارکەوە، پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی سێزدەتان پێ دەڵێم. شەڕی عێراق بوو بە هۆی زۆر گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا. هیوادارین کە جێگیربوونی حکوومەتێکی دێموکراتیک لە عێراقدا یارمەتیی گۆڕانکاریی دێموکراتیک لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکا. ئێمە تەنیا لە ڕێگای سیستەمە دێموکراتیکەکانەوە دەتوانین ئەو کەلێنانە پڕ بکەینەوە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کەوتوونەتە نێو دانیشتوانی وڵاتانەوە و هەروەها بەرەوڕووی ئەو ئاڵۆزییانە ببینەوە کە بە هۆی مەسەلەی میللییەوە لە نێوان گەلانی ناوچەکەدا سەریان هەڵداوە.

هیوادارین دامەزرانی حکوومەتێکی دێموکراتیک و پایەدار لە عێراق هەروەها ببێتە مایەی دەستەبەربوونی مافەکانی کوردەکانی باکووری ئەو وڵاتە. هەروەها ئاواتمانە کە وەزعی کوردەکانی ئێرانیش لە ساڵانی داهاتوودا بەرەو باشی بچێ.

پارتی سوسیالیستی گەل، پشتیوانی لە هەموو ئەو هێزانە دەکا کە بۆ گەشەسەندنی دێموکراتیک و لەگەڵ ویشدا بۆ مافی کەمایەتییە نەتەوەیییەکان، مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و مافی زمان و کەلتووری هەموو نەتەوەکان خەبات دەکەن.

**هیوادارین کۆنگرەیەکی سەرکەوتووتان هەبێ.**
**لەگەڵ باشترین سڵاو**
**مادس ئێنگۆلم، سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارک**
**١٨ی ژووئەنی ٢٠٠٤**

**

## کۆمەڵەی هیندو نۆروێژی بۆ کاروباری زانیاری و فەرهەنگی

بۆ سکرتێری گشتی ، عەبدوڵڵا حەسەنزادەی خۆشەویست!

لە ڕێگای هاوڕێیانی خۆتانەوە ئاگادار بوومەوە کە حیزبەکەتان خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی سێزدە ساز دەکا. هیوادارم کۆنگرەکەتان سەرکەوێ و گەرمترین پیرۆزبایی بە خۆت و نوێنەرانی کۆنگرە دەڵێم.

**سوورش چاندرا شوکلا**
**سەرۆکی کۆمەڵەی هیندو نۆروێژی بۆ کاروباری زانیاری و فەرهەنگی**
**ئۆسلۆ، ٢٠٠٤/٦/١٦**

**

## حیزبی چەپی یەکگرتووی ئیسپانیا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتی!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

بەبۆنەی کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەتان، ڕێبەرایەتیی فیدراڵی چەپی یەکگرتووی ئیسپانیا، سڵاوێکی برایانەتان ئاراستە دەکا و ئاواتەخوازە کە کارەکانی کۆنگرە بەسەرکەوتوویی بچنە پێش.

دڵنیاین کە بڕیارو قەتعنامەکانی کۆنگرەکەتان سەهمێکی بەرچاویان لە خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی، ئاشتی و پێکهێنانی یەکیەتییەکی بەرینی گەلی بۆ بەچۆک داهێنانی پلان و هەڕەشەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبێ.

**بەهیوای هەرچی لێک نزیکبوونەوەی پێوەندییەکانی دوو لایەن**
**ویلی مێیر "Willy Meyer"، سکرتێری پێوەندییەکانی دەرەوە**

**

## بەڕێزان لارس کرامێر میکێلسن و بێنت کریستێنسن

بۆ سکرتێری گشتی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە!

کۆنگرەی ١٣ی حیزبەکەتان دەرفەتی ئەوە بە من دەدا کە بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە سڵاوی برایانەم بۆ کۆنگرە و بەشدارانی کۆنگرە بنێرم.

سەردەمی ئەمڕۆ ڕەنگە لە هەموو سەردەمێکی دیکە زیاتر ئەرک و هیوای بۆ گەلی کورد و حیزبە نوێنەرەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ خۆیدا هێنابێ. ئێمەش وەک ئێوە ئاواتەخوازی وەدیهاتنی بەرەبەرەی دێموکراسی و ئامانجی مافی مرۆڤین.

تکایە پیرۆزبایی ئێمە و هیوامان بۆ کۆنگرەیەکی بە بەرهەم و سەرکەوتوو قبووڵ بفەرموون.

**لەگەڵ سڵاوی برایانە**
**لارس کرامێر میکێلسن، ئەندامی پارلمانی دانمارک و سەرۆکی کۆنسەی دانمارکی ـ کوردی بۆ مافی مرۆڤ**
**بێنت کریستێنسن، خەزانەداری ئەو کۆنسەیە**
**کۆپنهاگ، ١٤ی ژوئەنی ٢٠٠٤**

**

## ئالێکسا ماکدۆنۆف

وەک بەرپرسی کاروباری دەرەوەی پارتی NDPی کانادا، خۆشحاڵم کە ئارەزووی کۆنگرەیەکی بە بەرهەم و پڕبایەختان بۆ بکەم. NDP (حیزبی دێموکراتیکی نوێ) لایەنگرو تێکۆشەری ئامانجی ئاشتی و دێموکراسییە، چ لە وڵاتی خۆماندا و چ لە هەر جێیەکی جیهاندا بێ. ئێمە هەموو گەلان بانگ دەکەین کە مافی نێونەتەوەیی و ستاندارده نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ قبووڵ بکەن و وەبەرچاویان بگرن. ئێستا خەڵکی کانادا سەرقاڵی یارییەکی دێموکراتیک بۆ هەڵبژاردنی حکوومەتی تازە لە ٢٨ی ژوئەن دان. پاکژترین ئارەزووی ئێمە ئەوەیە کە هاونیشتمانانی هەموو وڵاتانی جیهان بتوانن وەک ئێمە لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بژین و تەمرینی دێموکراسی بکەن.

**لەگەڵ سڵاوی دۆستانە!**
**ئالێکسا ماکدۆنۆف، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی "حیزبی دێموکراتیکی نوێ"ی کانادا و کاندیدای ئەو حیزبە لە هاینگستن**

**

## بەڕێز د. پیتێر پیلتس

سکرتێری گشتیی خۆشەویست!

لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی خۆم و پەیامی هاوپێوەندیم بۆ کۆنگرەی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنێرم.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سەختی ئێستا، بەڕاستی هیوادارم کە کۆنگرەکەتان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێ. دڵنیام کە پێوەندییەکانی دۆستایەتی و هاوکاریمان کە ساڵەهایە شکڵی گرتوە، هەروا پەرە دەستێنێ. لەگەڵ هۆگری و پشتیوانیی فرەمدا.

**دوکتور پیتێر پیلتس، لە ڕێبەران و ئەندامی فراکسیۆنی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش**
**ڤیەن، ٢٠٠٤/٦/٩**

***

# کۆتایی‌هاتنی بیست‌وهەشتەمین خولی یاری‌یەکانی ئولەمپیك




درێژەی دوالاپەڕە

گوندی یاری‌یەکانی ئولەمپیك لە ٥٣ یاریگای جۆراوجۆر پێك هاتبوو کە بۆ هەر یاریزانێك ١٦ میتری چوارگۆشە فەزای تایبەتی تەرخان کرابوو. لەم یاری‌یانەدا ٤٥ هەزار خۆبەخشی یوونانی بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی یاری‌یەکان بەبێ وەرگرتنی هیچ چەشنە حەقدەستێك لە خزمەت یاری‌یەکاندا بوون.

لەم یارییانەدا ٧٠ وڵات توانیان لە یاری‌یەکانی ئولەمپیك میداڵ وەدەست بێنن کە وڵاتی ئەمریکا بە وەدەستهێنانی ٣٥ میداڵی زێڕ، ٣٩ زیوو ٣٩ برۆنز، پلەی یەکەمی یاری‌یەکانی وەدەست هێنا. ئێران بە ٢ زێڕو ٢ زیوو ٢ برۆنز پلەی ٢٩ی یاری‌یەکانی ئولەمپیکی وەدەست هێنا کە سێ پلە خوارتر لە ئولەمپیکی ٢٠٠٠ی سیدنی بوو.

## ریزبەندیی میداڵەکانی ئولەمپیك:

| ژ. | وڵات | زێڕ | زیو | برۆنز | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەمریکا | ٣٥ | ٣٩ | ٣٩ | ١١٣ |
| ٢ | چین | ٣٣ | ١٧ | ١٤ | ٦٤ |
| ٣ | رووسیە | ٢٧ | ٢٧ | ٣٨ | ٩٢ |
| ٤ | ئوستڕالیا | ١٧ | ١٦ | ١٦ | ٤٩ |
| ٥ | ژاپۆن | ١٦ | ٩ | ١٢ | ٣٧ |
| ٦ | ئەڵمان | ١٤ | ١٥ | ١٨ | ٤٧ |
| ٧ | فەرانسە | ١١ | ٩ | ١٣ | ٣٣ |
| ٨ | ئیتالیا | ١٠ | ١١ | ١١ | ٣٢ |
| ٩ | کورەی باشوور | ٩ | ١٢ | ٩ | ٣٠ |
| ١٠ | ئینگلیس | ٩ | ٩ | ١٢ | ٣٠ |
| ٢٩ | ئێران | ٢ | ٢ | ٢ | ٦ |






Photo:Paul Chias



# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

ئامادەکردنی: ئەشکان

### چەند سەرکەوتنێك بۆ یانەی تەربییەتی کرماشان

یاری‌یەکانی هاکیی دەستە یەکەمی ئێران لە ئاستی یانەکاندا بە مەبەستی دیاریکردنی دوو یانە بۆ بەشداری لە لیگی باڵادەست (برتر)ی یانەکانی ئێران، رۆژی ١٣٨٣/٥/١٨، کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا هەر چەند یانەی تەربییەتی کرماشان نەیتوانی بۆ لیگی باڵادەست، سەرکەوتن وەدەست بێنێ، بەڵام ئاکامەکانی زۆر باش بوونو لەوانەیە لە ساڵەکانی داهاتوودا سەرکەوتنی زۆرتر وەدەست بێنێ.

ئاکامەکانی تەربییەتی کرماشان لەم یارییانەدا:

تەربییەت ٤ ـ ٥ تراکتۆری تەورێز

تەربییەت ١٧ ـ ٠ ئەردەبیل

تەربییەت ٥ ـ ١ ئێران خودرەو

تەربییەت ٢ ـ ٢ هەیئەت ئیسفەهان

تەربییەت ٢ ـ ٤ ئایفای ئەراك

***

### ئاکامەکانی لیگی یانەکانی دەستە یەکەمی تێکواندۆی ئێران

یاری‌یەکانی لیگی یانەکانی دەستە یەکەمی تێکواندۆی ئێران کە بە ناوی ئایندەسازان بەڕێوە دەچێ، گەیشتۆتە رۆژی حەوتەمو یانە کوردستانی‌یەکان سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێناوە کە ئاکامەکانیان بەم شێوەیە:

٨٣/٥/١٩، یاری‌یەکانی رۆژی چوارەمو پێنجەم:

لوڕستان ٥ ـ ٥ کوردستان

بروجێرد ٥ ـ ٥ قەسری شیرین

رەشت ٠ ـ ١٠ کوردستان

تەلایی هەمەدان ١ ـ ٩ قەسری شیرین

٨٣/٦/٢، یاری‌یەکانی رۆژی شەشەمو حەوتەم:

تەلایی هەمەدان ٥ ـ ٥ کوردستان

قەسری شیرین ٥ ـ ٥ کوردستان

**

### سەرکەوتنی کوردستان لە زۆرانی کرێکارانی ئێراندا

یاری‌یەکانی زۆرانی شانومل (فرنگی)ی کرێکارانی ئێران کە لە شاری ئەردەبیل دەستی پێکردبوو، رۆژی ٢٦ی گەلاوێژ کۆتایی پێهات. ئەم یارییانە هەموو ساڵێك لە ئاستی کرێکارانی ئێراندا بەڕێوە دەچنو ئەمجارەیان تیمی ئوستانی کوردستان بە ٥٢ خاڵ پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

**

### پلەی دووهەم بۆ رەحمەت‌پەنا لە پیگ‌پۆنگی ئێراندا

رۆژی ٢٦ی گەلاوێژ یاری‌یەکانی قارەمانیی گەروەساڵانی پینگ‌پۆنگی ئێران کە لە شاری تەورێز دەستی پێکردبوو، کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا بێهنام رەحمەت‌پەنا یاریزانی سنەیی، پلەی دووهەمی ئێرانی وەدەست هێنا. مێهران ئەحمەدی لە تارانو محەممەد باریرامپوور لە تاران پلەی یەکەمو سێهەمیان وەدەست هێنا. نەفەراتی یەکەم تا هەشتەمی ئەم یارییانە بۆ لیگی "باڵادەست"ی پینگ‌پۆنگی ئێران دیاری کران.

**

### بەڕێوەچوونی یاری‌یەکانی کێش‌هەڵگرتنی لاوانی ئێران لە ئیلام

رۆژی ٩ی خەرمانان یاری‌یەکانی کێش هەڵگریی لاوانی ئێران (ژێر ٢٠ ساڵ) بە بەشداریی ١٨ تیم لە سەرتاسەری ئێران، لە شاری ئیلام دەستی پێکردو لە ئاکامی یاری‌یەکانی سێ کێشی یەکەمدا، کێش هەڵگرانی کورد، سەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا.

لە کێشی ٥٦ کیلۆدا: حوسێنی محەممەدرەزایی، لە کرماشان بە هەڵگرتنی ١٩٥ کیلۆ، پلەی دووهەمی وەدەست هێنا. هەروەها محەممەدنەقیی فەتحی لە کوردستان بە هەڵگرتنی ١٩٢/٥ کیلۆ، پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٦٣ کیلۆدا: حەسەن شوکری لە کرماشان بە هەڵگرتنی ٢٢٧/٥ کیلۆ، پلەی دووهەمی وەدەست هێنا.

لە کێشی ٦٩ کیلۆدا: مەهدی دوڕی لە ئیلام بە هەڵگرتنی ٢٨٠ کیلۆ، پلەی یەکەمو شاهۆ جەوانمەردی لە کوردستان بە هەڵگرتنی ٢٦٧ کیلۆ، پلەی سێهەمی وەدەست هێنا.

***

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 396   5 Sep  2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com


بەرلەماڵاوایی

## قارنێ
## وڵامێك بە ئیرادەی کوردبوونمان

عەولا بەهرامی

**(کورتە سەرنجێك لە کۆمەڵکوژی کوردان لە گوندی قارنێ)**

کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتووانی گوندی قارنێی ناوچەی نەغەدە، لە رۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا، وەك زۆر نموونەی دیکە لە جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر بە رواڵەت جینایەتێکی جەنگی‌یە، بەڵام لە نێوەرۆكدا وڵامێکی هەمیشەیی دەسەڵاتە ناوەندی‌یەکانی ئێران بووە بەرانبەر ئیرادەی کوردبوونمان و ویستی مافخوازانەمان. بۆیە وەبیرهێنانەوەی ئەم جینایەتە و یەکە یەکەی جینایەت و تاوانەکانی ئەم رێژیمە هەرچەند پێویستە و یارمەتی بە زیندووراگرتنی یادەوەریی مێژوویی تاکەکانی نەتەوەکەمان دەکا، بەڵام بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانم بڵێیم ئێمە تەنیا بە وەبیرهێنانەوەیەکی رووت و بیرەوەری ئامێزی ئەو تاوانانە ناتوانین پێوەندی‌یەکی پتەو لەگەڵ مێژووی نەتەوەکەمان دروست بکەین.

هەرچەند سەرکوت و داپڵۆسینی نەتەوەکەمان لەلایەن دەسەڵاتە ناوەندی‌یەکانی ئێرانەوە تا ئێستاش کارێکی رۆژانەو دەیان ساڵەو بگرە زیاتریشەو، کە ئاوڕیش لە مێژوو دەدەینەوە لیپاولیپە لە تاوان و تاوانکاری دەرحەق بە نەتەوەکەمانەو پڕە لە نموونەی وەك "قارنێ"، بەڵام دەکرێ هەرچەند بە کورتیش بووە "قارنێ" وەك نموونەیەك کە لە قوناخێکی تایبەتی‌دا هەڵکەوتووە، بکەینە دەروازەیەك بۆ خوێندنەوەی رووکارە ناوەیی و لایەنە نا سیاسی‌یەکانی دروستکەری کۆمەڵکوژیی "قارنێ" و نموونەو هاوشێوەکانیشی.

جینایەتی قارنێ بەشێکە لەو پرۆسەی سەرکوت و داپڵۆسێنەی وەك وڵامێك بەرانبەر ئیرادەی کوردبوون و ویستی مافخوازیی کورد لەم بەشەی کوردستان لە لایەن رێژیمی ئیسلامیی تازە دامەزراوەوە و بە فتوای جیهادی رێبەری ئەم رێژیمە دەستی پێ‌کرد. ئەوەی لەم پێوەندی‌یەدا وەك خاڵێکی بنەڕەتی چاوی لێ دەکری بریتی‌یە لە شێوازی روانین و دواتریش رووبەروو بوونەوەی ئەم رێژیمە لەگەڵ جیاوازی‌یەك بە ناوی کورد و دەرکردنی فتوای جیهادیش رەوایی پێ دانی ئایینی‌یە بە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان و نیشانەیەکی دیاری دوژمنایەتیی لە ئاشتی نەهاتووی ئەم رێژیمەیە لەگەڵ هەر ئیرادەیەك کە لە بەرانبەر ئیرادەی یەك رەنگخوازانەی ئەودا هاتبێتە گۆڕێ. ئەوەش لەو عەقڵیەتەوە سەرچاوە دەگرێ کە بیرۆکەی دامەزراندنی رێژیمێکی ئیسلامیی هێنایە گۆڕێ. ئەو عەقلیەتە کە پیێ وایە دەبێ هەموو جیاوازی‌یەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە بۆتەی دەسەڵاتی ئیسلامی‌و وەلی فەقیە دا بتوێنەوە و بە هیچ شێوەیەك رێگە نەدرێ رەنگ و دەنگی جیا لەو رەنگ‌و دەنگەی ئەوان دەیخوازن، سەر هەڵبدەن یا بوونیان هەبێ.

دەرکردنی فتوای جیهاد بۆ قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان لە لایەك دژکردەوەیەکی سروشتیی عەقڵیەتی زاڵ بە سەر ناوەندی دەسەڵات دایەو.

لە لایەکی دیکەوە پەنا بردنە بۆ مێتودی توندو تیژی و سەرکوت بە مەبەستی پاشەکشە کردن بە ئیرادەی کورد بوونی کوردان تاوەکو لەم رێگایەوە زەمینە خوش بکرێ بۆ کارکردن بەو سیاسەتە فەرهەنگی و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یانەی لە سەر بنەمای نەهێشتن و سڕینەوەی کوردبوون وناسنامەی کوردی دارێژراون.

کەواتە دەکرێ بڵێین کوشتاری بە کۆمەڵی دانیشتوانی گوندی قارنێ ئاکامی راستەوخۆو چاوەڕوانکراوی ئەو دڕەندەیی‌یە بوو کە خومەینی لە فتواکەی بە مەبەستی تێك شکاندنی ئیرادەی کورد و تۆڵە ئەستاندنەوە لە کورد سەبارەت بە شتێك کە لە لای ئەو واتای جیاوازی دەگەیاند رەنگی دابۆوە جیاوازی‌یەك کە پێشی بە پێکهاتنی ئەو کەش‌و هەوای ملکەچی‌یە دەگرت کە خومەینی ورێژیمەکەی بە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پتەوبوونی دەسەڵاتی خۆیان دەزانی.

ئەگەر خولقاندنی جینایەتی قرانێ بۆ رێژیمی ئیسلامیی ئێران دژ کردەوە و پەرچەکردارێك بوو بەرانبەر بە ئیرادەی کورد بوون و قسەکردن لە بوونێك بە ناوی کورد، دەکرێ بۆ ئێمەش هۆکارێك بێ بۆ خۆناسینەوەیەك و لە مێژوودا و خۆناسینەوەیەکیش سەبارەت کوردبوونمان.

قارنێ: گوندێکە لە چەند کیلومتریی شاری نەغەدە و لە سەر رێگای پیرانشار ـ نەغەدە هەڵکەوتوە. بە دوای دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران (لە رۆژی ٢٨ی گەلاوێژی١٣٥٨، ١٨ئوتی ١٩٧٩) لە لایەن هێزە چەکدارەکانی رێژیمەوە هێرشی کرایە سەر و ٦٨ کەس لە دانیشتووانەکەی لە رۆژێك دا بە کۆمەڵ کوژران.

سەرچاوە: کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ل ٣٢٠ـ ٣٢١ نووسینی دوکتور عەبدولرحمان قاسملوو، عەبدوڵڵای حەسەن زادە

لە گوڵزاری خاوەران

## یادی قوربانی‌یەکانی کارەساتی هاوینی ١٣٦٧ کرایەوە



رۆژی هەینی ٦ی خەرمانان کەسوکاری قوربانی‌یەکانی قەڵاچۆی چەندین هەزار زیندانیی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧دا، لە "گوڵزاری خاوەران"ی تاران کۆبوونەوە. لەو رێورەسمەدا ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەکان، باوکان، دایکان، هاوسەران‌و هەروەها منداڵانی ئێعدام کراوەکان‌و ژمارەیەك لە ئازادیخوازان بەشدار بوون‌و رێزیان لە یادو بیرەوەریی چەند هەزار زیندانیی سیاسی گرت کە لەم کوشتارە بەکۆمەڵەدا گیانیان لەدەست دا.

خاوەران، شوێنێکە کە ئێعدام کراوەکانی زیندانەکانی "ئێوین"و "گەوهەردەشت" لەوێ لەگۆڕی بی‌ناونیشان‌و بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ بەخاك سپێردراون. یەکەم جار بەدوای دۆزرانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەم شوێنە، پەردە لەسەر جینایەتی گەورەو بێ‌بەزەیی‌یانەی کۆماری ئیسلامی لاچوو و ئەم تاوانە بەرینەی رێژیم ئاشکرا بوو.

بەگوێرەی ئەو زانیاری‌یانەی لەلایەن پاشماوەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن بڵاوبوونەوە، چەندین هەزار کەس بەدوای موحاکەمەیەکی چەند دەقیقەیی بە ئێعدام مەحکووم کران‌و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ژێرخاك کران. زۆبەی نزیك بە تەواوی ئێعدام کراوەکان، کەسانێك بوون کە پێشتر لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە موحاکەمە کرابوون‌و ماوەی مەحکوومییەتی خۆیان تێپەڕ دەکرد. هێندێك لەوان لەبەرەبەری تەواو کردنی ماوەی مەحکوومییەت‌و ئازادی‌دا بوون. زۆربەی کادرەکان‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی رێکخراوی موجاهیدینی گەل‌و رێکخراوەکانی دیکەی موخالیفی کۆماری ئیسلامی وەك بزووتنەوەی فیدایی، حیزبی تودەی ئێران، رێگای کرێکار، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆمەڵە کە لە زیندان دابوون، لەو کوشتارە بە کۆمەڵەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئاشکرا کردنی زانیاری‌یەکانی پێوەندیدار بەم جینایەتەو موحاکەمەی بەرێوەبەرانی، لەو داخوازانەیە کە لەلایەن کەسوکاری قوربانی‌یەکانی ئەم کارەساتەو هێزە ئازادیخوازو دێموکراتەکان، پێی لەسەر داگیراوە. لەئاکامی شێلگیر بوون‌و هەوڵەکانی کەسوکاری قوربانی‌یەکانی ئەم کارەساتەدا، پەردەی ئەستووری بێدەنگیی رێژیم کە بەسەر ئەم تاوانەدا دراوە، تارادەیەك دڕاوەو کۆمەڵگەی ئێران زانیاریی زیاتری لەبارەی ئەم جینایەتە وەدەست هێناوە. زۆر لە کەسوکارە تێکۆشەرەکانی ئەم قوربانییانە، لەڕێگای کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە هەول دەدەن رێبەرانی حکوومەتی ئێران ناچار بکەن مل بۆ پێڕاگەیشتنی قەزایی‌و حوقووقی بەم جینایەتە گەورەیە، ڕابکێشن.

## کۆتایی‌هاتنی بیست‌وهەشتەمین خولی یاری‌یەکانی ئولەمپیك



رۆژی یەکشەممە ٨ی خەرمانان، لە رێورەسمێکی بەشکۆدا لە شاری ئاتێن بیست‌وهەشتەمین خولی یاری‌یەکانی ئولەمپیك دوای ١٧ رۆژ کۆتایی پێ‌هات. لەم یارییانەدا ١٠٥٠٠یاریزان لە ٢٠٢ وڵاتی جیهانەوە لە ٢٨ لقی وەرزشی لە ئاستی ژنان‌و پیاواندا، بەدوای بەڕێوەبردنی ٣٠١ یاریی وەرزشی میداڵەکانی زێڕ، زیوو برۆنزیان دابەش کرد.

یاری‌یەکانی ئولەمپیك گرینگترین رووداوی وەرزشین کە هەر چوار ساڵ جارێك بەڕێوەدەچن. لەم یارییانەدا جیا لە ١٠٥٠٠ یاریزان، ٥٥٠٠ بەرپرس‌و راهێنەری وەرزشی بەشدار بوون‌و ٢١٥٠٠ رۆژنامەنووس کە ١٦٠٠٠ کەسیان هەواڵنێری رادیۆو تەلەڤیزیۆن بوون کە لە یاریگاکان‌و شوێنی بەڕێوەچوونی یاری‌یەکاندا ئامادە بوون. ٧٠ هەزار مەئمووری ئاسایشی یوونان (پۆلیس) ئەرکی پاراستنی یاریگاکان‌و شوێنی حەسانەوەی یاریزانانیان لەسەر شان بووەو رۆژانە ٤٠٠ هەزار جێ خواردنیان بۆ بەشداران ئامادە کردوە.

بودجەی ئەمنییەتیی یاری‌یەکان ٢/١ میلیارد یۆرۆ بووەو بودجەی دەوڵەتی بۆ یاری‌یەکان ٦٤/٤ میلیارد یۆرۆ بووە. هەروەها لە کاتی بەڕێوەچوونی یاری‌یەکاندا ٣/٥ میلیۆن بلیت فرۆشراوەو رۆژانە ١٥٠ هەزار توریست هاتوونەتە وڵاتی یوونان.

**١١**

**بۆ یەکەم جار کۆنفرانسێك لەبارەی**

## ورمێ ـ باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا



لەرۆژانی ٢٤ تا ٢٥ی سێپتامبری ئەمساڵ لە شاری مالمۆی سوئێددا کۆنفرانسێك بە مەبەستی باس لە نەخشی ورمێ ـ باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورددا پێك دێ. لە بانگەوازێك دا کە لەم پێوەندی‌یەدا بڵاوبۆتەوە، هاتوە:

"کوردستانی رۆژهەڵات بە چوار پارێزگا (ئوستان) دابەش کراوە. پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا، بە پێی رەوشی دێمۆگرافی، سیاسی، جوغرافی‌و ستراتیژی رۆڵێکی گرنگ لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورددا کایە دەکا. لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی سیستماتیك هەوڵی گۆڕینی دێمۆگرافیی ناوچە دەداو پیلانێکی زۆری بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەشە لە کوردستان کێشاوە.

بۆ باس‌و گفتگۆو دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی بەکردەوە بۆ بەرز کردنەوەی پرۆفایلی ناوچەو رەوشی خەباتی رۆشنبیری، سیاسی‌و نەتەوایەتیی ناوچە، بانگەوازی هەموو رۆشنبیران‌و خەباتکارانی نیشتمانپەروەر دەکەین بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی ورمێ لە شاری مالمۆی سوئێد..."


بابەتە سەرەکی‌یەکانی کۆنفرانس بە گوێرەی بانگەوازەکە بریتین لە:

- رۆڵی مێژوویی باکووری (رۆهەڵاتی) کوردستان لە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورددا
- ئازەربایجانی رۆژئاواو جوغرافی، گرنگیی ستراتیژیی ئەو دەڤەرە بۆ کوردستان
- سیاسەت‌و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیەدا دژی خەڵکی کوردستان
- خەباتی رۆشنبیری لە ناوچەی ئازەربایجانی رۆژئاوا
- دێمۆگرافیی ئازەربایجان‌و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و چالاکیی پانتورکیزم لە ناوچەدا
- چۆنیەتیی پەرەپێدانی خەباتی نەتەوایەتی‌و رۆشنبیری لە ناوچەدا

ئۆگران‌و خوازیارانی زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە دەتوانن پێوەندی بەم ژمارە تەلەفوونە ٤٠٩١٠٣٤٧٦(٠) ـ ٠٠٣٥٨ و بەم ئیمەیلانە بگرن:

kurmanchakki@yahoo.ocm
xalod@hotmail.com
moheddin@hotmail.com


## ژمارەی تازەی گۆڤاری "ژنان"




لەم دواییانە ژمارە ٩ی گۆڤاری "ژنان" بڵاوبۆوە. لەتازەترین ژمارەی گۆڤاری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، وەك هەموو ژمارەکانی پێشوو کۆمەڵێك وتارو بابەتی جۆراوجۆر لەبارەی ژنانەوە سەرنج ڕادەکێشن. کۆنفرانسی داخوازینامەی ژنی کورد، ئازادیی لەیلا زانا لە زیندانی رێژیمی تورکیە، قاچاخی کچانی ئێرانی، هۆیەکانی دواکەوتوویی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کاریگەریی ئابووریی لەسەر ئازادی ژنان‌و بەتوانا کردنی ژنان، هێندێك لەو رووداو مەسەلانەن کە لەم ژمارەیەی "ژنان"دا بوون بە هەوێنی چەند وتار.

هەلومەرجی ژیان‌و تێکۆشانی ژنان لە وڵاتی ئێران‌و لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا، هەروەها وەزعی ژنان لە وڵاتانی ئەندامی شووڕای هاوکاریی کەنداودا، بەشێك لە لاپەڕەکانی ئەم ژمارەیەی "ژنان"یان بۆخۆیان تەرخان کردوە. لەم ژمارەیەش دا، هەواڵ‌و راپۆرتی چالاکی‌و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان‌و چەندین هەواڵی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، ئێران‌و جیهان وێرای کۆمەڵێك شێعرو نووسینی ئەدەبیی کوڕان‌و کچانی قەڵەم بەدەست، بەرچاو دەکەون.

## کۆماری ئیسلامی کچێکی ١٦ ساڵەی ئێعدام کرد



قازیی بێدادگای شاری"نکا" لە ئوستانی مازەندەرانی ئێران کچێکی ١٦ ساڵەی بەناوی "عاتیفە رەجەبی"ی بەتاوانی ئەنجامدانی کردەوەی نەگونجاو لەگەڵ پاکی‌و پەرەپێدانی فەساد، بە ئێعدام مەحکووم کرد. حوکمی ئێعدامی ئەو مێرمنداڵە لەبەرچاوی خەڵك بەڕێوەچوو.

"عاتیفە رەجەبی" چەند ساڵ لەمەوبەر دایکی لەدەست داو باوکی دوای ژنهێنان وەدوای ژیانی خۆی کەوت‌و کچەکەی بە دایك‌و بابی خۆی (باپیرەو داپیرەی عاتیفە) سپارد.

ئێعدامی ئەو مێرمنداڵە کە بە گوێرەی هەواڵەکان لەباری دەروونی‌یەوە نەخۆش بووەو لە هەموو قرناغەکانی لێکۆڵینەوەو "دادگایی"دا، بێ‌وەکیل بووە، بووە هۆی بێزاری‌و توورەیی بیروڕای گشتی لەنێوخۆو دەرەوەی وڵات. رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردنیش وێرای مەحکوومکردنی ئەم کردەوەیەو توورەیی دەربڕین، داوای لە کاربەدەستانی ئێران کرد هەرچی زووتر چاو بە یاساکانی ئێعدامی لاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵدا بچشێننەوە. بە گوتەی رێکخراوی ناوبراو، عاتیفە دەیەمین مێرمنداڵی کەمتر لە ١٨ ساڵە کە لەدوای ساڵی ١٩٩٠وە ئێعدام کراوە.